پرۆتۆکۆلی بیرمەند و فەرمانڕەوایانی سەهیۆنی

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM
منتدى إقرأ الثقافي

منتدى إقرأ الثقافي
للكتب (كوردى - عربي - فارسي)
www.iqra.ahlamontada.com

وەرگێڕانی:
ڕەمەزان حەمەدەمین قادر

پرۆتۆکۆلی
بیرمەند و فەرمانڕەوایانی سەهیۆنی:

و/ رەمەزان حەمەدمین

چاپی یەکەم
٢٠١٦

- ناوی کتێب: پرۆتۆکۆلی بیرمەند و فەرمانڕەوایانی سەهیۆنی.
- وەرگێڕانی: ڕەمەزان حەمەدەمین قادر.
- بابەت: بیری دەستبەسەرداگرتنی جیهان.
- هەڵەچنی: هۆشەنگ قادر.
- بەرگ: ئیبراهیم ساڵح
- ساڵی چاپ: ٢٠١٧
- چاپخانەی: چوار چرا – سلیمانی.
- تیراژ:(١٠٠٠) دانە
- نرخ:(٦٠٠٠) دینار.
- چاپی: یەکەم.
- لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان ژمارەی سپاردنی (١٩٣٣) ی ساڵی ٢٠١٦ی پێ دراوە

تێبینی:

((مافی چاپ و کۆپیکردنی پارێزراوە)).

Facebook"www.ramazanhamadamin@yahoo.com"

٠٧٥٠٣٤٣٠٦٣٦

٠٧٧٠١٩٠٩٦٥٧

پرۆتۆکۆلی

بیرمەند و فەرمانڕەوایانی سەهیۆنی:

و/ ڕەمەزان حەمەدمین

چاپی یەکەم

٢٠١٦

ڕێز و سوپاس بۆ:

- مامۆستا عوسمان محەمەد/ بە خوێندنەوە و تێبینییەکانی بابەتەکەی جوانتر کرد.
- مۆستا گۆران عبداللە/ خوێندنەوە پاکنووسی کردنی.
- کاک هۆشەنگ قادر/ هەڵەی زمانەوانی.

پێڕست

لاپەڕە	بابەتەکان
٦	پێشەکی:
١٧	پرۆتۆکۆلی یەکەم: بیروڕوا بنەڕەتییەکان (The Basic Doctrine):
٣١	پرۆتۆکۆلی دووەم: شەڕی ئابووری"(Economic Wars):
٣٥	پرۆتۆکۆلی سێیەم: مێتۆدەکانی دەستبەسەرداگرتن (Methods of Conquest):
٤٥	پرۆتۆکۆلی چوارەم: مادەگەرایی شوێنی ئایین دەگرێتەوە(Materialism Replaces Religion):
٤٩	پرۆتۆکۆلی پێنجەم: تازەگەری و دسپۆتیزم(Despotism and Modern Progress):
٥٨	پرۆتۆکۆلی شەشەم: دەستگرتن بەسەر هونەری بەرهەمهێنان (Take – Over Technique):
٦١	پرۆتۆکۆلی حەوتەم: جەنگە جیهانییە فراوانەکان(– World Wide Wars):
٦٤	پرۆتۆکۆلی هەشتەم: حکومەتە کاتییەکان (Provisional Government):
٦٧	پرۆتۆکۆلی نۆیەم: دووبارە پەروەردەکردنەوە (- Re education):

پرۆتۆکۆلی دەیەم: ئامادەکاری بۆ دەستەڵات (Preparing for Power):	٧٦
پرۆتۆکۆلی یازدەم: عەرشی دیکتاتۆری(The Totalitarian State):	٩١
پرۆتۆکۆلی دوازدە: دەستگرتن بەسەر رۆژنامە و بڵاوکراوەکان (Control of the Press):	٩٦
پرۆتۆکۆلی سێزدە: سەرقاڵکردن(Distractions):	١١٠
پرۆتۆکۆلی چواردە:هێرشکردنە سەر ئایین (Assault on Religion):	١١٥
پرۆتۆکۆلی پازدە: چەوساندنەوەی بێبەزەییانە(Ruthless Suppression):	١١٩
پرۆتۆکۆلی شازدە: شوشتنەوەی مێشك(Brainwashing):	١٢٩
پرۆتۆکۆلی حەڤدە: خراپ بەکارهێنانی دەستەڵات (Abuse of Authority):	١٤٥
پرۆتۆکۆلی هەژدە: دەستگیرکردنی نەیارەکان(Arrest of Opponents):	١٥٢
پرۆتۆکۆلی نۆزدە: خەڵك و فەرمانڕەوا(Rulers and People):	١٥٨
پرۆتۆکۆلی بیست: پرۆگرامی دارایی(Financial Programme):	١٦١
پرۆتۆکۆلی بیست و یەك: قەرز و متمانە(Loans and Credit):	١٧٨
پرۆتۆکۆلی بیست و دوو: هێزی ئاڵتوون(Power of Gold):	١٨٤

پرۆتۆکۆلی بیست و سێ: نەریتی ملکەچپێکردن(Instilling Obedience):	١٨٧
پرۆتۆکۆلی بیست و چوار: فەرمانڕەوابیکردنی جۆری (Qualities of the Ruler):	١٩١
سەرچاوەکان:	١٩٥

پێشەکی:

پرسی فەرمانڕوایی کردنی جیهان لەلایەن بیرمەندان و فەرمانڕەوایانی جوو دەگەڕێتەوە بۆ ساتی دابەزینی (تەورات) بۆ (موسا)ی پەیامبەر، لە (تەورات)دا بە روونی ئاماژە بە زیرەکی و دانایی گەلی جوو کراوە، هەروەها بە روونی ئاماژە بەو هەقیقەتە کراوە، گەلی جوو هەڵبژێردراوی خودای ئافرێنەرن، هەریەك لە (ئینجیل) و (قورئان) گەورەیی گەلی جوو لەلایەن خودا دەبەڵگێنن.

بێگومان هزری دەستگرتن بەسەر جیهان و ملکەچپێکردنی مرۆڤایەتی لەلایەن گەلی جوو، دەگەڕێتەوە بۆ چەندین سەدە پێش زاین، ئەگەر بە وردی لە رووداوەکانی میسری فیرعەونی بڕوانین، دەگەین بەو هەقیقەتەی کوڕەکانی(یەعقوب) کە باوان و پێشینەی (سولیمان و داود) بوون، بە لێهاتووانە لە بواری ئابووری و بە سیستەم کردنی دەسەڵات، دەتوانن لە ناوەندەکانی دەسەڵاتی فیرعەونەکان نزیك ببنەوە، لە کۆتاییدا پێگەی باڵایان لە ناوەندەکانی بڕیاردا هەبێت، بە تایبەتی لە سەردەمی دەسەڵاتی خواوەند (ئاموون)دا، هەروەها ئەو رووداوە ئایینی و سیاسیانەی لە دوای نەمانی (ئاموون) بەسەر نەوەکانی (یەعقوی) دادێت، بەڵگەیە لەسەر زیرەکی گەلی جوو و مەترسی فیرعەونەکان لە توانا و بلیمەتیان، چی لەبواری ئابووری و سیاسیدا، دەسەڵاتدارانی میسری ئەو کات بە بڕیارێکی تایبەت، هەموو نەوەکانی (یەعقوب) دەکەن بە کۆیلە و لە موڵك و سامانەکانی بەدەستیانهێنابوو بێبەشیان دەکەن، جووەکان یان نەوەکانی (یەعقوب) لە ژێر بارودۆخی کۆیلایەتی ژیانێکی هەژارانە دەگوزەرێنن، تاکو هاتنی (موسا)ی فریادڕەس، بەپێی پلانێکی ئاسمانی

کە لەلایەن خودا ڕێنوێنی دەکرێت، گەلی جوو لەژێر باری ناهەمواری کۆیلایەتی ڕزگار دەکات.

بەپێی دەق و سەرچاوە مێژووییەکان گەلی جوو بەردەوام هەوڵدەدەن دەستەڵات و سەروەری بۆ خودی خۆیان دەستەبەر بکەنەوە یان بگێڕنەوە دەستی خۆیان، هاوکات دەستبگرن بەسەر هەموو مرۆڤایەتی بەپێی پلان و مەبەستی خۆیان فەرمانڕەوایی جیهان بکەن، بۆ ئەم مەبەستە زانا جووەکان لە ساڵی (٩٢٩ .پ.ن) بیریان لە دانانی پلانێك کردووەتەوە بۆ ئەوەی هەموو جیهان بخەنە ژێر دەستەڵاتی خۆیان و دەوڵەتی گەورەی نەوەکانی ئیسرائیل دابمەزرێنن.

بە تێپەڕبوونی کات دانانی پلان بۆ دەستگرتن بەسەر جیهان هەنگاو هەنگاو بەرجەستەدەبێت، بە تایبەتی لەسەر دەستی ئەو سەرکردە و فەرمانڕەوایانەی بۆ ئەم مەبەستە بەناوی خوازار و لە ناوەندی تایبەت پەروەردەدەکرێن و ئامادە دەکرێن، ئەمڕۆ لە جیهاندا بە (ماسۆنییەکان) ناسراون، لە ڕەوت و کاروانی مێژوودا دید و تێڕوانینی جیاواز لە سەرهەڵدانی ماسۆنییەت هەیە، بەڵام هەموو دید و تێڕوانینەکان کۆك و هاوڕان لەسەر ئەو هەقیقەتەی (ماسۆنییەت) مێژوویەکی دێرینی هەیە و ڕێکخراوێکە بەنهێنی کاری کردووە و کاردەکات بۆ هەڵوەشاندنەوەی بونیادەکانی ئایینی مەسیحی و نانەوەی ئاژاوە و ململانێ لە نێو نەتەوە نا جووەکان، بەپێی بەڵگەکان ماسۆنییەکان لە سەرەتاوە پیاوانی ئایینی مەسیحی و دەستەڵاتدارنی جیهانی ئەو ئایینەیان بە ئامانج گرتووە، دوای هەڵوەشاندنەوە و کۆتایی هێنان بە پرنسیپ و بونیادەکانی ئابووری و سیاسی و ئایینی و کۆمەڵایەتی جیهانی مەسیحییەت، جیهانی ئیسلامی بە هەموو بونیادەکانی بە ئامانج دەگرن.

پلانی نهێنی جوو لە كاروانی مێژوودا بەدەوامی هەبووە، بەڵام لە كۆتایی سەردەمی كلاسیك، بەپێی بەڵگە مێژووییەكان مێتۆدیانە قۆناغ – قۆناغ جێبەجێیان كردووە:

قۆناغی یەكەمی جێبەجێكردنی پلانەكە دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی (٤٢٩. پ.ن)، كاتێك لەسەردەمی پاشا (بێركلیس) پاشای یۆنان، ئەو مارەی لەلایەن ماسۆنییەتی جیهانی كە ڕێكخراوێكی نهێنی جوولەكانە، بە شێوەی هێمایی وێنەی كێشراوە، لە وێنەكەدا مارەكە دەوری هەموو جیهانی داوە، بۆ یەكەمجار هێزی سەربازی و هزری گریكەكان هەڵدەلوشێت، چیتر یۆنان ناوەندی هێز و هزری جیهان نابێت. قۆناغی دووەم لەسەردەمی پاشا (ئۆگۆستۆس)ی ڕۆما، هەموو هێزی ئەو ئیمپراتۆرییەتە هەڵدەلوشێت، لە قۆناغی سێیەم لە سەردەمی پاشا (چارلس)ی پێنجەم، لە ساڵی (١٥٥٢. ن) هەموو هێزی (ئیسپانیا) هەڵدەلوشێت، لە قۆناغی چوارەم: لە سەردەمی پاشا (لویس)ی شازدەم لە ساڵی (١٧٠٠. ن) هەموو هێزی فەڕەنسا هەڵدەلوشێت، قۆناغی شەشەم: لە سەردەمی كەوتنی ناپلیۆن، لە ساڵی (١٨١٤. ن) هەموو هێزی بەریتانیا هەڵدەولوشێت. لە قۆناغی حەوتەم: لە ساڵی (١٨٨١. ن لە (سان پترسبۆرگ) ئەو مارە هێماییە هەموو هێزی ئەلمانیا هەڵدەلوشێت، سیستەمی پاشایەتی تێكدەشكێنێت.

ئەم مارە هێماییەی ڕێكخراوی ماسۆنییەتی جیهانی وەكو ڕێگایەك بۆ دەستگرتن بەسەر جیهان وێنەیان كێشاوە، بونیادی سیاسی و ئابووری و كۆمەڵایەتی هەموو ئەو وڵاتانەی سەرەوەی لەناوبردووە، لە شوێنیاندا حكومەتی بێهێز لە ڕووی بونیادی سیاسی و ئابووری و كۆمەڵایەتی دامەزراون.

پلانی جوولەکان بەردەوامە بۆ دەستگرتن بەسەر جیهان و دامەزراندنی دەوڵەتی گەورەی ئیسرائیل، بەڵام بەپێی قۆناغ و سەردەمەکان شێوازی کارکردن بۆ گەیشتنە بە مەبەستەکانیان گۆڕانی بەسەرداهاتووە و هەمواركراوەتەوە، بە شێوەیەك لەگەڵ قۆناغ و سەدەمەکان گونجاو بووە، لەسەردەمی نوێدا دەبینین جوولەکان لە ڕێگای چەندین کۆنگرە بە بەشداری دەیان سەرکردە و فەرمانڕەوای دیار پلانی دۆزەخیانەی نهێنی بەرێدەخەن، تاکو لە کۆتاییدا بتوانن دەوڵەتی باڵای ئیسرائل دابمەزرێنن.

لەسەردەمی نوێدا فەرمانڕەوایانی ئیسرائیل لە ساڵی (١٨٩٧) تاکو ساڵی(١٩٥١) بیست و سێ کۆنگرەی نهێنیان بەستووە، کۆتا کۆنگەرەیان بۆ یەکەمجار لە (١٤- ٨- ١٩٥١) لە شاری (قودس) بەستووە، لەو کۆنگرەیەدا دانووستانیان لەسەر پرسی دیاردەی گەڕانەی جوولەکان بۆ دەوڵەتی ئیسرائیل کردووە، ڕۆژنامەی (زەمان) لە (٢٨-٨- ١٩٥١) ئامازەی بە کۆنگرەکە کردووە، لە کۆی کۆنگرەکاندا دانووستانیان لەسەر پلانی دامەزراندنی مەملەکەتی جووکانی جیهانی بووە.

یەکەم کۆنگرەیان لە ساڵی (١٨٩٧) لە شاری (بازل) لە وڵاتی (سویسرا) بەستووە، بە سەرۆکایەتی (تیۆدۆر هیرتزل) لەو کۆنگریەدا (٣٠٠) بیرمەند و پێشەوای جوولەکان بەشداریان کردووە، بەشداربووان یان ئەندامانی کۆنگرەکە نوێنەرایەتی (٥٠) کۆمەڵەی جوولەکانی ئەو کاتیان لە زۆربەی وڵاتانی جیهان دەکرد، لە کۆنگرەکەدا بڕیاریان لەسەر جێبەجێکردنی پلانە نهێنییەکەی خۆیانداوە، بۆ ئەوەی هەموو جیهان بکەنە بەندەی ژێر تاجی پاشایەك لە نەوەی (داود) بێت، بڕیارەکانیان زۆر بە نهێنی لە نێوان ئەندامانی کۆنگرەدا دەپارێزرا، تەنها ئەو ئەندامانە دەیانزانی کە لەنێو خەڵك کاریان بۆ جێبەجێکردنی پلانەکە دەکرد، بە شێوەیەك پلانە

نهێنییەکەیان دەپاراست، ئەو گەورە سەرکردانەی جوولەکان کە بەشدار نەبوو لە کۆنگرەکە بە پلانەکەیان نەندەزانی، بەڵام ئاشکرابوون و بڵاوبوونەوەی پلانە نهێنییەکەیان، تاکو ئەمڕۆ بە تەواوی روون و دیار نییە.

بەپێی ئەو بەڵگانەی لەبەردەستادایە، هاوکات سەرچاوەی بنەڕەتی ئەم پرۆتۆکۆلانەیە، بۆ یەکجار خانمێکی (فەڕەنسی) لە کاتی کۆبوونەوەی لەگەڵ یەکێك لە گەورە سەرکردەکانی جوو لە ناوەندێکی نهێنی ماسۆنی لە فەڕەنسا، توانیوەیەتی دزە بە هەندێك بەڵگەنامە بکات، بەڵگە نامە دزە پێکراوەکان، ئەو پرۆتۆکۆڵانەی بیرمەندان و فەرمانڕەوایانی جوو، ئێستا لەبەردەستی ئێوەی خوێنەرەدایە.

ئەم پرۆتۆکۆلانە یەکەمجار دەگاتە دەستی (ئەلێکس نیکۆلا)ی گەورە ئەندامی ئەنجوومەنی پیرانی (روسیا)ی خۆرهەڵات، لە سەردەمی فەرمانڕەوایی قەیسەردا، بەو شێوەیە پلان و حەزە شەڕانگێزانەکانیان لە دژی جیهان بە گشتی و وڵاتی روسیا بە تایبەتی ئاشکرا دەبێت، وەڵ (ئەلێکس) هەوڵدەدات رادەستی کەسێکی متمانە پێکراویان بکات، تاکو وەریانبگێڕێتە سەر زمانی روسی و بڵاویان بکاتەوە، بۆ ئەم مەبەستە رادەستی پرۆفیسۆر (سێرگی نیلۆس)ی(professor Sergyei Nilus) هاوڕیی کرد، بێگومان ئەو زانایە بە وردی لێی روانیوە و خوێندویەتییەوە، هەروەها لەگەڵ رووداوە سیاسییەکانی روویاندابوو بەراوردی کردوون، دوای لێکۆڵینەوە و بەراوردکردنی بە رووداوەکانی روویاندابوو، لە مەترسییەکانی جوو تێگەیشتووە، بۆیە لە پەراوێزی پرتۆکۆلەکاندا پەیپێبردن و پێشبینییەکانی خۆی لەسەر رووداانی چەند رووداوێکی گەورە لە جیهاندا خستووتەڕوو، کە لەدوای چەند ساڵێك

ڕووداوەکان ڕوویانداوە، بە تایبەتی کودەتای کۆمۆنیستەکان بەسەر قەیسەری ڕوسی، مەبەستمان لە کودەتای کۆمۆنیستی (شۆڕشی ئۆکتۆبەری ساڵی (١٩١٧) بەلشەفی ڕوسیایە).

بێگومان خوێندنەوە و بەراوردکردنی پرۆتۆکۆلەکان لەلایەن (سێرگی نیلۆس)ی ڕوسی، کاریگەری لەسەر پێشبینی و پەیپێبردنەکانی هەبووە، چونکە پێش ڕووخانی دەسەڵاتی قەیسەر بە ڕوونی لە نووسینەکانی باس لە تێکشکانی دەسەڵاتی قەیسەری ڕوسی دەکات، هەروەها بە ڕوونی باس لە بڵاوبوونەوە و فەرمانڕەوایی ستەمکارانەی کۆمۆنیستەکان دەکات، هەروەها پێشبینی کەوتنی خەلافەتی عوسمانی لەسەر دەستی جووەکان دەکات، پێش ئەوەی دەوڵەتی ئیسرائیل دروست بێت، هاوکات پێشبینی گەڕانەوەی جووەکان بۆ فەلەستین و دامەزراندنی دەوڵەتی ئیسرائیل دەکات، هەروەها پێشبینی کەوتنی سیستەمە پاشایەتییەکان لە ئەورووپا دەکات، لە دوایدا بە کردار لە "ئەلمانیا، نەمسا، ڕۆمانیا، ئیسپانیا، ئیتالیا" ڕوویاندا، کۆی سیستەمەکانی پاشایەتی ڕەها لە ئەورووپا هەرەسیانهێنا، لە شوێنیان حکومەتی لیبرالی دامەزران، هەروەها پێشبینی ڕوودانی جەنگی جیهانی یەکەم لە نێوان دوڵەتانی زلهێز دەکات، بە ڕوونی ئاماژە بەو هەقیقەتە دەکات، لە جەنگەکە لایەنی سەرکەوتوو و ژێرکەوتوو سودنابینن، بەڵکو ئەوی سود دەبینێت، تەنها جووەکانن، چونکە وڵاتانی بەشداربووی جەنگەکە دەسەڵاتیان لاواز دەبێت و ڕووبەڕووی قەیرانی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی گەورە دەبنەوە، لە بەرانبەردا جووەکانی نیشتەجێی ئەو وڵاتە بەشەڕهاتووەکان دەبنە خاوەنی زۆرترین سەروەت و سامان، هاوکات لە پێشبینییەکانیدا دەڵێت: بیرمەند و فەرمانڕەوایانی جوو دەسەڵاتداران پاڵدەنێن بۆ نێو

جەنگ و ئاژاوە، بۆ ئەوەی تێکیانبشکێنن و لەناویانبەرن، هەروەها پێشبینی قەیرانی ئابووری نێودەوڵەتی دەکات، پێشبینی بونیادنانی ئابووری لەسەر بنەمای ئاڵتوون دەکات، کە پێشتر بەپێی پلانی داڕێژراو سەرمایەدارانی جوو هەوڵیانداوە زۆربەی ئاڵتوونی جیهان بۆ خۆیان قۆرخ بکەن، بێگومان (سێرگی نیلۆس) پێشبینی زۆر رووداوی دیکەی کردووە، زۆربەی پێشبینی و پەیپێبردنەکانی وەکو خۆیان روویانداوە.

سەبارەت بە پرسی چۆنییەتی بڵاوبوونەوەی پرۆتۆکۆڵەکان– دوای ئەوەی لە ناوەندێکی ماسۆنی لە فەڕەنسا دزەی پێدەکرێت، لە ساڵی (١٩٠١) دەگاتە دەستی پرۆفیسۆر (سێرگی نیلۆس)ی روسی، لە ساڵی (١٩٠٢) بۆ یەکەمجار ژمارەیکی کەم بە زمانی روسی لە کتێبەکە چاپ دەکات، مەبەست و ویستی دۆزەخیانەی جووەکان دەخاتەڕوو، دوای ئەوەی بۆ یەکەمجار پرۆتۆکۆڵەکان لە روسیا بڵاوبوونەوە، خەڵك بە گشتی لە ناوەڕۆکی پرۆتۆکۆڵەکان بێزار و توڕەبوون، لەبەر ئەوەی لە پلانی شەڕانگێزی جووەکان دەترسان، چونکە بە روونی دژی ئارامی و بەختەوەری خەڵکی نا جوو بوو، خەڵکی روسیا بە هەموو شێوەیەك لە دژی جووەکان وەستانەوە، چەندین کەسایەتیان لێ کوشتن، تەنها لە یەك شوێن نزیکەی (١٠) هەرزار کەسیان لە جووەکان کوشت.

دوای ئاشکرابوونی پلان و مەبەستەکانینان، گەورە فەرمانڕەوا و سەرکردەی ئەو کاتی جووەکان(تیۆدۆر هێرتزل) کە لەسەردەمی رۆشنگەری بە (باوك) و (موسا)ی جووەکان ناسرا بوو، لەسەر بڵاوبوونەوە نهێنییەکانیان زۆر بێزار و توڕەبوو، لە روونکردنەوەیەکی بە نهێنییدا دەڵێت: ئەو پرۆتۆکۆڵانە لە (قودس)ی پیرۆز لەلایەن کەسانێك

دزراون، ئاشکرابوونیان پێش کاتی خۆی، ئاشکرابوونی پلان و مەبەستە نهێنییەکانمان بوو.

دوای بڵاوبوونەوەی پرۆتۆکۆلەکان، جووەکان بە هەموو شێوازێك بەرگریان لە خۆیان دەکرد، دەیانگووت ئەو پرۆتۆکۆلانە کاری ئێمە نییە، بەڵکو بە مەبەستی ناشرین کردن و تاوانبارکردنمان لەلایەن نەیارەکانمان نووسراون و بڵاوکراونەتەوە، بەڵام جیهان باوەڕی پێیان نەدەکرد، چونکە ڕووداوەکانی ڕوویاندابوو بەراورد بە دەقی پرۆتۆکۆلەکان، هەقیقەتی مەبەستی جووەکانی دەبەڵگاند.

لە هەنگاوی یەکەم بۆ پەردەپۆش کردنی ئاشکرابوونی پلانی مەبەستەکانیان دەستیانکرد بە کڕینەوەی کتێبەکان بە نرخێکی زۆر و سوتاندنیان، بەڵام سەرکەوتوو نەبوون، بۆیە پەنایانبرد بۆ ئاڵتوون و ژن و هەڕەشەکردن لەو کەسانەی بڵاویاندەکەنەوە، هەروەها لە ڕێگەی سەرکردە و فەرمانڕەواکانای خۆیان لە وڵاتانی ئەورووپا بەگشتی و وڵاتی بەریتانیا بە تایبەتی، تاکو لە ڕووی دیبلۆماسی گوشار بخەنە سەر (روسیا) کوشتنی جووەکان بوەستێنێت و کتێبی پرۆتۆکۆلەکان دەستبەسەردابگرێت، دوای هەوڵ و کۆششێکی زۆر توانیان سەرکەوتوو بن.

لەدوای ئارام بوونەوەی دۆخەکە، جارێکی دیکە (نیلۆس) لە ساڵی (١٩٠٥) دووبارە کتێبەکەی بە پێشەکی و ڕوونکردنەوە و پەپێبرەن و پێشبینییەکانی خۆی دووبارە چاپدەکاتەوە، بەڵام زۆر بەخێرایی جووەکان هەموو کتێبە چاپکراوەکانیان بە نهێنی لە بازاڕدا کۆکردەوە و سوتاندیانن، واتە زۆر بەخێرایی لە ماوەیەکی کورتدا چاپی دووەمی

پرتۆكۆڵەكان لەناو دەبردرێن، لە ساڵی (١٩١١) جارێكی دیكە چاپكرایەوە، بە هەمان شێوەی چاپی دووەم كتێبەكان كۆكرانەوە و سوتێنران، كاتێك لە ساڵی (١٩١٧) چاپكرایەوە، بەلشەفییە كۆمۆنیستەكان لە شۆڕشی ئۆكتۆبەری ساڵی (١٩١٧) ئیمپراتۆریەتی قەیسەریان روخاند و دەستەڵاتیان گرتەدەست، كۆمۆنیستەكان سەرجەمی كتێبەكەیان دەستبەسەرداگرت و رێگەیان نەدا بڵاوبێتەوە، لەبەر ئەوەی زۆربەی دەستەڵاتدارانی بەلشەفی ئەندامی رێكخراوە نهێنییەكانی ماسۆنییەت بوون، بە واتایەكی دیكە لە سەركردە جووەكان بوون یان نوێنەری جووەكان بوون، لەو كاتەوە كتێبی پرۆتۆكۆلەكان لە روسیا چاپ نەكراوەتەوە.

لەگەڵ هەموو ئەو رێكارانەی جووەكان بۆ لەناوبردنی پرۆتۆكۆلەكان پەیرەویان دەكرد، یەك دانە لە كتێبی پرۆتۆكۆلەكان كە لەساڵی (١٩٠٥) لە روسیا چاپكرابوو، واتە چاپی دووەمی بە پێپێبردن و پێشبینی و لێكدانەوەكانی (نیلۆس) گەیشتبووە مۆزەخانەی بەریتانیا(British Museum) لە (لەندن)، مۆری مۆزەخانەی لێدرا و مێژووی وەرگرتنی لەلایەن مۆزەخانە لەسەر تۆماركرابوو، كە مێژووی (١٠ – ٨ – ١٩٠٦) لەسەر تۆماركراوە، ئەو كتێبە تاكو رووداني كودەتای كۆمۆنیستەكان لە ساڵی (١٩١٧) لە رووسیا، لە مۆزەخانەی شاری لەندەن فەرامۆشكرابوو، بەڵام لە كاتی كودەتای بەلشەفییە كۆمەنیستەكان، رۆژنامەی مۆرنینگ پۆست(Morning Post) مامۆستا (ڤیكتۆر مارسیدن – Victor E. Marsden) هەڵدەبژێرێت وەكو پەیامنێر گەشت بۆ روسیا بكات، پێش ئەوەی پەیامنێری ناوبراو گەشت بكات، سەردانی مۆزەخانەی لەندەن دەكات، دەیەوێت هەندێك

کتێب سەبارەت بە ڕوسیا بخوێنێتەوە، لە نێو کتێبەکان کتێبی پرۆتۆکۆلەکان دەخوێنێتەوە، درکی مەترسی پرۆتۆکۆلاتەکان دەکات، هەروەها پێشبینییەکانی (نیلۆس) دەخوێنێتەوە، کە پێش (١٢) ساڵ لە ڕوودانی کودەتای کۆمۆنیستەکان، پەیبردبوو بە ڕووخانی ئیمپراتۆری قەیسەری ڕوسی لەلایەن کۆمۆنیستەکان، لەبەر گرنگی پرۆتۆکۆلەکان ڕۆژنامەنووس (مارسیدن) لە مۆزەخانەی لەندەن دەمێنێتەوە و گەشت بۆ ڕوسیا ناکات، دەستدەکات بە وەرگێڕانی پرۆتۆکۆلاتەکان و دەقی پەیپێبردن و پێشبینییەکانی (نیلۆس)، بۆ سەر زمانی ئینگلیزی، دوای تەواو بوونی لە هەمان ساڵ چاپی دەکات و بڵاوی دەکاتەوە، چەندین جار لەدوای یەك چاپ دەکرێتەوە.

لە ساڵی (١٩٢١) چاپی پێنجەم و کۆتایی بە زمانی ئینگلیزی بڵاودەکرێتەوە، ئەوەی ئێستا بە کوردی لەبەردەستی تۆی خوێنەرە، لە عەرەبی کراوە بە کوردی، کە لەچاپی پێنجەمی ئینگلیزی وەرگێڕدرابوو بۆ سەر زمانی عەرەبی، بەڵام وەکو نووسەری ئینگلیز(دۆگلاس ڕید) دەڵێت: لە دوای چاپی پێنجەم هیچ وەرگێڕێك یان نووسەرێك لە بەریتانیا و ئەمریکا نەوێراون کتێبی پرۆتۆکۆلەکان چاپ و بڵاو بکەنەوە، لە ترسی ڕێکخراوە نهێنییەکانی جوو.

پرۆتۆکۆلەکان بۆ چەندین زمانی دیکە وەرگێڕدراوە، لە ساڵی (١٩١٩) وەرگێڕدراوەتە سەر زمانی ئەلمانی و لە(بەرلین) چاپ و بڵاوکراوەتەوە، بەڵام زۆربەی ژمارەکانی لەلایەن جووەکان لە بازاڕدا کۆکراوەتەوە و لەناوبردراوە، هەڵبەتە جووەکان بە هەموو شێوازێك هەوڵیانداوە مەترسی پرۆتۆکۆلاتەکان(Brotocols Peril) بشارنەوە، بۆ ئەوەی جیهان بە پلانە دۆزەخیەکەیان نەزانێت.

لەساڵی(١٩٤٧) لەلایەن (محەمەد خەلیفە تونسی) لە زمانی ئنگلیزی وەگێڕدراوەتە سەر زمانی عەرەبی، لە ڕۆژنامەکان بە چەند بەش بڵاوکراوەتەوە، لە ساڵی (١٩٥١) وەکو کتێب چاپ دەکرێت و بڵاودەکرێتەو، لە دوایدا لەلایەن چەندین نووسەر و بیرمەند و ئەدیبی دیکەی عەرەبی وەرگێڕدراوەتە سەر زمانی عەرەبی، ئێستا کتێبی پرۆتۆکۆلی فەرمانڕەوایانی جوو، بە زمانی عەرەبی چەند چاپێکی هەیە، لە ناوەندەکانی چاپ و بڵاوکردنەوەی جیهانی عەرەبی بە ژمارەی زۆر دەستی خوێنەران دەکەوێت.

ڕەمەزان حەمەدمین

کۆیە

١٠-١٠-٢٠١٦

پرۆتۆكۆلی یەکەم:

بیروبڕوا بنەڕەتییەکان:

:(The Basic Doctrine)

١- ئێمە ڕاشکاوانە، گفتوگۆ لەسەر کۆی بەڵگەی تێڕامانەکانمان دەکەین، لە ئەنجامی گفتوگۆکان دەگەین بە ڕوونکردنەوەی بەسود لەسەر بنەمای بەراوردکردن و هەڵهێنجان.

٢- لەسەر ئەو مێتۆدە ئایدیای سیاسەتکردنما و سیاسەتی نەتەوەییەکان (Goys)[1] دەخەینەڕوو، مەبەست لە چەمکی نەتەوەییەکان:(پێناسەی خودی جووەکانە بۆ هەموو نەتەوەکانی دیکە "Gentiles").

٣- پێویستە تیبینی ئەو هەقیقەتە بکەین، خەڵکی لادەر و بەدڕەوشت ژمارەیان لە خەڵکی جووامێر و بەرەوشت زیاترە، کەوانە باشترین ئەنجام بۆ فەرمانڕەواییکردنی جیهان توندوتیژی و ئیرهابە، لە بری دانووستانی ئەکادیمی(academic)، بە سروشتی هەموو مرۆڤێك بەدوای هێزدا دەگەڕێت، هەموو تاکێك دەیەوێت ببێت بە دیکتاتۆر، ئەگەر لە توانایدابێت، بەڵام کەس بە مەبەستە خودییەکانی ناگات، ئەگەر بەرژەوەندی ئەوانی دیکە وێران نەکات.

---

[1]- (Goys) یان نەتەوەییەکانی دیکەی نا جوو: لە دیدی جووەکان وشەی (Goys) واتە " گومڕاکان، دوانەپەستەکان، ئاژەڵەکان"، بەوپێیە جووەکان بە چاوی قین و بێزراوی و بوغزاندن و دووڕوویی دەڕواننە نەتەوەکانی دیکەی نا جوو.

٤- چی جلّەوی ئەو دڕندە کێویەی کردوو، لە دڕندییدا پێی دەڵێن مرۆڤ؟ کێ تاکو ئێستا فەرمانڕەوایی ئەو دڕندەیەی کردووە.

٥- مرۆڤ لەسەرەتای ژیانی کۆمەڵایەتی چووەتە ژێر هەژموونی هێزی دڕندانەی کوێر، بەتێپەڕبوونی کات پابەندی یاسا بووە، بەڵام هەقیقەتی یاسا چییە؟ یاسا هێزێکی باوەڕپێکراوی خودییە، لەسەر بنەمای ئەو تێگەیشتنە یاسای سروشتی ئەوەیە: (ماف بەهێز بەرجەستەدەبێت).

٦- ئازادی سیاسی هەقیقی نییە، بەڵکو تەنها ئایدیایە، پێویستە مرۆڤ بزانێت لەکاتی پێویست چۆن ئەو ئایدیایە گەلالەدەکات، تاکو چێژی هەبێت، لەڕێگای چێژ خەڵك بۆ لای خۆی رابکێشێت، بەوشێوەیە ئەگەر مرۆڤ بڕیاریدا نەیارەکەی لە دەسەڵات لابدات، ئەوە ژیانی نەیارەکەی دەکات بە کێشە، ئەگەر نەیارەکەی هەلگری ئایدیای ئازادی(FREEDOM) بوو، کە پێی دەگووترێت ئازادیخواز(Liberalism)[1]، ئەو کاتەی دەسەڵات دەگرێتەدەست،

[1] - ئازادیخوازی(Liberaly): زیاتر تەرزێکی رەفتارییە، کەمتر مێتۆدێکی ئەقڵییە لە هزری سیاسیدا، لەبنەمادا (Liberaly): ئازاد بوونی تاکە لە هەموو ئەو دابونەریت و یاسا و رێسایانەی کۆمەڵگە لەبەردەم ئارەزوو و حەزەکانی تاك دایناوە، دوای ئەوەی تاك ئازاد دەبێت، ژیانی تایبەتی خۆی بەپێی ویژدان و تەرزی هزرینی خودی خۆی ئاراستەدەکات. لە بنەماوە چەمکی (لیبرالی) لەبەرانبەر چەمکی ئازادیخوازی بەکارهاتووە، بۆ ئەوەی چەمکی ئازادی و ئازادیخوازی تێکەڵ یەکدی نەبن، چونکە دوو چەمکی جیاوازن لە یەکدی، چەمکی ئازادی — ئازادبوونی مرۆڤە لە هەموو کۆت و بەندێك، بەڵام زۆرجار ئازادیخوازی چەمکەکانی دادپەروەری و ویژدان و مەعریفە، ئەخلاق دەگرێتەوە.

له پێناوی چەمکی ئازادی دەستبەرداری هەندێك له دەستەڵاتەکانی خۆی دەبێت، له ئەنجامدا ڕووبەڕووی کێشە دەبێتەوە. لەسەر ئەو بنەمایە ئایدیاکەمان بەرەو سەرکەوتن دەچێت، چونکە قەیرانی حکومەتە دابڕاوەکان، چوونە ژێرباری یاساکانی ژیانە، ئەو حکومەتانە لەلایەن کەسانێکی دیکە دەستیانبەسەرداگیراوە، ئەو حکومەتە نوییەی دەستەڵات دەگرێتەدەست دەتوانێت چی بکات؟ تەنها دەتوانێت شوێنی دەستەڵاتە کۆنەکە بگرێتەوە، وەڵێ حکومەتە نوێیەکە بە ئایدیای ئازادیخوازی بە دەستەڵات گەیشتووە، ئەوە پێویستە ئازادی بەقرار بکات، هەڵبەتە ((هێزی جەماوەری کوێر یەك ڕۆژ بەبێ سەرکردە ناتوانێت لەسەرپێی خۆی بوەستێت))، ئەوە حکومەتە نوێیەکە لەلایەن سەرکردەیەکی نوێی بەڕێوەدەبرێت.

٧- لەسەردەمی ئێستادا دەستەڵاتی ئاڵتوون بەسەر سەرکردە و فەرمانڕەوا نوێیە ئازادەکان(Liberal) باڵادەستە، هاوکات ئەو سەردەمە گوزەشت کە ئایینەکان فەرمانڕەواوبوون، پیاوانای ئایینی سەرکردەی گەلان بوون! بەڵام ئایدیای ئازادی بە سەرکردە و فەرمانڕەوا نوێیەکان بەرجەستەنابێت، چونکە هیچ کەس ناتوانێت، ئازادی هەقیقی بە بە پراکتیکی پەیڕەو بکات. ئەوەندە بەسە بۆ ماوەیەکی کورت فەرمانڕەوایی ئۆتۆنۆمی بەگەل بدرێت، بۆ ئەوەی ئەو گەلە بەبێ جیاوازی هاوڵاتی حکومەتە ئازادیخوازەکەبن، لەو ساتەوە ناکۆکی و جیاوازی لە نێویان دەستپێدەکات و بەخێرایی ناکۆکی و جیاوازییەکان گەشەدەکەن و بڵاودەبنەوە، لە ئەنجامدا شەڕی کۆمەڵایەتی سەرهەڵدەدات، دەوڵەت گڕدەگرێت و کاریگەرییە خراپەکانی شەڕی کۆمەڵایەتی هەمووان لە دژی هەمووان، بەخێرایی هەموو لایەکی وڵات دەگرێتەوە.

٨- هەژانی ناوخۆیی سەروەری دەوڵەت لەناودەبات یان شەڕی ناوخۆیی سەروەری دەوڵەت رادەستی دوژمنێکی دەرەکی دەکات، لە هەردوو حالەت ئەو دەوڵەتە لە هەموو روویێك وێران دەبێت و دەکەوێتە ژێر دەستی ئێمە، ئەگەر دەستەڵاتی دارایی - هەموو دارایی لەدەستی خۆماندابێت، ئەو دەوڵەتەی رووبەرووی شەڕ و وێرانکاری دەبێتەوە هەموو شتێك لەدەست دەدات، هیچ رێگارەچەیەکی پەیوەستبوونی نابێت، تەنها ئەوە نەبێت بۆلای خۆمان بگەڕێتەوە، ئەگەر ئەوە نەکات، بێگومان دەکەوێتە گێژاو و هیچ رێگاچارەیەکی دیکەی نابێت، تەنها گەڕانەوە بۆ لای ئێمە نەبێت، چونکە دارایی حکومەت کە خۆی لە داهات و یەدەگی ئەو وڵاتە دەبینێتەوە لە دەستی ئێمەدایە.

٩- کێ کاریگەرە بە دژی ئازادیخوازی، ئامانجەکان گومان بەخشن، توێژینەوەکانی لەسەر دژی ئازادیخوازی کراوە، دژبەری ئەخلاقن، ئەم پرسیارە دەکەین: لەبەر چی ئەو دەوڵەتانەی لەلایەن دوژمنان هەڕەشەیان لێدەکرێت، ئەخلاقی دووژمنەکەیان رەتناکەنەوە، سەرەتا پێویستە چەمکی دووژمن روون بکەینەوە، کە دوو جۆری هەیە: "دوژمنی ناوخۆیی و دوژمنی دەرەکی"، ئەو ئامرازانەی بۆ بەرگریکردن لە بەرانبەر یەکەم بەکاریدەهێنرێت جیاوازە لەو ئامرازەی بەرانبەر دووەم بەکاریدەهێنرێت، پلانی بەرگریکردن لە دوژمنی ناوخۆیی بە نهێنی دادەنرێت و بە شەو هێرشی بۆ دەکرێت یان بەهێزی گەورە هێرش دەکات و لەناویان دەبات؟

ئایە لەبەر چی ئەو دەوڵەتەی لەلایەن دەوڵەتێکی دیکە هێرشی دەکرێتەسەر پێویستە ئەخلاقی دەوڵەتی دووژمن رەتبکاتەوە، کە ئەو

ئامرازانە بەکاردەهێنرێت لە دژی بنەماکانی ژیان و بەختەوەرییەکان، پێویستە لەناویان ببات؟

١٠- ئایە ئەقڵێکی لۆژیکی تەواو دەتوانێت لە فەرمانڕوابییەکی شێواودا هیوای فەرمانڕەوابیەکی سەرکەوتوو لە رێگای گفتوگۆ و دانووستان بخوازێت، لە کاتێکدا دەتوانێت ئەو گفتووگۆ و دانووستانانە بە گفتووگۆ و دانووستانی دیکە رزگاربکرێت، لەوانەیە گفووگۆکانی دیکە پێکەنیناوی بن، ئەو گفتووگۆیە فۆرمێکی پێدەبەخشێت گەل زیاتر سەرسامی دوژمن بێت، بەو شێوەیە گەل ناتوانێت بە جووانی بیربکاتەوە، بەڵکو دەکەونە دوای سۆزە بێواتاکان و نەریت و نیۆرە سۆزدارییەکان. کاتێك کەسێك لە نێو حەشیمەتی لەخۆبایی و گەمژە دەردەکەوێت، رۆدەچنە نێو ناکۆکی حیزبایەتی، هەموو تواناکانی رێکەوتن بۆ ژیان پەکدەخەن، ئەگەر رێکەوتنەکان لەسەر بنەمای گفتوورگۆی راست و دروستیش بێت. ئەگەر بڕیارەکانی لە رێکەوتنەکە دەردەچن، تاکە دەرفەتی ژیانی خەڵك بێت یان زۆرینەی بڕیارەکان بۆ چارەسەری کێشەکانیان بێت، ئەوە بەهۆی پێداگریی سیاسیانە حەشیمەتی گەمژە چارەسەری قێزەون دەخرێتە روو، هاوکات چارەسەری قێزەون تۆیی ئاژاوە لەنێو حکومەتدا دەچێنێت.

١١- سیاسەت لە هیچ شتێك لەگەڵ ئەخلاق یەکانگیر نابێت، ئەو فەرمانڕەوایەی ئەخلاقی هەیە سیاسییەکی لێهاتوو نییە، چونکە فەرمانڕەوای بە ئەخلاق لەسەر عەرشەکەی بەردەوام نابێت. بێگومان پێویستە فەرمانڕەوا رووبکاتە فێڵ و درۆکردن، سروشتی مرۆڤی باڵا لە پاکیدایە، دەستپاکی سیاسەت خراپ دەکات، کەواتە دەستپاکی ئاژاوە دەخاتە نێو عەرشی دەستەڵات، ئاژاوەکەی گەورەترە لەو ئاژاوەی دوژمن

دروستی دەکات، ئەو تایبەتمەندیەی فەرمانڕوا، پێویستە تایبەتمەندی فەرمانڕەوای گەلانی دیکە بێت، واتە تایبەتمەندی فەرمانڕەوایانی گەلی جوو نەبێت، بەڵام ئێمەی جوو ناچارنین بە بەردەوامی رەخنەیان لێبگرین.

١٢- مافی ئێمەی جوو بە هێز بەرجەستەدەبێت، ئەگەرچی چەمکی (ماف) ئایدیایەکی ئەبستراکتە، هیچ بنەمایەکی نییە، بەڵکو چەمکێکە زیاتر ئاماژەیە بۆ ئەم دەستەواژەیە: ((ئەوەم پێبدە کە دەمەوێت بۆ ئەوەی بتوانم بە بەڵگە بسەلمێنم من لە تۆ بەهێزترم)).

١٣- ماف لەکوێ دەستپێدەکات و لەکوێ کۆتای دێت؟

١٤- کام دەوڵەت دەتوانێت هێزی خۆی رێکبخات، سەروەری یاسا تیایدا یاخی دەبێت، کەسایەتی فەرمانڕەوا بە ئاراستەیەکی نەزۆك گوزەر دەکات، بەهۆی دوژمنایەتی کردنی ئازادی هاوڵاتیان، ئەمە هەڵەیەکی نوێیە بۆ هێرشکردنە سەر ئەو دەستەڵاتە، بە سودبینین لە بەکارهێنانی بۆ پەکخستن و لەناوبردنی سەروەری یاسا و سیستەمی بونیادنراو، هەروەها دەستگرتن بەسەر رێساکان و دووبارە رێکخستنەوەی هەموو دەزگاکانی دەوڵەت، بەو شێوەیە دەبین بە دیکتاتۆ لەسەر ئەو کەسانەی بە ئارەزووی خۆیان، لەپێناوی ئازادی دەستبەرداری هێزی خۆیان بوون، هاوکات بە خودی خۆیان هێزی خۆیان بە ئێمە بەخشی.

١٥- ئەو دۆخە شێواوەی لە ئێستادا بۆ هێزی گەلان لە ئارادایە، هاوکات هێزی ئێمە لە هەموو هێزەکانی دیکە تۆکمەترە، لەبەر ئەوەی هێزەکەمان تاکو ئەو ساتە سەرکەوتووە، لەداهاتوو هێزەکەمان بە ئاستێك دەگات، هیچ پیلانێکی فێڵاوی ناتوانێت لەگەڵیدا هەڵبکات.

١٦- لەسایەی ئەو فەسادی و گەندەڵی و بەدڕەوشتیانەی لەنێو نەتەوەییەکان لەئارادایە، کە فەرمانڕەوا فێڵبازەکانیان ڕوویان تێکردووە و برەوی پێدەدەن، سودەکانی فەرمانڕوایکردنی بەکلاکەرەوە دەردەکەوێت، بۆ دووبارە بونیادنانەوەی سیستەمی ئەو ژیانە سروشتییەی ئارەزووی ئازادیخوازی وێرانی کردووە. مەبەست پاساوی بەدەستەوەدانی هۆکارە، پێویستە لەسەرمان پیلانی خۆمان دابنێین، بەدوای لایەنی چاکە و ئەخلاق نەگەڕێین، بەراورد بە گەڕان بەدوای ئەوەی پێویست و بەسودە بۆ مەبەستەکەمان.

١٧- پلانێکمان لەبەردەستدایە، لە سەرووی ئەو پلانە هێڵێکی ستراتیجیمان(Strategie) داناوە، نابێت و ناکرێت لە ستراتیجی ئەو هێڵە لابدەین، ئێمە لە کاری تێکدان رابردوومان هەیە، چونکە ((لە سەدەکانی رابردوو کاری تێکدانی زۆرمان کردووە)).

١٨ –ئەوەی بیەوێت پلانی کارێکی گونجاو لەگەڵ خودی خۆی جێبەجێ بکات، پێویستە لە هزری خۆی بەئاگا بێت لە گۆڕانی ڕق و بێزاری خەڵك، هەروەها بەئاگابێت لە پێویستی خەڵك بۆ سەقامگیری، هەروەها لە بێتوانایی تێگەشتنی خەڵك و پێشبینی کردنی دۆخی ژیان و بەختەوەریان بەئاگابێت، پێویستە بزانێت هێزی حەشیمەتی کوێر بەتاڵە لە ئەقڵیی لۆژیکی، ئەو حەشیمەتەی لە بیستنی ڕاست و چەپ دۆشدادەمێنێت.

((ئەگەر کوێر پێشەوایەتی کوێر بکات، ئەوە بەجووتە دەکەون))، تاکەکانی ئەو کۆمەڵگەیەی لە دەزگاکانی دوڵەت پۆستیان هەیە و بەرپرسیارن، ئەگەر چی کەسانی لێهاتوو و بەهرەمەندیشبن، ناتوانن

دەزگاکان بەڕێوەببەن، چونکە سەرکردەکانیان کوێرن و ناتوانن دەستەڵات بەڕێوە ببەن، بۆیە گەل تەنها گەل لەناودەبات.

١٩- هیچ کەس ناتوانێت وشەیەکی لێکدراو لە ئەلف و بێی سیاسی بخوێنێتەوە، تەنها ئەوانە نەبێت بۆ پاشای ئۆتۆکراتی(autocratic) پێگەێندراون.

٢٠- گەل بۆ خودی خۆی جێهێڵدراوە یان بۆ کەسە چاکەکانی ئێمە، کە لەنێو دەزگاکانی دەوڵەت کاردەکەن، بەو شێوەیە ناکۆکی حیزبایەتی گەل وێران دەکات، ئەو ناکۆکییانەی لە ئەنجامی دەستگرتن بەسەر هێز و یەکدی دوورخستنەوە لە جوومگەکانی دەستەڵات هاتووەتە ئاراوە، کەوانە حیزبەکان بەردەوام هەژان و ئاژاوە و شلەژان دەخولقێنن. ئایە خەڵك دەتوانێت بە ئارامی دوور لە ئیرەیی، ئەو کەسە دیاری بکەن، بۆ ئەوەی کاروبارەکانی دەوڵەت وەك پێویست هەڵبسوڕێنێت، نەکەونە ژێر ئارەزووە خودییەکانیان؟ ئایە ئەو کەسەی گەل دیاریدەکات، دەتوانێت ببێت بە پارێزەری دەوڵەت لە دژی دوژمنی دەرەکی؟ لە بواری پلانی هەڵسوڕاندنی کاروبارەکانی دەوڵەت و پارێزگاریکردن لە دەوڵەت، پلانەکە دابەش بووە بۆ زۆر بەش، بەشەکانی پلانەکە هاوتای ژمارەی ئەقڵیی تاکەکانی کۆمەڵگەیە، بۆیە ئەو پلانە بەهای خۆی لەدەستداوە، لەبەر ئەوە پلانی هەڵسوڕاندن و پارێزگاریکردن لە دەوڵەت نالۆژیکییە، شیاوی جێبەجێکردن نییە.

٢١- لەسەر بنەمای ئەو تێڕوانینە: تەنها دەستەڵاتی ئۆتۆکراتی(autoctrat) دەتوانێت پلانێکی فرەرەهەند دابڕێژێت، بۆ هەر بەشێکی دیاریکراوی پلانەکە پەیمان بە ئەندامێك لە دەزگاکانی

حکومەت دەدات، ئەو راستییە هەڵدەهێنجین، بەختەوەری وڵات بەرجەستە دەبێت، ئەگەر حوکومەتی وڵاتەکە لەژێر دەستەڵاتی یەك تاکە کەسی بەرپرس دابێت، کەواتە بەبێ ستەمکاری رەها شارستانیت بونیاد نانرێت، چونکە شارستانییەت ناتوانێت بگەشێتەوە و دەربکەوێت، تەنها لەژێر چاودێری یەك فەرمانڕەوا نەبێت، گرنگ نییە ئەو فەرمانڕەوایە چ جۆرە مرۆڤێکە، گرنگ ئەوەیە فەرمانڕەوایەکی ئۆتۆکرات بێت، کەواتە نابێت حکومەت لەژێر دەستی گەلدا بێت. ((خەڵکی بەربەر لە هەموو بۆنەیەك رەفتاریان بەربەرییە))، کەواتە چۆن دەستەبەری ئازادی خەڵك بکرێت، تاکو بەخێرایی ئاژاوە روونەدات، ئاژاوە لە خودی خۆیدا لوتکەی بەربەرییەتە، سەرچاوەکەی ئازادی خەڵکە.

-٢٢ بەخودی خۆتان بڕواننە ئەو ئاژەڵە مەستانەی(alcehololised) شراب تێکیداون، ئەگەر سەرنجیانبدەین لەپشتی ئازادی سودی بێسنوریان بینیوە! ئایە رێگە بە خودی خۆمان و نەوەکانمان دەدەین هەمان رەفتار بکەین؟ لەنێو مەسیحییەکاندا خەڵکانێك شەراب بەلارێیدابردوون، گەنجە شێتەکانیان بە مۆدێلەکانی کلاسیکی(Classics) گۆڕان، نوێنەر و مامۆستا و خزمەتکار و دادەکانما کە لەماڵە زەنگینە مەسیحییەکان کاردەکەن، هەروەها نووسەرانمان(Clerks)، بە رەفتاری مەسیحییە پێشینەکان فریویان خوارد، هەروەها هەموو ئەو جوولەکانەی لەگەڵ مەسیحییە پێشینەکان دەژیان، هەروەها ئەو ژنە جوولەکانی لە یانەکانی کاتبەسەربردن کاریان دەکرد فریویان خوارد و هەڵخەڵەتان، بە تایبەتی ئەوانەی پێیان دەگووترێت: (ژنانی کۆمەڵگە) زیاتر لە ژنانی جووەکان ئارەزوویان لە بەدڕەوشتی و رابواردن بوو.

٢٣- لەسەر بنەمای ئەو تێگەیشتنە، پێویستە ((هەموو ئامرازێکی توندوتیژی و فریودان)) دروشمی ئێمە بێت، بەو پێیە تەنها هێزی دڵسۆز و تۆکمە لە سیاسەتکردندا سەرکەوتووە، بە تایبەتی ئەگەر ئەو هێزە ئاماژەی دڵنیایی پێویست بە پیاوانی دەوڵەت بدات، پێویستە توندوتیژی بنەمای کارکردن بێت، پێویستە پێداگربین تاکو فێڵ و فریودان فەرمانڕەوایی حکومەتە نەتەوەییەکان بکات، ئەو حکومەتە نەتەوییانەی ڕەتیاندەکردەوە هێزی نوێی خۆیان بخەنە ژێر پێی نوێنەرەکانمان(agents)[1]، شەڕ تاکە ئامراز و هۆکارە بۆ گەیشتن بە ئامانجی چاك، پێویستە لەسەرمان یەك سات لە کاری بەرتیل و فریودان و خیانەتکردن پاشگەزنەبینەوە، ئەگەر لە گەیشتن بە مەبەستەکانمان خزمەتمان دەکەن. لە سیاسەتکردندا پێویستە بزانین چۆن دەستدەگرین بەسەر موڵك و ماڵ بە کەمترین پاشگەزبوونەوە، ئەگەر ئەو کارە وادەکات سەرکردایەتی هێز بکەین.

---

[1] - نوێنەرەکان(agents): هەموو ئەو کەسانەی سەر بە دەزگا و رێکخراوەکانی سەهیۆنین و لە بەرژەوەندی گەلی جوو کاردەکەن پێیان دەڵێن: (نوێنەرکان)، لە هەموو وڵاتانی جیهان بە لەژێر ناوی جۆراجۆر و رێکخراوی جیاواز کاردەکەن، وەکو "دیبلۆماتکارەکان و ئەندامانی رێکخراوە نهێنییەکان و ئەندامانی رێکخراوی ماسۆنی"، بە تایبەتی ئەندامانی رێکخراوی ماسۆنی، کە دەزگایەکی نهێنی جووەکانە و ئەندام و لایەنگری لە نێو وڵاتانی جیهاندا لە نەتەوەکانی دیکە هەیە، بەپێی توێژینەوە نێودەوڵەتییەکان ئەم رێکخراوە ئەندامی کار و چالاکی لە نێو دەزگا هەستیارەکانی وڵاتاندا هەیە، لە کاتی کودەتا و گۆڕانکارییە سیاسییەکان و هەڵبژاردنەکاندا رۆڵی یەکلاکەرەوە دەبینن.

٢٤- دەوڵەتەکەمان ڕێگەی کراوە و دروستی پەیڕەوکردووە، هاوکات مافی ئەوەی هەیە بەهۆی دۆخی شەڕ بڕیاری لە سێدارەدان بگۆڕێت، ئەم گۆڕانە کەمترین دەرکەوتن و زۆرترین کاریگەری دەبێت، گۆڕینی بڕیاری سێدارە پێویستە بۆ بەهێزکردنی ئەو کەرتە بێت، ملکەچکردنی کوێرانەی لێ لەدایکدەبێت. بۆ ئەم مەبەستە تەنها توندوتیژی بێزراو فاکتەری سەرەکی هێزی داپەروەرییە، لەبەر ئەوە پێویستە دەستبگرین بە پلانی توندوتیژی و هەڵخەڵەتاندن، نەك تەنها لە پێناوی بەرژەوەندییەکانمان، بەڵکو لەپێناوی ئەرك و سەرکەوتندا. پرنسیپمان بۆ جۆری هێز: هێز وەکو ئامرازێك ئامادەدەکەین بۆ جێبەجێکردنی پلانی مەبەستەکەمان، بێگومان سەردەکەوین و هەموو حکومەتەکان دەخەینە ژێر دەستەڵاتی حکومەتە باڵاکەمان، بەڵام تەنها بەو ئامرازانە سەرناکەوین، واتە تەنها بە هێز سەرناکەوین، بەڵکو بە جەختکردن و نەگۆڕی بیروبڕوامان، دەمانەوێت ئەوان بزانن، واتە نەتەوەییەکان بزانن، ئێمە جەخت لەسەر سەرکوتکردنی هەموو یاخیبوونێك دەکەین.

٢٥- ئێمە کۆنترین و یەکەم گەلی بەئاگای "ئازادی، یەکسانی، برایەتی"، بووینە، وتنی ئەو چەمکانە لەو کاتە گەمژەیی و نەزانی ئەو کەسانەیان ئاوەلا نەکرد، تەنها وەکو دروشم لە دەوری کۆبببوونەوە، بەڵکو ئەو کاتەی بوونە وێردی سەرزمان، جیهان بە وتنەوەیان بێبەشبوو لە سەرکەوتن، هەروەها تاك بە وتنەوەیان بێبەشبوو لە ئازادی هەقیقی خودی، ئەو کاتەی تاکەکان بەبڕیاری پێشوەخت کوێرانە پارێزگاریاندەکرد لەو کەسە سپلەیەی دەستی نابووە بینەقاقایان. ئەو گەلانەی بانگەشەی ئازادی و زیرەکیان دەکرد، لە ئەنجامی ئەو چەمکانەی دووبارە و دووبارە دەیانگووتەوە و تێنەدەگەیشتن، هەروەها

تێبینی چۆنییەتی ووتن و رێکەوتنی نێوان خۆیان نەدەکرد، هەندێکیان دژی هەندێکی دیکەیان بوون، ئەوانە نەیادەبینی لە سروشتدا یەکسانی بوونی نییە، سروشت بە سروشتی تەرزی جیاواز و نایەکسانی لە رووی: "ئەقڵ، جەستە، ئەخلاق، هێز"، لە یەکدی خەڵق کردووە، هەروەها لە رووی پەیڕەوکردنی یاسا سروشتییەکان، ئەوانەی بانگەشەی دانایان دەکرد، درکیان نەدەکرد ئەوانە پارێزەری هێزی کوێرن، هەڵبژێردراوەکان بۆ فەرمانڕەوای کردن جیاوازتر نەبوون، بەڵکو لە نێو ئەو کەسانەدابوون بانگەشەیان بۆ دانایی دەکرد، بەلام لە سیاسەتکردندا وەکو ئەوان کوێربوون.

بێگومان کەسی بەتوانا دەتوانێت فەرمانڕوابێت، ئەگەر لە سیاسەتکردندا کوێریش بێت، دەتوانێت فەرمان بکات، بەلام ئەو کەسەی توانای فەرمانڕوایی کردنی نییە، ئەگەر بلیمەتیش بێت – شتێك لە سیاسەتیش تێبگات، ناتوانێت فەرمانڕەوایی بکات.

هەموو ئەو تێگەیشتنانە دوورن لە تێڕوانینی گەلانی نا جوو، لەگەڵ هەموو ئەو راستیانە فەرمانڕەوایی گەلان لەسەر بنەمای پشتاوپشتە، باوکان راهاتوون کوڕەکانیان فێری واتای پەرەسەندنی سیاسی بکەن، رەوتی فێرکردنی واتای سیاسەت بە شێوەیەکە هیچ کەس بۆی نییە فێری واتای سیاسەت ببێت، تەنها ئەندامانی خێزانی پاشای فەرمانڕەوا نەبێت، ئەگەر کەسێك واتای سیاسەتی زانی، ئەوە کەس ناتوانێت نهێنییەکانی سیاسەتی فەرمانڕەواییکردن بۆ گەلی فەرمانبەسەرداکراو باس بکات، بە تێپەڕبوونی کات واتای سیاسەتکردن و زانیاریی لەسەر سیاسەتکردن ونبوو، ئەو کات زانیاری سیاسەتکردن لە نەوەیەك بۆ

نەوەیەك بە میرات دەمایەوە ونبوو، ونبوونی واتاكانی سیاسەتكردن لە نێوان نەوەكاندا، یارمەیماندەدات لە مەبەستەكانماندا سەركەوتوو بین.

٢٦- چەمكەكانی "یەكسانی و برایەتی" بەئاگایانهێنانین، لە گۆشەنیگای جیهانی سودبینیندا جیاوازیەكی تەواو و كامیلی هێنایە نێو ریزەكانمان، پێشكات لە رێگەی نوێنەرە گەمژەكانمان بەو جیاوازیانە گەشاینەوە، بەڵام ئەو چەمكانە هاوشێوەی زۆر (كرم)ی زیانبەخش بەختەوەری مسیحیەكانی خراپ كرد، ئاشتی و ئارمی و یەكێتی نێوانیانی هەڵوەشاندنەوە، بنەماكانی دەوڵەتی لێتێكدان، بەڵام لە كۆتاییدا دەبیبنین چەمكەكانی "یەكسانی و برایەتی"سەركەوتنی بۆ ئێمە هێناوە، ئەوە ئێمەبووین توانیمان بەو چەمكانە دەسەڵاتی ئەرستۆكراسی گەلانی نا جوولەكە بسرینەوە، هاوكات دەسەڵاتی چینی ئەرستۆكراسی فەرمانڕەوایی گەلانی ناجوو تاكە پارێزەری ئەو وڵات و گەلانە بوون، كە راستەوخۆ دژ و نەیاری گەلەكەمان بوون.

بەوشێوەیە ئێمە لەلایەن خۆمان لەسەر كەلاوەكانی ئەرستۆكراسی سروشتی و میراتی فەرمانڕەوایی ئەرستۆكراسی، بنەمای فەرمانڕەوایی پلوتۆكراسیمان(Plutocratic)[1] لەناو نەتەوەییەكانی نا جوو دامەزراند، بۆ زانیاری ئەوەی زانایانمان برەویان پێدەدا لە واقیعدا سەركەوتنی هەقیقی لێكەوتەوە. ئێمە لە رێگای پەیوەندیمان بەو كەسانەی لە فرمانەكانمان دەرناچن ئەرستۆكراسی نوێمان لەسەر دەستگرتنی ئەو كەسانە لەسەر بنەمای سامان دامەزراند.

---

[1]- پلوتۆكراسی: سیستەمێكی فەرمانڕەوایی كردنە، لەلایەن دەوڵەمەندترین كەسی وڵات دەستەڵات بەرێوەدەبردرێت.

٢٧- ئێمە بە بەردەوامی بەهێزترین بەشی هەستیاری ئەقڵیی مرۆڤ دەجووڵێنین، یان نەخۆشی قوربانییەکانمان لە پێناوی سودبینینی خۆمان دەوروژێنین، ویستی شەڕ و تالآنکردنیان دەوروژێنین، پێداویستییە ماددییە نامرۆڤانەکانیان دەوروژێنین، هەر یەك لەو نەخۆشیانە، بە تەنها و سەربەخۆ دەتوانێت سەروەری گەل لەناوببات، بەو شێوەیە هێزی ویستی گەل دەخەینە ژێر بەزەیی ئەو کەسانەی لە هێزی سەروەری گەل دادەماڵرێن.

٢٨- بەو پێیە داماڵینی چەمکی (ئازادی) لە کەسایەتی فەرمانڕەوا، دەتوانێت هاوڵاتیان رازیبکات، ((حکومەت تەنها بەرێوەبەرێکی نەخوێندەوارە و پاسەوانی خاوەن موڵکەکانە، شتێکی دیکە نییە))، هاوکات دەتوانین حکومەت وەکو دەستکێشی نەرم دروستی بکەین، چۆنی گەرەکمان بێت، ئاوا ئاراستەی بکەین.

٢٩- لە رووی متمانە کەسی دەستەڵاتدار نوێنەری گەلە، بەلام دەتوانین لە گەل دووریبخەینەوە، کاتێك گەل نوێنەرەکانی خۆی رادەستی جاسوسەکان یان نوێنەرەکانی ئێمە دەکات، بەوپێیە دانانی نوێنەرانی گەل، واتە (ئەندامانی پەرلەمان) لە رووی پراکتیکی لە دەستی ئێمەدادەبن، بەو واتایەی ئەوەی نوێنەرانی ئێمە پشتیوانی دەکەن، ئەوە ئەو دەبێت بە نوێنەری گەل(ئەندامی پەرلەمان).

پرۆتۆكۆلی دووەم:

شەڕی ئابووری:

:(Economic Wars)

١- بۆ مەبەستەكەمان پێویستە هیچ گۆڕانكارییەكی هەرێمی لە ئەنجامی شەڕ روونەدات، لەبەر ئەوەی هەمووارکردنەوە هەرێمایەتییەكان شەڕەكان دەگۆڕین بۆ پێشبڕكێی ئابووری، لەكاتی هەمواركردنەوە و گۆڕانكاری لە هەرێمایەتییەكاندا، دەردەكەوێت گەلانی دیكەی نا جوو لە پێشكەشكردنی یارمەتی بە گەلان پێشنێمەدەكەون، بەدوایەكداهاتنی دۆخەكان وەكو خۆی وادەكات هەردوولا، واتە لایەنی دەستەڵاتدار و لایەنی دژی دەستەڵات، كە هەوڵی گۆڕانی دەستەڵات دەدەن، دەكەونە ژێر رەحمەتی (جاسوس)نوێنەرە نێودەوڵەتییەكانمان، هەریەكەیان خاوەنی ملیۆنان چاون و ئامراز و هۆكاری لە ژمارەنەهاتوویان لەبەردەستدایە، بەو شێوەیە مافە نێودەوڵەتییەكانمان هەموو یاساكانی جیهان رادەماڵن، لە ئەنجامدا بەو شێوازە فەرمانڕەوایی وڵاتەكان دەكەین، كە فەرمانڕەوا تاكڕەوەكان - فەرمانڕەوایی حكومەت و هاوڵاتیان دەكەن.

٢- سەرۆك یەكە كارگێڕییەكانی ئارەزووی كۆیلەبوونیان هەیە، لە نێوان خەڵكی گشتی هەڵیاندەبژێرین، ئەو سەرۆكانە لە هونەری فەرمانڕەواییكردندا كارامەنین، بەوپێیە فەرمانڕەواكان دەگۆڕێن بۆ كارەكەتەری یاری شەترەنج! لەو یارییەی بەدەستی راوێژكارە زانا و دەستەڵاتدارەكانمانەوەیە، ئەو راوێژكارانەی لە تەمەنێكی بچووكی منداڵی پسپۆڕانە راهێنراون بۆ فەرمانڕەواییكردنی جیهان، زانا و راوێژكارەكانمان

لە پێشدا فێرمان کردوون، زانستی فەرمانڕەواییکردنیان لە پلانی سیاسیماندا خوێندوە، هاوکات ئەوانە ئەزموونیان لە مێژوو وەرگرتووە، تێبینی ڕووداوەکانی ڕابردوویان کردووە، بەڵام گەلانی دیکەی نا جوو سودیان لە تێبینیکردنی کاروانی مێژووی بەردەوام نەبینیوە، بەڵکو بەپێرەوی شێوازێکی گونجاوی تیۆری بەبێ هزرینیان کردووە، لە کۆتاییدا ئەنجامی فەرمانڕەواییان بەو شێوە دەبێت، لە ئێستا و داهاتوودا دەبینین، کەواتە بۆ دەستگرتن بەسەر دەوڵەتان پێویستمان بەوە نییە، کەسانی نەخوێندەوار بۆ فەرمانڕەواییکردن دابنێین.

لێیان گەڕێن تاکو دەگەن بەرۆژی خۆیان شادی و خۆشی ببینن، یان لێیانگەڕێن خەون بە چێژ و ڕابواردنی سەردەمیانە ببینن، یان لێیانگەڕێن لەگەڵ یادگاری خەونەکانی ڕابردوویاندا بژین، ماوەیەك لێیانگەڕێن تاکو باوەڕبکەن ئەو یاسا تیۆریانەی لە ڕێگای ڕاوێژکارەکانمان پێشکەشمان کردوون بەها و واتایان هەیە، ئەو یاسایانەی لە بنەماوە لەپێناوی ئەوان دانراون، بە پابەندبوون و وابەستەبوونیان بەو بابەتانەوە، هاوکات بە یارمەتی ڕۆژنامە و میدیاکانمان بەردەوام متمانەی کوێرانەیان بە یاساکان زیاد دەکەین.

چینی خوێندەوار بە خودی خۆی شانازی بە تێگەیشتوویی خۆی دەکات، کوێرانە ئەو مەعریفەیەی لە زانست دەستیان کەوتووە پراکتیزەی دەکەن، هەڵبەتە ئەو مەعریفەیە و زانستانەی فێری دەبن، لەلایەن نوێنەرەکانمان پێشکەشیان دەکرێت، ئەو کەسانە ئارەزوویان لە پەروەردەی ئەقڵیی ئێمە هەیە، بەو ئاراستەییەی مەبەستمان بووە فێری زانست و مەعریفەبن.

٣- واتێنەگەن ڕاگەیاندنەکانمان بێ ئەنجام و بنەمایە، سەرنجبدەن (داروین، مارکس، نیتچە) لە پێشدا ئێمە ڕێکمانخستبوون، ئاراستە و ئەنجامی زانستی ئەو زانایانە لە دیدی گەلانی دیکەی نا جوو پرسێکی نا ئەخلاقییە، بەلام لەلای ئێمەی (گەلی جوو) روونە پرسێکی ئەخلاقییە.

٤- بۆ ئەوەی لە سیاسەتکردن و کاری کارگێڕی هەڵەنەکەین، پێویستە لەسەرمان لە هێڵێکی بالای دید و بۆچوون بتوێژینەوە و لە هزرماندا رابیگەیەنین، ئەم تێگەیشتنە ئەخلاق و ئارەزووی گەلی جووە، هەڵبەتە سەرکەوتنی تیۆرەکەمان لە رێگای پەسندکردن و رەزامەندبوونی پێکهاتەی ئەو گەلەیە کە پەیوەندیان پێوەدەکەین، وەلێ تیۆرەکەمان سەرکەوتوو نابێت! پەیرەوکردنی پراکتیکی تیۆرەکەمان سەرکەوتوو نابێت! ئەگەر بە شێوەی سیستەماتیکی و دامەزراوەیی لەسەر بنەمای ئەزموونی رابردو و بەراوردکردن بە تێبینییەکان ئێستا نەبێت.

٥- ناوەندەکانی رۆژنامەگریی و میدیاکان لەدەستی حکومەت دانە، پرسی راگەیاندن هێزێکی مەزنە، لە رێگای رۆژنامەکان ئاراستەکردنی هزری خەڵکمان دەستدەکەوێت، چونکە رۆژنامە و میدیاکان داواکارییە زیندووەکانی هاوڵاتیان دەخەنەروو، هەروەها سکالای - سکالاکاران دەخەنەروو، هەندێکجار لەنێو ئاژاوەکان بێزاری و سەرکێشی دەخەنەوە، هاوکات ئازادی قسەکردن لە رۆژنامەگری بەرجەستە بووە، بەڵام حکومەتەکان نازانن چۆن ئەو هێزە مەزن و کاریگەرە بە شێوەیەکی راست و دروست لەبەرژەوەندی خۆیان بەکاربهێنن، بۆیە ئەو هێزە مەزنە کەوتووەتە دەستی ئێمە، لە رێگای رۆژنامەگەری و میدیاکان لایەنگرمان کۆکردەوە، خۆمان لە پشتی ماسکەکان ماوینەوە، لە رێگەی رۆژنامەگەری ئاڵتوونمان لەسەریەکدی کەڵەکە کردووە، ئەگەرچی

لەپێناوی ئەو دەستەکەوتانەدا رووبارێك خوێنمان رشتووە، هاوکات قوربانی زۆرمان لە رەگەزی جوو پێشکەش کردووە، بەڵام هەموو قوربانییەك لەدیدی ئێمە و لەبەردەم خودا یەکسانە بە هەزاران تاك لە گەلانی دیکەی نا جوو.

پرۆتۆکۆلی سێیەم:

میتۆدەکانی دەستبەسەرداگرتن:

:(Methods of Conquest)

١- ئەمڕۆ دەتوانم دڵنیاتان بکەم ئێمە لە کۆتا بەشی هەنگاوە نزیکەکانی ئامانجەکانمانین، تەنها ماوەیەکی کورت ماوە ڕۆڵی ماری هێمایی(Sympolic Serpeni) کە دروشم و هێمای هەقیقی گەلەکەمانە پێبگات، ئەو کاتەی ڕۆڵی ماری هێمایی دروشمی گەلەکەمان پێدەگات، سەدای دەنگی هەموو وڵاتانی ئەوروپا دادەخرێت، دەنگی وڵاتانی ئەوروپا بە بازنەیەکی پۆلاینی لە شکان نەهاتوو گەمارۆدەدەین.

٢- بەو شێوەیە کۆی هاوسەنگییە بونیادنراوەکانی دەستی نەتەوەییەکان بە خێرایی هەرەسدەهێنن، چونکە ئێمە بە بەردەوامی هاوسەنگی بونیادنراوەکان تێکدەدەین، بۆ ئەوەی بە خێراییەکی زیاتر سیستەم و یاساکانیان هەرەسبهێنن و تواناکانیان لەناوببەین. وەلێ نەتەوەییەکان بۆچوونیان وایە، بەو هاوسەنگییەی بونیادیانناوە هێزی بێکۆتایان لەدەستدایە، باوەڕیان وایە هاوسەنگییەکان دۆخەکان و حالەتەکان بە وردی هاوسەنگ دەکەن، بەڵام سەرکردەی دەوڵەتەکان وەکو دەڵێن، پەیوەستن بە خزمەتکردنی خودی خۆیان، هیچ سودێك لە هاوسەنگییە بونیادنراوەکان نابینن، وەکو نەریتی هەمیشەییان بە هێزی ڕەهایی خۆیان بەردەوامن لەسەر فێڵ و پیلانگێڕی، لەبەرانبەر ئەو مەترسیانەی لە ئەنجامی کەموکوڕییەکانیان ڕووبەڕوویان دەبنەوە.

ڕێگەچارەی پاشا تەنها دڵی هاوڵاتییانە، لەبەر ئەوە ناتوانێت خودی خۆی چاك بکات لە دژی ئەوانەی فێڵ و پیلانەکان بەڕێوەدەبەن، چاویان

بڕیوەتە هێز، ئێمە توانیومانە هێزی چاودێری پاشا لە هێزی هاولاتییانی کوێر دابڕین، هەردوو هێزەکە بەو دابڕانە بە جووتە بایەخی خۆیان لەدەستداوە، واتە ناتوانن کارێك بکەن لە بەرژەوەندی پاشا یان هاولاتییاندابێت، چونکە ئەوکاتەی لێکماندابڕین یان لێکمانجیاکردنەوە بوون بە کوێرە هێز و تەنها دارێکی بێگیانن، ئەوانەی چاویان بڕیوەتە هێز، دەبێت مافەکانیان بە خراپ بەکاربهێنن، تاکو بەهێزبن.

٣- پرسی بەهێزی: هەموو یەکێك لە بە هێزەکان دژی ئەوەی دیکەیانە، لەبەر ئەوەی ئارەزووی ئازادیان بە ئاراستەی سەربەخۆیی هاندەدەین، هەموو پرۆژەیەك بە ئاراستەی سەربەخۆیی هاندەدەین و پاڵپشتی دەکەین، چەکمان رادەستی هەموو حیزبەکان کردووە، گەیشتن بە دەستەلاتمان کردووە بەئامانج و چاوتێبڕینی هەموویان، چەندین کایە و پرسمان وەك پرنسیپ بۆ شەڕکردنی حیزبەکان لەگەڵ یەکدی بەبێ رێکار و پەیوەسبوون داناوە، بەو پێیە زۆر بەخێرایی ئاژاوە و شەڕ وەکو پەتا بلاودەبێتەوە، لە هەموو شوێنێك مایەپوچی تاك و کۆمەڵ دەردەکەوێت.

٤- چەنەباز و چەلەحانە جیبەکان پرۆژەکانی دانیشتنی پەرلەمان و گفتوگۆی یەکە کارگێڕییەکانیان گۆڕیوە، رۆژنامەوانە بوێرەکان و نووسەری وتارە(Pamphleteers)بەهێزەکان، بەردەوام هێرش دەکەنە سەر هێزە کارگێڕییەکان، کەواتە خراپ بەکارهێنانی دەستەلات ئامادەیی هەیە، بەردەوامی ئەم دۆخە هەموو ناوەند و دەزگاکان هەڵدەوەشێنەوە، هەموو شتێك زۆر بەخێرایی لەژێر رق و تورەیی گەلی شلەژاو و یاخی هەرەسدەهێنێت.

٥- خەڵك ئامادەن بە شێوازێكی خراپتر لەسایەی یاساكانی كۆیلەی زەوی بە ئارەقی نێوچەوانیان بە هەژاری بژین، چونكە دەتوانن بە ڕێگایەك لە ڕێگاكان لەو كۆیلایەتییە ئازادبن، بەڵام نازانن و تێناگەن كە هیچ شتێك ناتوانێت لە ستەمی هەژاری سەپێنراو لەلایەن دەستەڵات ئازادیان ناكات. تەنها ئێمە جەخت لەسەر دانانی مافی خەیاڵی ڕەها بۆ ناوەند و دەزگاكانی دەوڵەت دەكەین، هاوكات هەموو ئەوەی پێی دەگووترێت (مافی مرۆڤ) لە هەقیتدا بوونی نییە، تەنها چەمك و نموونەن، كە ناتوانین بە شێوەی پراكتیكی لە جیهانی واقیعی جێبەجێیان بكەین، بۆ نموونە كارێكار چ سودێك لە كرێی كارەكەی دەبینێت، ئەگەر گرانی كارەكە پشتی بشكێنێت، لەكاتێكدا كرێ مافە لەبری كار وەریدەگرێت، هەندێكیان بیزارن كە دەبینن چەنباز و چەلەحانە چییەكانی بەناو نوێنەریانن و لە پەرلەماندا مافی قسەكردنیان هەیە، یان دەبینن ڕۆژنامەوان مافی بڵاوكردنەوەی هەموو جۆرە شتێكی بێكەڵك و بێ واتای هەیە؟ ئایە دەستوری كرێكاران چ سودێكی هەیە، ئەگەر ئەوان سود لە مافەكانیان نەبینن، ماف چییە؟ كرێی كاری قورسی ڕۆژانەی كرێكارە، بەڵكو وەك پاداشتێك بۆ دەنگەكانیان تەنها دەستوریان بۆ دادەنێن و یاسایان بۆ دەردەكەن، تاكو لەكاتی هەڵبژاردن دەنگ بە نوێنەرەكانمان(جاسوسەكانمان)بدەنەوە؟

مافی خەڵك گاڵتەكردنە بە هەژاران، پێویستی كاری ڕۆژانە، وادەكات كەسی هەژار گرنگی بە بەدەستهێنانی هەموو سودێك بدات، ئەو كارپێكردنە لەسەر شێوەی مافە بۆ هاوڵاتی، هاوڵاتی تاكو كاری هەبێت، كرێیەكی سنورداری بەردەوام وەردەگرێت، بەوشێوەیە كرێكار پشت بە مانگرتن و خزمەتكردن و جاسوسی دەبەستێت.

٦- لەژێر چاودێری و بەپلانی ئێمە دەستەڵاتی ئەرستۆکراسی لەناوچوو، دەستەڵاتی ئەرستۆکراسی پاڵپشتی لە خەڵك دەکرد و دەیپاراستن لە پێناوی بەرژەوەندی و سودەکانی خۆی، بەرژەوەندی و سودەکانی دەستەڵاتی ئەرستۆکراسی لە بەختەوەری گەل جیانەدەبووەوە، بەڵام دوای ئەوەی بەرژەوەندییەکانی چینی ئەرستۆکراسی دەستەڵاتدار لەناودەبرێن، گەل بە هەمووچینەکانی دەکەوێتە ژێر دەستەڵاتی فێڵبازە هەڵپەرستەکان و دەوڵەمەندە بێویژدانە نوێیەکان[1].

---

[1] - ئەوەی ئەمڕۆ لە وڵاتانی خۆرهەڵاتی بە گشتی و خۆرهەڵاتی ناوەڕاست ڕوودەدات، بە ڕوونی هەقیقەتی ئەم پیلانە دەبەلگێنێت، ئەگەر بە وردتر لە خۆرئاوا بەگشتی و ئەمریکا بڕوانین، تێدەگەین جیهان بەرەوە سیستەمی سەرمایەداری تاك ڕەهەند هەنگاو دەنێت، ئەوەی پێویستە لەسەری هەڵوێستە بکەین، زۆربەی کۆمپانیا و پرۆژە گەورەکانی وەبەر هێنان لە جیهاندا موڵکی دەستەڵاتدارانی سیاسییە، بە واتایەکی دیکە موڵکی چینی فەرمانڕەوایە، بە جۆرێك هەموو ڕەهەندەکانی ژیانی مرۆڤیان بۆ بەرژەوەندی خۆیان قۆرخ کردووە، ژیان لەلای زۆربەی مرۆڤایەتی بریتییە لە پێکەوانان و کەڵەکەکردنی سەرمایە، ئەم تێگەیشتنە لەژێر کاریگەری و ڕەنگدانەوەی بیری سەرمایەداری هاتووەتاراوە، مرۆڤایەتی بە گشتی لەژێر کاریگەری وێنەبارانکردن و گرتەی ڤیدیۆیی ڕیکلامەکان دەیەوێت ژیانی ڕۆژانەی خۆی ڕێکبخات، بەڵام زۆر کەم لە مرۆڤەکان بە ئاسانی دەتوانن ئەوە بەدەستبهێنن کە هەوڵی بۆ دەدەن، لەبەر ئەوەی دەستەڵاتی سەرمایەداری کە ئەمڕۆ حکومی جیهان دەکات، بە پێی پلان دارێژراو کێشەی سیاسی و ئابووری لەناو ئەو گەلانە دروستدەکەن، دەبینن خەریکە بگەن بە کەناری ئارامی، بەو پێیە قەیرانە سیاسی و ئابوورییەکانی جیهان دروستکراون، ئەوەی سودمەندە لە کۆی قەیرانەکان، تەنها چینی دەستەڵاتداری خاوەن کۆمپانیا و پرۆژەی گەورە و سەرمایەدارە.

٢- گەلەکەمان رێزێکی تایەتی هەیە، لەبەر ئەوەی هێزێکی بلیمەتی سیاسی دەیپارێزێت، دەستە باڵاکەی هەموو کارێك دەکات، گەلەکەمان بەو شێوەیە بە زیندوویی دەمێنێتەوە(ئای لە بێهیوایی قێزەون)، بەڵام (ئایی لەو کەسەی بە کارامەیی و لێهاتوویی پرنسیپەکان جێبەجێ دەکات!) - (ئای لەو کەسەی فێڵی هەیە)- (ئای لەو کەسەی پرنسیپەکان بە تێگەیشتن و بوێری جێبەجێدەکات!).

٣- ئێمە پشتدەبەستین بە ڕاکێشانی سەرنجی هەموو نەتەوەکان، بۆ کارکردن لەسەر بەهێزکردنی ئەو ململانێیە نوێیەی کە خۆمان نەخشەمان بۆ کێشاوە و دامانناوە، لەبەر ئەوە پێویستە دەستمان بە خزمەتی نوێنەرە سەرکێش و ئازاکانمان بگات، کە لەتوانایاندایە بەسەر ئەو ئاستەنگ و گرفتانەی دێتە سەر ڕێگای پێشکەوتنمان سەرکەون.

٤- ئەو کاتەی کودەتای سیاسیی(Coup detat) ئەنجام دەدەین، بە خەڵك دەڵێین: هەموو شتێك زۆر بەخراپی بەڕێوچووە، هەمووتان ئازارتان چێژتووە، ئێستا ئێمە هۆکاری ئازارەکانتان دەسڕینەوە، هەروەها بە "نەتەوییەکان و کۆمکارە نەتەوەییەکان" دەڵێین: بە دڵنیایی ئێوە لە تۆمەتبارکردنەکانی ئێمە ئازادن، بەڵام ئایە دەتوانن فەرمانڕەوایی پاك و بێخەوشی خۆتان بکەن، کەپێشتر فەرمانڕەواییتان کردووە، ئێستا ئێوە ئەزموونی فەرمانڕەواییکردنتان هەیە، ئایە دەتوانن لەپێناوی چاکەی خۆتان کار بکە؟ ئەو کاتە لەسەر شانی خۆیان بە سەرکەوتوویی و هیوا و خۆشحاڵییەوە بەرزمان دەکەنەوە، هەروەها هێزی دەنگدانی ئەو تاکە بێکەڵکانەی لە ڕەگەزی مرۆڤن، لە ڕێگای کۆبوونەوەی ڕێکخراو و ڕێککەوتنی پێشوەختە ڕامانهێناون، ئەو کاتە ڕۆڵی کۆتایی خۆیان دەگێڕن، ئەو هێزەی خۆمان لێیان نزیکردووەتەوە بۆ ئەوەی بە دەستی خۆیان"بمانخەنە سەر عەرش"، ئەو هێزە لە کۆتاییدا قەرزەکەمان دەداتەوە، ئەو هێزە خۆشحاڵە، چونکە دەیەوێت

ئەنجامی پرسەکەمان ببینێت، پێش ئەوەی بڕیاری خۆی بدات، واتە پێش ئەوەی خۆی فەرمانڕەوایی خۆی بکات، دەیەوێت ئێمە فەرمانڕەوای بین.

٥- بۆ ئەوەی لە کاتی دەنگدان زۆرینەی ڕەها بەدەستبهێنین، پێویستە بەبێ جیاوازی چینایەتی هەموو تاکێك رازیبکەن دەنگ بە ئێمە بدات، بەڵام لەناو چینی خوێندەواران زۆرینەی دەنگەکان بەدەست ناهێنین، هەروەها لەو کۆمەڵگەیانەی دابەشبوونە بەسەر توێژی جیاواز.

ئەگەر ئایدیایەك گرنگی خودی بۆ تاك هەبێت، بیخەینە نێو ئەقڵیی هەموو تاکێك، بەو ئایدیایە ژیانی خێزانی نەتەوەییەکانی دیکەی ناجوور هەڵدەوەشێنینەوە و لەناودەبەین[1]، هاوکات گرنگی پەروەردەی خێزان خراپ دەکەین، هەروەها ئەو پیاوانەی زانا و ژیرن و بیرمەند لە گەیشتن بە پێشەنگی پەکدەخەین، هەڵبەتە خەڵکی گشتی لەژێر ڕێنمای ئێمەدان، ڕێگرن لەسەر دواخستنە ژیر و بیرمەند و ئاقڵەکان، بەو شێوەیە خەڵکی

---

[1] - جوولەکان لەدوای کودەتای کۆمۆنیستە بەلشەفییەکان بە کردار هەوڵیاندەدا سیستەمی خێزان هەڵبوەشێنەوە و لەناویببەن، چونکە سیستەمی خێزان بەهێزترین ئاستەنگ بوو لەدژی سیستەمەکەمان، لە هەموو شوێنێك بە پراکتیکی دژایەتی سیستەمی خێزانیان دەکرد، بۆ نموونە (دورکهایم) بیرمەند و کۆمەڵناسی فەرەنسی لە زانستی کۆمەڵناسی بە ڕوونی دانووسنان لەسەر هەوڵی کۆمۆنیستە بەلشەفییەکانی ڕوسیا دەکات، کە چۆن کار بۆ هەڵوەشانەی سیستەمی خێزانی دەکەن.

گشتی بە ئەبەدی ڕێگا بە زانا و ژیرەکان نادەن، بڕیار لەسەر هیچ پلانێك بدەن[1].

ئەو هاوڵاتیانەی پارەیان پێدەدەین لە بەرانبەر گوێڕایەڵیان و جێبەجێکردنی فرمانەکانمانە، بە گشتی ڕاهاتوون خۆیان لەپێناوی ئێمەدا بەخت بکەن، بەو ئامرازە هێزێکی کوێر بە ئاستێك دروستدەکەین، کە ئەبەدی حکومەتە نەتەوەییەکان ناتوانان هیچ بڕیارێك بەبێ ڕێنمایی نوێنەرانی ئێمە دەربکەن، ئەو نوێنەرانەی لەناو دەزگاکاندا جێگیرمان کردوون بە مەبەستی سەرکرایەتیکردنی حکومەتەکان.

٦- هاوڵاتیان ملکەچی ئەو دەستەلاتە(System) نوێیە دەبن، لەبەر ئەوەی دەزانن ئەو سەرکردانەی ئێمە سەرچاوەی کرێ و موچە و قازانج و هەموو سودێکی دیکەی ئەوانن، پێویستە سیستەمی حکومەت بە یەك

---

[1]- ئەو پلانەی جووەکان دایانڕشتبوو، ئەمڕۆ زۆر بە سەرکەوتوویی جێبەجێ بووە، خەڵك بەهۆی نزمی ئاستی تێگەشتنیان ناتوانن بە چاکی پێشبینی باردۆخەکان بکەن، لەبەر ئەوەی ئاستی مەعریفی خەڵك بە گشتی لاوازە، بەهۆی نزمی ئاستی پەروەردە و گرنگینەدان بە خەڵکی بیرمەند و ژیر لە کۆمەڵگەکانی جیهان بەگشتی، خەڵکی نەزان بەوەی دەیڵێت و دەیزانێت تەنها ژاوەژاوە و جیاوازی لە نێوان چاکە و خراپە ناکات، بەو شێوەیە هەر دۆخێك یان حالەتێك لە دەوروبەری ڕوویدات، ئەگەر هەڵە بێت یان درۆ لێی تێناگات، بەڵکو ئەوەی گرنگە لە ئارەزووەکانی نزیك بێت، ئەوە بەبێ دوو دڵی پێی ڕازییە.

ئەقڵ کار بکات، ئەگەر کارەکانی هاوبەش بێت لە نێوان چەند ئەقڵێك، نەکردەییە بتوانێت سەرکەوتوو بێت، لەبەر ئەو هۆکارە فەرمانڕەوا گوێمان لێناگرێت، تەنها بەزانینی پلانی کار نەبێت، بەڵام پێویستە بەهیچ ڕێکارێك گفتوگۆی لەگەڵ نەکەین، تاکو کاریگەرییە خراپەکانی تێکنەدەین، هەروەها ئەرکی بەشە جیاوازەکانی یەك نەخەین، واتای نییە هەموو ئەندامێکمان، لەسەر نموونەی ئەو پلانانە گفتوگۆ بکات، ئەو ئەندامە دەگۆڕین ملکەچی پێداچوونە نابێت، کەواتە تێکەڵ بووە بە ئەنجامی هەموو هەڵەتێکەشتنێکی ئەقڵیی، ئەو هەڵە تێکەیشتنانەی لە ئەنجامی وێناکردنی ئەقڵی خودی هاتووەتە ئاراوە، چونکە ئەزموونی ئەودیوی واتا ئەزموونی پشتی ڕووداوەکانی نەکردووە، لەبەر ئەوە پێویستە کۆتا پلانمان لۆژیکی و پوخت بێت، پێویستە لەسەرمان کاری مەزن و گەورە بە سەرکردەکەمان نەسپێرین، بۆ ئەوەی بەشەکانی حکومەتەکە لەسەر دەستی هاوڵاتیان لەت لەت نەکات، هەروەها لەسەر دەستی کۆمەڵەی تیرەی(Glique) لەت لەت نەکات.

٧- ئەمڕۆ ئەو پلانەی ئێمە، دەستور و دەزگا بونیادنراوەکان ئاوەژوو ناکاتەوە، بەڵکو تیۆرە ئابوورییەکان بەپێی پلان دەگۆڕێت، لە دوایدا هەموو ڕێگاکانی پێشکەوتن دەگۆڕێت، ئەو کاتەی ڕێگاکان دەگۆڕین، بێگومان پێویستە ئەو ڕێگایە بگرینەبەر کە پلانەکەمان دەیسەپێنێت.

٨- لە هەموو وڵاتێك هەمان ئەو دەستە و ڕێکخراوانە دادەمەزرێنین، بەڵام لەژێر ناوی جیاوان، وەکو: "ئەنجوومەنی نوێنەرانی گەل، وەزارات،

ئەنجوومەنی پیران، ئەنجوومەنی عەرش بە هەموو جۆرەکانی، کۆنسەی سەرۆکایەتی، ئەنجوومەنی دەستەی یاسادانان و کارگێری". پێویست ناکات پێکهاتەی میکانیکی بەیەکەوە بەستنەوەی نێوان ئەو دەستە جیاوازانەتان بۆ روون بکەمەوە، چونکە پرسی بەیەکەوە بەستنەوەیان پێش ئێستا لەلای ئێوە بە جوانی ناسراوە، تێبینی ئەوە بکەن هەموو دەستەیەك لەو دەستانە لە سەرەوە ئاماژەمان پێکردووە، گونجاوە لەگەڵ ئەرکێکی گرنگ لە حکومەتدا (من وشەی گرنگ بۆ ئاماژەکردن بە ئەرکەکان بەکاردەهێنم، نەك بۆ ئاماژەکردن بە دەستەکان).

هەڵبەتە ئەو دەستانە بەخودی خۆیان هەموو ئەرکە حکومیەکانیان لە نێوان خۆیاندا دابەش کردووە، ئەرکەکانی حکومەت بریتن لە: "دەستەڵاتی دادوەری، دەستەڵاتی یاسادانان، دەستەڵاتی جێبەجێکردن"، ئەرکەکانیان هاوشێوە و چوونیەکە لەگەڵ ئەرکی ئەندامە جیاوازەکانی جەستەی مرۆڤ.

٩- کاتێك ئێمە ئازاری بە هەموو کەسەکانی ناو دەزگا حکومیەکان دەدەین ، ئەوە هەموو دەزگاکانی دەوڵەت وەکو جەستەی مرۆڤ نەخۆش دەکەون، لە دوایدا دەوڵەت بەو نەخۆشیە دەمرێت، کاتێك دەرزی ژەهری (ئازادی) لە سیستەمی دەوڵەت دەدەین، تەندروستی سیاسی دەگۆڕێت، ئەوە دەوڵەت توشی میکرۆبی مردن (Infected) دەبێت، نەخۆشییەکە نەخۆشی شیبوونەوەی خوێنە(Decomposation

of the blood)، بەو شێوەیە دەوڵەت هیچ توانایەکی نامێنێت و دەکەوێتە پەڵەقاژێی مەرگ.

١٠- حکومەتە دەستوورییەکان لە منداڵدانی ئازادیخوازان لەدایکبوون، کە شوێنی حکومەتە ئەرستۆکراسیەکانیان گرتەوە، تەنها حکومەتی ئەرستۆکراتی بۆ نەتەوەییەکانی ناجوور فۆرمی حکومەتی سوودەبەخش بوو، وەکو دەزانن حکومەتە دەستوورییەکان لە قوتابخانەیەك بۆ ئاژاوە و ناکۆکی و ڕووبەڕوو بوونەوە و هەیەجانی حیزبی بێئەنجام زیاتر نییە، بە کورتی و پوختی حکومەتی دەستووری قوتابخانەی هەموو شتێکی بێ بنەما و بێواتایە، بەردەوام پێگەی حکومەت کەمدەکاتەوە، گوتاری میدیاکان، بۆ نموونە ڕۆژنامەکان وادەکەن پاشاکان تەمبەڵ و بێکەڵك و بێدەسەڵات بن، بەو شێوەیە پاشا بێ دەستکەوتە و زیادەیە و خەڵك پێویستی پێی نییە، لەبەر ئەو هۆکارە لە زۆربەی وڵاتان پاشا بەراوێزخراوە، بە واتایەکی دیکە پاشای حکومەتە دەستوورییەکان ڕۆڵیان لەناو حکومەتدا نەماوە، چونکە هیچیان لەدەست نایەت، بۆیە تەنها بارگرانین لەسەر خەڵکی نەتەوەییەکانی. ئێمە دەتوانین لە داهاتوویەکی نزیکدا سیستەمی کۆماری دابمەزرێنین، لەسایەی سیستەمی کۆماری نوێ لە شوێنی پاشا دڵسۆزەکان پێکەنینمان[1] دانا، کەسایەتی

---

[1]- کەسێك خەڵك بە قسە و ڕەفتارەکانی پێدەکەنێت، کەسایەتی سەرۆك بێشکۆیە و هەزەلی و پێکەنیناویە، وەك و ئەو کەسی خەڵك بە هەموو قسە و ڕەفتارەکانی پێدەکەنێت، کاتێك دەردەکەوێت لە دیدی خەڵك وێنایەکی

سەرۆکی دانراو پێکەنیناویە، سەرۆکمان لە کەسانی بەربەری و بێکەڵکی نێو حەشیمەت و کۆیلەکانمان هەڵبژاردووە، بەوشێوەیە ئەو مینەمان لەژێر نەتەوەییەکانی نا جوو جێگیر کردووە، بەواتایەکی دیکە لەژێر گەلە نەتەوەییەکانمان داناوە.

١١- لە داهاتوویەکی نزیکدا وادەکەین سەرۆك بەرپرس بێت[1].

١٢- ئەو کاتە دۆشدانامێنین کە دەمانەوێت پلانەکەمان بە بوێری جێبەجێبکەین، چونکە سەرۆکە بوکەڵەکەمان (Dummy) بەرپرسی حکومەتە، ئەگەر پێویستمان پێبوو، ئەوە خوێندکارانی گونجاوی لاواز لە رووبی ئەکادیمی ڕێکدەخەین، بەو خوێندکارانە پەشێوی و ئاژاوە دەخولقێنین، بە مەبەستی دانانی سەرۆکێکی هەقیقی؟ ئایە ئەو پەشێویانە کۆتایی لەناوچوونی وڵاتەکە دەرەخسێنێت؟

کاریکاتێری هەیە. نموونەی ئەم جۆرە سەرۆکانە لە جیهانی ئێستادا زۆرن، بەڵام تەنها کەسانی رۆشنبیر و تێگەیشتوو دەیانبینن، بۆ نموونە (قەزافی، سەرۆکەکانی کەنداو، سەرۆکەکانی هەندێك لە وڵاتانی خۆرئاوا،....).

[1] - ئەگەر بە روونی تێبینی بکەین، لە جیهانی ئەمڕۆدا بە روونی دەبینین زۆربەی سەرۆکەکان کەسانی نەشیاون بۆ پێگەی سەرۆکایەتی کردنی گەلان، بە تایبەتی لە وڵاتانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست، چونکە ئەوەی گرنگی پێنادەن بەرژەوەندییەکانی گەلە، هاوکات لەبەرانبەر هەموو نەهامەتی و ڕووداوێکی بەسەر گەل دادێت، تەنها پێدەکەنن.

١٣- بۆئەوەی بگەینە ئەو ئەنجامەی گەرەکمانە، هەڵبژاردن بۆ کەسانێك لە نموونەی ئەو سەرۆکانە بەڕێوەدەبەین، ئەو سەرۆکانەی لاپەڕەکانی ژیانی پێشویان بە گەندەڵی و تاوان و داوێنپیسی نەخشاندووە، یان بە شتی دیکەی نهێنی مەترسیدار، ئەو جۆرە سەرۆکانە جێبەجێکاری بەوەفای مەبەستەکانمانن، چونکە لە ئاوزڕاندن و سوکایەتی پێکردن دەترسن، بەهۆی پێشینە خراپەکانیان، هەروەها بەردەوام ملکەچی دەستەڵاتی ترسن، هاوکات ئەو پیاوانەی گەیشتوونە دەستەڵات خاوەنی سەرمایە و موڵکن، بۆیە سەرۆك هەوڵدەدات دەستکەوت و سەروەرییە پەیوەستەکانی بە پێگە باڵاکەی بۆ بمێنێتەوە و لەدەستیان نەدات.

لە نزیکترین کاتدا ئەنجوومەنی نوێنەرانی گەل (The House of Representative)، خۆی سەرۆك هەڵدەبژێرێت و دەیپارێزێت.

بەڵام ڕێگەنادەین ئەنجوومەنەی گەل دەستەڵاتی پێشکەش کردنی پرۆژە یاسا و هەمووارکردنەوەی هەبێت[1]. ئەو دەستەڵاتەی بە سەرۆکە بوکەڵەکەی دەستی خۆمان دەدەین، سەرۆك بەتەواوی بوکەڵەی یارییپێکردنی(Mare puppet) دەستی ئێمە، بەو شێوەیە دەستەڵاتی سەرۆك دەبێتە ئامانجی هێرشە جیاوازەکانی گەل، لەبەر ئەوەی گاڵتەی بەژیان و داهاتووی چین و توێژەکانی گەل دەێت، بەڵام

---

[1]- ئایە کام وڵاتی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست لە ئێستادا ئاوا نییە؟ بەڵام پرسی گرنگ ئەوەیە، ئایە هەموو ئەوانەی ئەمڕۆ بە دیاریکراوی لە وڵاتانی ناوچەکە دەگوزەرێت، پلانی جووەکانە!!!؟

لەبەر ئەوەی سەرۆك یاریە بەدەستی خۆمان، ئامرازی بەرگریکردنی پێدەدەین، ئەوە هەقیقەتە سەرۆك پێداچوونەوە بەو بڕیارانە دەکات کە فەرمانڕەوایی گەلی پێدەکات، چونکە سەرۆك لە سەرووی نوێنەرانی گەلە، یان سەرۆك بە خودی خۆی بڕیارەکان دەردەکات، بە واتایەکی دیکە سەرۆك ئەو دەستەڵاتەی هەیە، پەرلەمان هەڵبوەشێنێتەوە، کەسانی دیکە بە ویستی خۆی بکات بە ئەندامی پەرلەمان و نوێنەری خەڵك، بەو پێیە خەڵك کۆیلەی کوێری ئێمەن، کە زۆرینەیان بەربەری و هیچ و پوچ و بێکەڵکن.

بۆئەوەی سەرۆك دەستەڵاتی رەهای هەبێت، دەستەڵات بە سەرۆك دەدەین، تاکو حوکمی سەربازی رابگەیەنێت، ئەم دەستەڵاتەی سەرۆك روون دەکەینەوە، لە هەقیقەتدا سەرۆك – سەرۆکی سوپایە، پێویستە سەرۆك مافی فەرمانڕەواییکردنی سوپای هەبێت، بۆ پارێزگاریکردن لە دەستوری کۆمارە نوێیەکەی، پارێزگاریکردن لە دەستور ئەرکی سەرۆکە، لەبەر ئەوەی نوێنەر و بەپرسی کۆمارە نوێیەکەیە.

١٤– ئەوە بەرچاوروونی تێگەیشتنە لە کلیلی باروذۆخی فەرمانڕەوایکردن درۆزنانە کە لەدەستی ئێمەدایە، لەسەر بنەمای ئەو تێگەیشتنە هیچ کەس بێجگە لە ئێمە بۆ ماوەیەکی ئەوەندە درێژ کۆنترۆڵی دەستەڵاتی یاسادانانی نەکردووە.

١٥– کاتێك ئێمە دەستوری کۆماری نوێ دەخەینەروو، ئەنجوومەنی نوێنەران(پەرلەمان) لە دانانی دەستورە نوێیەکە بێبەش دەکەین، بەو

بیانوەی دەستور نهێنی دەوڵەتە، هاوکات مافی ئەوەیان پێنادەین پرسیار لەبارەی مەبستی ئەو پلانانە بکەن کە حکومەت دایاندەنێت.

سەرۆکی بوکەڵە، بەو دەستورە نوێیە ژمارەی نوێنەرانی گەل لە ئەنجوومەنی نوێنەران بۆ کەمترین ژمارە کەم دەکاتەوە، بەو شێوەیە ژمارەی نوێنەران لە ئارەزووی سیاسی و پەیوەسبوون بە سیاسەت کەمدەبێتەوە، ئەگەر نوێنەرە دوورخراوەکان لە دژمان وەستانەوە، رێگە بە نوێنەرە ماوەکانی ناو ئەنجوومەنی نوێنەران دەدەین ببن بە راوێژکاری گەل، سەرۆکی کۆمار مافی هەیە، سەرۆك و جێگر بۆ ئەنجووومەنی نوێنەران دابمەزرێنێت، هەروەها جێگر بۆ ئەنجووومەنی پیران دابمەزرێنێت، دانیشتنە بەردەوامەکانی پەڕلمان دەگۆڕین بۆ دانیشتنی ماوەکورت، وادەکەین دانیشتنەکانی پەرلەمان چەند مانگ جارێك بۆ ماوەیەکی کورت کۆببێتەوە.

هەروەها سەرۆکی کۆمار بەو پێیەی سەرۆکی دەستەڵاتی جێبەجێکردنە، مافی بانگهێشتکردن و هەڵوەشاندنەوەی پەرلەمانی هەیە، کاتێك ئەو مافەی هەیە، ئەوە مافی داواکردنی پەرلەمانێکی نوێ هەیە، بەڵام لە هەردوو حالەت سەرۆکی کۆمار بەپرسیارێتی ئەنجامی ئەو کارانەی ناکۆکە لەگەڵ دەستور دەگرێتە ئەستۆی خۆی، لەبەر ئەوەی هەڵوەشانەوەی پەرلەمان و داواکردنی بۆ پەرلەمانێکی نوێی سەرپێچیەکی رەهای دەستوورە، هەڵبەتە پێش ئەوەی پلانەکەمان تەواو بێت و پێبگات، بە پۆست و دراو وەزیرەکان و فەرمانبەرە کارگێڕیە

گەورەکانی دیکەی دەووری سەرۆک فریودەدەین، بۆ ئەوەی فەرمانەکانی سەرۆک فەرامۆش بکەن، هاوکات ڕێنمایی لەلای خۆیان دەربکەن، بەو شێوەیە وەزیر و فەرمانبەری یەکە کارگێڕیە گەورەکان ناچاردەکەین لە بری سەرۆکی دەوڵەت بەرپرسیارێتی ئەنجامی کارەکانی سەرۆک هەڵبگرن، هاوکات ڕێنماییان دەکەین، بە تایبەتی ئەو ئەرکە بە ئەنجوومەنی پیران یان ئەنجوومەنی شورای دەوڵەت یان ئەنجوومەنی وەزیران بدەن، بە پێچەوانە نابێت ئەو ئەرکە بە تاکەکان بدەن، سەرۆک بە ڕێنمایی ئێمە تەفسیری یاساکان دەکات، دەکرێت تەفسیرەکانی سەرۆک چەندین تێگەیشتن بە دەستەوە بدات. هاوکات سەرۆک دەتوانێت یاساکان هەڵوەشێنێتەوە، لە حاڵەتێکدا پرسی هەڵوەشاندنەوەی یاساکان ویستراو بێت، هاوکات سەرۆک مافی هەیە، یاسای کاتی نوێ پێشنیار بکات، ڕێکاری هەموارکردنەوە کاری دەستووری حکومەتە، کاتێك حکومەت پێویستی بەو کارەیە، ئەگەر پرس هەڵوەشاندنەوەی یاساکان و هەموارکردنەوەی دەستور بۆ بەختەوەری وڵات بێت.

١٦- نموونەی ئەو ڕێکارانە، وادەکات وردەوردە هەموو ئەو ماف یان پێگانە بەدەست بهێنینەوە، کە پێشتر ناچاربووین بیدەین بە سەرۆك، بە تایبەتی ئەو کاتەی دەستمان بەسەر دەستەڵاتدا نەگرتبوو. ئەو ماف و شانازیانەی بەدەستمان هێناوە، دەیخەینە نێو دەستووری وڵات، بۆ پڕکردنەوەی هەموو مافە دەستوورییەکانی لە مێژوودا هەمانبووە، بەو شێوەیە کاتێك – کاتی گۆڕینی هەموو حکومەتە بونیادنراوەکان دێت، لە

پێناوی حکومەتە ئۆتۆکراتییەکەمان، پاشا ئۆتۆکراتییەکەمان بناسە، ئەو دەتوانین پێش هەڵوەشاندنەوەی دەستووری حکومەتەکان، لێکۆڵینەوە لە پاشا ئۆتۆکراتییەکەمان بکەین.

١٧- بەوپەڕی پێداگری مەبەستم ئەوەیە، بزانی فەرمانڕەوایی ئێمە لەو چرکە ساتە دەستپێدەکات: کاتێك ئەو خەڵکە هاوار دەکەن ناکۆکی و جیاوازییەکان پارچە پارچە و لەت لەتیان دەکات، هەروەها ئازاردەبینن بەهۆی ئیفلاسی سیاسی و ئابووری فەرمانڕەوا بوکەڵەکەمان، هەڵبەتە هەموو ئەو نەفرەتی و نەهامەتیانەی خەڵك ڕووبەڕووی دەبنەوە(لەسەر دەستی ئێمە ڕێکخراوە و پلانی بۆ دانراوە).

١٨- خەڵك بە گشتی هاوار دەکەن و داوادەکەن: "ئەم فەرمانڕەوایانە لەسەر دەستەڵات لابدەن، یەك فەرمانڕەوای زانامان بۆبێنن، بتوانێت یەکمان بخات، هەموو هۆکارەکانی ناکۆکی نێوانمان بسڕێتەوە، هۆکاری ناکۆکییەکانمان: "سنور و نەتەوەکان و ئایین و قەرزی نێودەوڵەتی و ..." تێپەڕاندووە، هەروەها هاواردەکەن و داوادەکەن فەرمانڕەوایەکمان پێبدەن: ئاشتی و ئارامیمان بۆ دەستەبەر بکات، ئەو ئاشتی و ئارامیە لە سایەی حکومەت و سەرۆکە بوکەڵەکانمان و نوێنەرەکانمان، هەرگیز ناکرێت هەبێت.

١٩- بەڵام ئێوە ئەی فەرمانڕەوایانی جوو، بە ڕەهایی تێدەگەن و دەزانین، بۆ ئەوەی خەڵك بە گشتی بەو شێوەیە لەبەردەممان هاوار بکات و بکروزێتەوە، بێگومان پێویستە لە هەموو وڵاتان شڵەژانی پەیوەندی

نێوان گەل و حکومەت بەردەوامبێت، هەروەها ناکۆکی و شەڕ و رق و مردن بەردەوامبێت، لەپاڵ برسیەتی و هەژاری و بڵاوبوونەوەی پەتا و نەخۆشی، هەموو ئەو بەڵا و نەفرت و نەهامەتیانە دەگەن بە ئاستێك، گەلانی ناجوو هیچ دەرچەیەك یان رێگاچارەیەك بۆ دەرچوونیان لەو نەفرەت و نەهامەتیانە نابینن، تەنها ئەوە نەبێت پەنامانپێبگرن و بەچۆکدابێن و رووبکەنە دارایی و دەستەڵاتە کامیل و تەواوەکەی ئێمە.

٢٠- ئەگەر ئێمە کات بە نشتمانپەروەرکان بدەین هەناسەیەکی ئارام - پشوویەك بدەن، ئەوە هەموو شتێك لەدەست دەدەین، ئەو دەرفەتە جارێکی دیکە بۆ ئێمە دووبارە نابێتەوە، کەواتە نابێت بەزەییمان هەبێت و دەرفەتی هەناسەی ئارام و پشوو بە نەتەوییەکانی دیکە ناجوو بدەین.

پرۆتۆکۆلی یازدەم:

عەرشی دیکتاتۆری:

:(The Totalitarian State)

١- ئەنجوومەنی دەوڵەت(State Council) دەستەڵاتی فەرمانڕەوا جیادەکاتەوە و تەفسیر دەکات، ئەو ئەنجوومەنە، وەکو دەستەیەکی یاسادانانی فەرمی توانا و دەستەڵاتی هەیە، کۆمەڵەیەکن فرمان بۆ ئەوانە دەردەکەن کە لەسەر دەستەڵاتن.

٢- ئا ئەوە پرۆگرامی ئەو دەستورە نوێیەی ئێمەیە کە بۆ جیهانمان داناوە، ئێمە یاساکان دادەنێین، هەروەها مافە دەستووریەکان دیاری دەکەین، بەو ئامرازانە جێبەجێیان دەکەین:

١- فەرمانی ئەنجوومەنی یاسادانانی پێشنیارکراو لەلایەن سەرۆکی دەوڵەت.

٢- پەیوەستبوون بە فەرمانی گشتی و فەرمانی ئەنجوومەنی پیران و ئەنجوومەنی شوارى دەوڵەت و بڕیارەکانی ئەنجوومەنی وەزیران.

٣- پەیوەستبوون بە کودەتای سیاسی(Cuop detat) تاکو ساتی گونجاو دروست دەبێت.

٣- ئەوە ئامرازەکانی جێبەجێکردنمانە، لەگەڵ نەخشەی ڕێژەییمان لەسەر پلانی کارەکانمان، دانووستانی ئەو بەشانەی پلانی کارەکانمان

دەکەین، کە پێویستە بۆ ئێمە، بۆ ئەوەی شۆڕش لە کۆمەڵێك بەش یان لقی دەزگاکانی دەوڵەت بەپێی ئەو ئاراستەیە ڕوویدات، کە پێشتر ڕوونم کردەوە، مەبەستم لەو بەشانە: "ئازادی ڕۆژنامەگەری، مافی پێکهێنانی دەزگا و ڕێکخراوی ناحکومی، ئازادی بیرباوەڕ، هەڵبژاردنی نوێنەرانی گەل، ..."، هەروەها چەندین مافی دیکە لە ژیانی ئاسایی مرۆڤ بوونیان نابێت، بەڵام هەموو ئەو مافانە چیتر لە ژیانی مرۆڤ وون نابن، بەڵکو لە ڕۆژی دووەمی ڕاگەیاندنی دەستوری نوێی لە بنەماوە دەستور دەگۆڕین، ئێستا ئێمە لە سات و کاتی دیاریکراوەین، بەپێی پلانی دانراومان ئامادەین و لە هەموو ڕوویێك پارێزراوین، بەڵام بۆ ئەوەی هەموو گۆڕانکارییەکان ڕابگەیەنین، هۆکارێکی دیکە هەیە، ئەو گۆڕانکاریانەی هەموو ساتێك گەل هەستی پێدەکات، بە مسۆگەری ترسناکە، لەبەر ئەوەی ئەگەر گۆڕانکارییەکان بە توندوتیژی و زەبروزەنگ بوون، هەروەها بەبێ پاساوی یاسایی سەپاندمان، ئەوە خەڵك بێزار دەکات، بەو شێوەیە خەڵك لە ئاراستەی گۆڕانکاری نوێی هاوشێوەی گۆڕانکارییەکانی ڕابردوو دەترسن، لە ڕوویێکی دیکە، ئەگەر گۆڕانکارییەکان دەرفەتی سودێکی زیاتر بە گەل ببەخشێت، ئەوە خەڵك دەڵێن: ئێمە هەڵەکانی پێشووی خۆمان زانی، ئەوە وادەکات دەسەڵاتە نوێیەکە خۆی لە هەڵەکردن بەدوور بگرێت، یان لەوانەیە بڵێن: ئێمە لەسەر ملکەچبوون ئابڕومان بردراوە و بێزراین و قێزمان لێکرایەوە یان بەرنەفرەت کەوتووین، لەو حاڵەتە جیهان سوپاسمان ناکات، هەروەها جیهان بەخۆیان دادەچنەوە، مافی خۆیانە ملکەچی ئەو دەسەڵاتە بن کە

خۆیان گەرەکیانە، ئەگەر هەر یەك لەو کاریگەریانە لەسەر ئەقڵیی گشتی جێگیر بوو، ئەوە مەترسییەکی باڵا دەکەوێتە سەر دەستوری نوێ.

لەسەر بنەمای ئەو تێگەیشتنە، پێویستە لە ساتی یەکەمی ڕاگەیاندنی دەستوورە نوێیەکەدا ئاگاداربین، بەڵام تاکو ئێستا خەڵك لە شوێنەوارەکانی گۆڕانکاری چاوەڕواننەکراو ئازار دەچێژێت، چونکە خەڵك لە حالەتی سوکایەتی پێکردن و ئاژاوەدان، بۆیە دەزانن و تێگەیشتووین ئێمە بە مەزنترین هێزی تۆکمە و پڕ لە توندوتیژی ستوونی گەیشتووین، هەروەها دڵنیان بە ڕێزەوە سەیری بەرژەوەندییەکانیان ناکەین، دەمەوێت نەتەوەییەکان تێبگەن، ئێمە بۆچوون و ئارەزووەکانیان ڕەتدەکەینەوە، بەڵکو لە هەموو کات و شوێنێك ئامادەین بە دەستێکی بوێر و بەتوانا هەر ئاماژەیەك یان دەستەواژەیەك بۆ ئۆپۆزسیۆن بوون بخنکێنین.

دەمانەوێت خەڵك تێبگات، ئێمە دەستمان گرتووە بەسەر هەموو ئەو شتانەی ویستوومانە، ئێمە لە هیچ حالەتێك لە حالەتەکان ڕێگەنادەین نەتەوەییەکانی دیکە لە دەسەڵاتدا هاوبەش بن لەگەڵماندا، ئەو کاتە نەتەوەییەکانی دیکە بەهۆی ترسان چاویان لە ئاستی هەموو شتێك دەنوقێنن، بە ئارامی چاوەڕوانی پێشکەوتن لە داهاتوویێکی دوور دەکەن.

٤- ((نەتەوەییەکانی دیکەی نا جوو، وەکو مێگەلن، ئێمەش گورگین))، ئایە دەزانن مەڕ چی دەکات، کاتێك گەلە گورگ دێتە ناو مێگەلەکە؟

٥- مەڕەکان چاویان لە هەموو شتێك دەنقوێنن، گورگەکان بەرەو ئەو چارەنووسە پاڵیان دەنێن کە چاوەڕوانیان دەکات، بەڵام ئێمە پەیمان بە نەتەوەییەکانی دیکەی نا جوو دەدەین، دوای ئەوەی کۆتایی بە دوژمنانی جیهان دەهێنین، هەروەها هەموو هۆزەکان ملکەچ دەکەین، ئازادیەکانیان بۆ دەگێڕینەوە.

٦- هەڵبەتە پێویست ناکات پێتان رابگەیەنم، تاکو کەی چاوەڕوانییەکانیان درێژە دەکێشێت، تاکو ئازادیە ونبووەکەیان بۆ دەگەڕێتەوە.

٧- چی هۆکارێك هانیداوین ئەو سیاستە دابهێنین، تاکو نەتەوەییەکانی پێ (تلقین) بدەین؟ ئێمە ئەو سیاسەتەی خۆمان بە نەتەوەییەکانی ئەورووپا راگەیاندووە، بەبێ ئەوەی رێگابدەین درکی مەغزا شاراوەکانی بکەن، چی وایکردووە بەتوانین بێسنور لەسەر ئەو رێگایە بمێنینەوە، ئێمە نەژادێکی پێداگرین بۆ گەیشتن بە مەبەستەکانمان بە رێگایەکی راست - هەروەها بە فروفێڵ سەردەکەوین؟ ئا ئەوە هۆکارێکی ڕاست و دروستە، رەسەنایەتی لە رێکخستنی ماسۆنیماندایە، ئەو رێکخستنە ماسۆنییەی بەرازە نەتەوەییەکان تێیناگەن، لەبەر ئەوەی گەمژەن و گومان لە مەبەستەکان ناکەن، ئەوانمان خستە نێو گێژاوی رەوتەکەمان، رەوتەکەمان شتێك لە ماسۆنییەت زیاتر نییە، بۆ ئەوەیە خۆڵ بکەینە چاوی هاوڕێکانیان لە نەتەوەکانی دیکە.

٨- به سۆز و بەزەیی خودا گەلی هەڵبژێردراو بڵاوبووەوە، ئەو بڵاوبوونەوەیە وایکرد لەبەردەم جیهان لاواز دەرکەوین، بەڵام هەموو هێزمان بە نەگۆڕی گەیشت بە ناوەندی دەستەڵاتی باڵا[1].

٩- ((بۆ دانانی پلان لەسەر ئەو بنەمایە، لەوە زیاترمان لەدەستدا نییە، بۆ ئەوەی بگەین بە ئامانجەکامان)).

پرۆتۆکۆلی دوازدە:

---

[1]- ئەو دەقەی جوولەکان زۆر راستە، جوولەکان بە هەموو وڵاتانی جیهان بڵاوببوونەوە، لەگەڵ هاوڵاتییانی هەموو وڵاتێکدا، وەکو خەڵکی ئەو وڵاتە رەفتاریان دەکرد و خۆیان دەگونجاند، هاوکات لە هەموو وڵاتانی جیهان خەڵکی خۆیان هەبوو، جوولەکان گاڵتە بە سیاسەتی هەموو ئەو وڵاتانە دەکەن کە ژمارەیان تیایدا زۆرە، بۆ نموونە لە: (بەریتانیا، ئەمریکا، روسیا) ئەو وڵاتانەیان بۆ بەرژەوەندی نەتەوەیی خۆیان بەکارهێناوە و کاریگەریان لەسەر سیستەمی سیاسی و دەستەڵاتی فەرمانڕەوایی هەبووە ، هەموو جوولێکی نیشتەجێبوو لە هەر وڵاتێکی جیهاندا، بە ئاشکرا یان بە نهێنی سەر بە رێکخراوێکی نهێنی سەهیۆنی بووە، بەردەوام بۆ بەرژەوەندی و ئامانج و مەبەستەکانی دەوڵەتی باڵای سەهیۆنی کاریانکردووە.

دەستگرتن بەسەر رۆژنامە و بڵاوکراوەکان:

:(Control of the Press)

١- دەتوانین چەمکی ئازادی بە دیدگای جیاواز تەفسیری بکەین.

٢- ئێمە بەو شێوەیە دەیبینین: ئازادی: مافی کارکردنی رێگا پێدراوە بەیاسا، پێناسەکردنی چەك بەو ئاراستەیە سودی بۆ پرسەکەمان دەبێت: پێناسەی ئازادی ماوەمان پێدەدات بڵێین: ئازادی لەکوێیە؟ پێویستە کەی نەبێت؟ ئەو تێگەیشتنە هۆکارێکی سادەی هەیە، یاسا رێگەپێنەدراوە، تەنها بەو کارانە نەبێت ئێمە ئارەزووی دەکەین.

٣- لەسەر ئەو مێتۆدە هەڵسوکەوت لەگەڵ رۆژنامەکان دەکەین، ئەو رۆڵە چییە، رۆژنامەگەری لە سەردەمی ئێستادا دەیبینێت؟ رۆژنامەکان هەڵدەستن بە بزواندنی سۆزی چارچنۆکی خەڵك، هەندێکجار رۆژنامەکان جەدەل و چەڵەحانێی حیزبی خۆپەرستانە دەوروژێنن، لەوانەیە بۆ مەبەستەکانمان پێویست بێت، رۆژنامەکان لەوانە زیاتر هیچی دیکەیان نییە، بابەتەکانی دیکەیان بێبنەما و ستەمکار و بێبەزەیی و زیادەن، زۆربەی خەڵك درکی کەمترین مەبەستە راست و دروستەکانی رۆژنامەکان دەکەن، ئێمە لە رێگای نوێنەرەکانمان رۆژنامەکان دەرازێنینەوە و بە یەك جڵەو بەڕێوەیدەبەین، هەروەها پێویستە دەستمان بە بەڕێوەبردنی ناوەندەکانی دیکەی بڵاوکراوەکان بگات، تەنها کۆنترۆڵکردنی هەفتەنامە

و ڕۆژنامەکان سودی نابێت، لەبەر ئەوەی بەردەوام ڕووبەڕووی هێرشی بڵاوکراوە و کتێبەکان دەبینەوە.

بەرهەمی بڵاوکراوە بە نرخەکان لە سەردەمی ئێستا دەگۆڕین، داهات و قازانجەکەی دەگێڕینەوە بۆ حکومەتەکەمان، لە ڕێگای پێشکەش کردنی پسوڵەی باجی دیاریکراو، هاوکات بۆ بڵاوکردنەوە و چاپکردنی بابەتەکان، نووسەران ناچاردەکەین بڕێك پارە بۆ دڵنیایی پێمانبدەن، بۆ ئەوەی حکومەتەکەمان لە هەموو جۆرە هێرشێك بپارێزین کە لەلایەن ڕۆژنامەکان دەکرێت، ئەگەر لەلایەن نووسەرێك هێرش کرایە سەر حکومەتەکەمان، لە هەموو ڕوویێك پێبژاردن(غقرامة)ی بەسەردا دەسەپێنین، ڕێکارەکانی وەکو دانان و سەپاندنی "باج و دڵنیایی و پێبژاردن" دەبنە داهاتێکی گەورە بۆ حکومەتەکەمان، بەدڵنیایی ڕۆژنامە حزبییەکان ئامادەنین بڕی (غەرامەی)زۆر بە حکومەت بدەن، لەبەر ئەوە لە کاتی هێرشی مەترسیداری ڕۆژنامەکانیان، هەڵدەستین بە پەکخستنی هەموو ڕۆژنامە و بڵاوکراوەکان. هیچ کەس نییە دوای ئەوەی شکۆی بێتاوانی و بێهەڵەییمان لەکەدار دەکات، بەبێ سزا ڕزگاری ببێت، بە پاساوی داوای لێبوردن لە دەستەی بڵاوکراوەکان، دەڵێن: ئەو بابەتەی بڵاکرابووەوە، دوور لە ڕێسا و یاسا و پرنسیپەکان رای گشتی وروژاندوە. لە ئێوە دەپرسم، هزر و ئەقڵیی خۆتان ئاراستەی بڵاوکراوە هێرش بەرەکان و بڵاوکراوەکانی ئێمە بۆ مەبەستەکانمان بڵاویان دەکەینەوە

بکەن، ڕۆژنامە هێرش بەرەکان هێرش دەکەنە سەر ئەو خاڵانەی کە دەیانەوێت لە سیاسەتماندا بیگۆڕین.

٤- لە هەقیقەتدا هەواڵەکان بەبێ تێپەڕبوونیان بە ویستی ئێمە ناگات بە خەڵك و کۆمەڵگە، هەموو ئەو هەواڵانەی تاکو ئەمڕۆ لە ڕۆژنامەکاندا بینومانە بەو شێوەیە بوون: هەواڵەکان جەخت لەسەر هەموو لایەکی جیهان دەکەن، لەلایەن ناوەندەکانی ڕۆژنامەگەری(Agencies) پێماندەدرێت ژمارەیان کەمە، وەلێ کاتێك ئێمە دەگەین بە دەستەڵات ناوەندەکانی ڕۆژنامەگەری و بڵاوکردنەوە دێنەپاڵمان، ئەو کاتە تەنها ئەو هەواڵانە بڵاودەکەینەوە کە خۆمان بڕیاریان لەسەر دەدەین.

٥- ئەگەر لەو حالەتەی ئێستا گەیشتن بە بەڕێوەبردنی کۆمەڵگەی نەتەوییەکانی نا جوو، وادەکەین نەتەوییەکانی بەو چاویلکە ڕەنگاوڕەنگانەی ئێمە خستوومانەتە بەرچاویان سەیری دۆخ و ڕووداوەکانی جیهان بکەن، ئەوەی گرنگە تاکو ئێستا هیچ بەربەستێك لە بەرەوپێشچوونماندا نییە، ڕێگری لە گەیشتنمان بە نهێنی دەوڵەتان بکات، نەبوونی ئاستەنگ بۆ ڕێگریکردن لە گەیشتنمان بە نهێنی دەوڵەتان، دەگەڕێتەوە بۆ گەمژەیی نەتەوەییەکانی دیکەی نا جوو. کەواتە هەڵویستمان چۆن دەبێت، کاتێك بە فەرمی دەزانین فەرمانڕەوایی کردنی جیهان، لە یەك کەسایەتییەکدا هەیە، ئەو کەسایەتییە ئیمپراتۆری ئێمە و فەرمانڕەوای جیهانە...؟

٦– با بگەڕێینەوە بۆ داهاتووی بڵاوکردنەوە، هەموو مرۆڤێك ئارەزوو دەكات ببێت بە نووسەری ڕۆژنامە یان نووسەری كتێب یان بابەت چاپ بكات، بۆ ئەم مەبەستە ناچارە بڕوانامە و مۆڵەت بەدەستبهێنێت، ئەگەر لەكاتی بڵاوكردنەوەی هەواڵ یان نووسین سەرپێچی كرد، ئەوە بڕوانامە و مۆڵەتی كاركردنی لێدەسەندرێتەوە. ئەو ناوەند و كەناڵانەی هەڵگری ئایدیای مرۆڤانەن، شوێنێكن بۆ ئەوەی تاكەكان دید و بۆچوونەكانیانی تیادا دەرببڕن، بە ئامرازە پەتیەكانی دەربڕینی لە دەستی حكومەتەكەماندایە، هاوكات حكومەتەكەمان كۆنترۆڵی هەموو بوارەكانی ڕاگەیاندنی كردووە، هەروەها حكومەتەكەمان خودی ناوەند و كەناڵەكانی وەكو ئامرازێكی پەروەردەیی بەكار دەهێنێت، بەو ئامرازانە ڕێگری لە گەل دەكەین، ڕەخنەیان لێدەگرین بۆ ئەوەی لە خەیاڵی ئازادیخوازی لایان بدەین، لێرەوە گەل نازانێت خەیاڵی بەختەوەری ڕێگایەكی ڕاستە بۆ گەیشتنیان بە بەختەوەری یان شاری چاك – یۆتۆپیا(Utopia)، ئەو شارە یۆتۆپیایەی سەرچاوەی هاتنە ئارای ئاژاوە و ڕقبوونەوە لە دەستەڵات بووە؟ هۆكاری پەیدابوون یان هاتنە ئارای ئاژاوە و ڕق و ئایدیای پێشكەوتنی ئازادیخوازی بووە، ئایدیای ئازادیخوازی پێشكەوتوو خەڵكی گەیاندووە بە ئایدیای تێكەڵ و ئاڵۆز بۆ ئازادبوون، بەبێ ئەوەی بتوانن سنورێك بۆ ئایدیاكانیان دابنێن، هەموو ئەوانەی پێیان دەڵێن: ئازادیخواز ئاژاوەچین، ئەوەی لە كار و ڕەفتارەكانیاندانیە، بە دڵنیایی لە ئایدیا و هزریان دایە، هەریەكێك لە ئازادیخوازەكان لەدوای ڕوویێكی ئازادی دەگەڕێن، كە خۆی گەرەكییەتی و لەگەڵ ئارەزووەكانی و

بەرژەوەندییەکانی خودی خۆی گونجاوە، بە بۆچوونی خۆی دەتوانێت ئەوە بکات کە ویستی لەسەرە، بەوپێیە هەر ئازادیخوازە کەوتووەتە دوای جۆرێك ئاژاوە و ئۆپۆزسیۆنبوون، ئەو کەسە چاکترین ئازادیخوازە تەنها ئارەزووی لە ئۆپۆزسیۆنبوونە.

٧- ئێستا دانووستان و گفتوگۆ لەسەر پرسی بڵاوکراوەکان دەکەین: ئێمە بە هەمان شێواز باج بەسەر بڵاوکردنەوەکان دەسەپێنین، وەکو چۆن باجمان بەسەر هەفتەنامەکان و رۆژنامەکاندا سەپاند، یان لە رێگای سەپاندنی دەستەبەری و پارە خەواندن، بەڵام بۆ کتێبێك ژمارەی لاپەڕەکانی لە (٢٠٠) لاپەڕە کەمتر نەبێت، باجی زیاتر دەسەپێنین، کە برەکەی دوو ئەوەندەی قورسایی کتێبەکە بێت، کتێبی بچووك بە بڵاوکراوە دادەنێین، بۆ ئەوەی هەفتەنامە و رۆژنامەکان بە بەردەوامی دەردەچن، واتە هەفتانە و رۆژانە، کەم بکەینەوە، چونکە ((رۆژنامە و هەفتەنامەکان کاریگەرترین ژەهری بڵاوکراوەکانن)).

ئەو رێکارانەی وادەکات خەڵك رقی لە کتێب ببێتەوە، برەو بە بڵاوکردنەوەی کتێبی لاپەڕە زۆر و قەبارە گەورە دەدەین، چونکە کەسانێکی کەم لە نێو خەڵکی گشتی کتێبە قەبارە گەورەکان دەخوێننەوە، هەروەها لەبەر کواڵیتی و جۆری تایبەتی چاپەکانیان، نرخی کتێبەکان بەرزدەبێتەوە، هەموو ئەو هۆکارانە وادەکەن خوێنەران نەتوانن کتێبە باشەکان بخوێننەوە، لە بەرانبەردا ئێمە بە خودی خۆمان کتێبی هەرزان لە رووی نرخ بڵاودەکەینەوە، بۆ ئەوەی خەڵکی گشتی

بیانخوێننەوە، لە نووسینی کتێبەکانمان ئەقڵمان ئاراستەی ئەو بوارانە دەکەین کە خۆمان ئارەزووومانە، نموونە (بابەتی چێژبینین و بێبنەما و رۆمانسی).

٨- بەو پێیە سەپاندنی باج بەسەر بڵاوکردنەوەی کتێب، وادەکات نووسینی بەپێز کەم ببێتەوە، هاوکات بۆشایی لە بواری نووسین دروست دەبێت، ئامانجی سەرەکیمان لە بوونی بۆشایی لە بواری نووسیندا خودی نووسین نییە، چونکە لەبنەماوە نووسەران بەرپرسی نووسینەکانیانن لەبەردەم یاسا، هاوکات هەموو نووسەران دەخەینە ژێر چاودێری خۆمان، بەو شێوەیە هیچ نووسەرێك نابینین چیتر بە قەڵەمەکەی بنووسێت و هێرش بکاتە سەرمان و لە رۆژنامە و کتێبەکان بڵاویکرێنەوە.

پێش چاپکردنی هەر جۆرە نووسینێك، پێویستە لەسەر ئەو لایەنەی بڵاویدەکاتەوە یان چاپی دەکات، بۆ بڵاوکردنەوە مۆڵەت لە دەسەڵات وەربگرێت، بەو شێوەیە هەموو پیلانێکی لە دژی خۆمان پێش وەخت دەزانین، هاوکات توانامان هەیە بە زانینی فێڵی پێشوەختی نووسەرەکە سەری پان بکەینەوە، هەروەها راگەیاندنێك لەسەر نووسینەکەی بڵاوبکەینەوە. ئەدەب و رۆژنامە مەزنترین هێزی فێرکردنی مەترسیدارن، لەبەر ئەوە حکومەتەکەمان زۆرترین ژمارەی رۆژنامە بەردەوامەکان دەکرێت و لەناو دەبات، تاکو کەمترین خەڵك بیانخوێنێتەوە. بەو رێگایە کاریگەری خراپی هەموو رۆژنامە سەربەخۆکان پەکدەخەین، بە دەسەڵاتێکی زۆر گەورە بەسەر ئەقڵیی مرۆڤ زاڵدەبین.

٩- ئەگەر ڕێگەماندا بە بڵاوکردنەوەی (١٠) ڕۆژنامە، ژمارەی بڵاوکراوەکان فروان دەبێت تاکو بۆمان دەبێت بە (٣٠) ڕۆژنامە، بەو شێوەیە زیادەکات و بەردەوام فروان دەبێت.

١٠- پێویستە گەل دڕدۆنگ نەبێت کەمترین گومان لەو ڕێکارانە بکات، کە بۆ بڵاوکردنەوە پەیڕەوی دەکەین. لەبەر ئەوە پێویستە ئەو ڕۆژنامە بەردەوامانەی خۆمان لە ڕێگەی نوێنەرەکانمان (جاسوس) بڵاویاندەکەینەوە، وادەربکەون دژی دیدگا و بۆچوونەکانمانن.

١١- بەو شێوەیە متمانە بە خوێنەرانی ڕۆژنامەکان دەدەین، هاوکات لە بڵاوکراوەکانمان دیمەن و ڕوخساری سەرنجڕاکێشی ئەو دوژمنە ئەدیب و نووسەر و سیاسی و ئایینی و کۆمەڵایەتییانە دەخەینە ڕوو، بۆ ئەوەی گومانمان لێناکەن ئەو ڕۆژنامانە لەلایەن ئێمە دەردەچێت، بەو ڕێکارە بە تێپەڕبوونی کات ناوبراون لە نووسەران و ئەدیبان و سیاسیان و ... دەبنە هاوبەشمان[1]، چونکە بە تێپەڕبوونی کات خەڵک گومانیان لێدەکات و لە هێزی گەل دادەماڵرێن یان هێزیان نامێنێت.

---

[1]- واتە نووسەرەکان بە ناچاری دڵسۆزی خۆیان بۆ جوولەکان ئاشکرادەکەن، بەو شێوەیە جوولەکان دەتوانن پەیوەندیان پێوەبکەن، ڕەفتاریان لەگەڵ دەکەن وەکو ئەوەی هاوبەشیانن، بە تێپەڕبوونی کات دەیانخەنە ژێر کۆنترۆڵی خۆیان و لە بەرژەوەندی خۆیان کاریان پێدەکەن.

رۆژنامە فەرمییەکان لە ریزی یەکەم دادەنێن، بەردەوام بە ئاگان بۆ بەرگریکردن لە بەرژەوەندییەکانمان، ئەو رۆژنامانە کاریگەریان لەسەر گەل بە رێژەیی لاوازە، رۆژنامە نیمچە فەرمییەکان لە ریزی دووەم دادەنێین، ئەرکی ئەو رۆژنامانە راکێشانی بێلایەنەکانە بۆ لای خۆمان. ئەو رۆژنامانەی دوژمنانمان لەخۆدەگرێت لە ریزی سێیەم دێن، لە یەکێك لە چاپەکانی یان ژمارەکانی نەیارەکانمانی تێدا دەردەکەوێت، دوژمنە هەقیقیەکانمان، ئەو ئۆپۆزسیۆنانەن پشت بەو رۆژنامەیە دەبەستن، لەناو ئەو رۆژنامانە بە خودی خۆیان تاوان و دەستەکانیان بۆمان ئاشکرادەکەن.

١٢- ئێمە رۆژنامەی زۆرمان هەیە، گروپی جیاواز لە: "ئەرستۆکراتییەکان و کۆمارییەکان، شۆڕگێڕەکان، ئاژاوەچییەکان" پشگیری دەکەین، هەڵبەتە تاکو دەستوورەکان بە ناچاری دابنرێن، رۆژنامەکان وەکو خودای هیندی ڤیشنو(Vshnu)[1] سەدان لایەنگریان دەبێت،

[1]- خودای هندۆسی(براهما، تاکە بەڵام سێ ناوی هەیە، یەکێك لە ناوەکانی (ڤیشنو)یە، شوێنکەوتەکانی بەپێی رەفتارەکانیان لە گەردوون دەستی لێدەدەن لەبەردەمی نزادەکەن و داوای بەجێهێنانی ئاوات و مەبەستەکانیان دەکەن، ئەو خودایە لەسەر شێوەی مرۆڤە و سەدان دەستی هەیە، ژمارەی دەستەکانی ئاماژەن بۆ کار و تواناکانی، دەستەکان بە گشتی هیمای ژیانن، زۆریان هیمای توانای گشتی و دەستگەیشتنیەتی بەسەر هەموو شتێك، بۆیە

لایەنگەرەکان بۆ مەبەستی تایبەتی خۆیان لایەنگری رۆژنامەکانمان دەکەن، بەلام دەستەی نووسەرانی رۆژنامەکانمان بە هەلگەڕاوەیی تریەکانی دلّی رای گشتی دیاری دەکەن، بە واتایەکی دیکە هەموو کەسێك بە هەلگەڕاوەیی دەست بۆ رای گشتی دەبات و لێی تێدەگات. هەر کاتێك بیەوێت تریەکە خێرابێت، ئەوە دەستەکە رای گشتیی بە ئاراستەی مەبەستەکانمان رادەکێشێت، چونکە ئاسانە نەخۆشی مێشك ماندو، بەویستی خۆت ئاراستە بکەی، هەروەها ئاسانە بکەوێتە ژێر کاریگەری هەر جۆرێك لە جۆرەکانی خەلك، کاتێك چەنەباز و زۆر بلێیەکان تۆمەت دەبەخشنەوە، کەواتە خەلك پێویستیان بە راو بۆچوونی رۆژنامە حیزبییەکان نییە، لە هەقیقەتدا رای تایبەتی ئێمەیان گەرەکە، یان ئەو رایەیان گەرەکە کە ئێمە دەمانەوێت، ئەو چەنەبازانە وادەزانن شوێنی رۆژنامە حیزبیەکەی خۆیان کەوتوون، بەلام لە هەقیقەتدا شوێنی یاریەك کەوتوون لە سەروی حیزب دەیانجوولێنێت یان ئاراستەیان دەکات.

١٢- بۆ ئەوەی سوپا رۆژنامەوانییەکەمان بە پشتیوانی گروپە جیاوازەکان رۆحی ئەو بەرانامەیە بۆ دەرخستن جێبەجێ بکەن، پێویستە لەسەرمان رۆژنامەکانمان زۆر بە وردی رێکبخەین.

خەلکی بۆ هەموو حەز و ئاوات و مرازێك دەچنە بەردەمی و کڕنۆش دەبەن و دەستی لێدەدەن.

بۆ ئەم مەبەستە، بەناوی دەستەی ناوەندی رۆژنامەوانی(Central Commission Of the Press)، کۆبوونەوەی ئەدەبی ڕێکدەخەین، بەبێ ئەوەی ئاگاداری نوێنەرەکانمان بکەین، ئاماژە بە دەستەبەری(countersigns) و وشەی نهێنی(Password) دەکەن، لە ڕێگای گفتووگۆکردن لەسەر سیاسەتەکانمان و دژایەتی کردنی رۆژنامەوانەکان، بە بەردەوامی وەك پێویست بە رووکەش، بێ ئەوەی زیان بە واقیعی بەشە گرنگەکان بگەیەنن، ئەندامانمان بەردەوام دەبن لە جەدەل و گفتووگۆی لاوەکی تیۆری، لەگەڵ رۆژنامە فەرمییەکاندا، بۆ ئەوەی پاساومان پێبدەن، تاکو پلانەکەمان بە وردی دادەنێین، تاکو بتوانین لە راگەیاندنی پەرلەمانی پلانەکەمان رابگەیەنین،

١٤- هەڵبەتە ئەو کۆبوونەوە ئەدەبییە پێویستە بۆ بەرژەوەندییەکانمان بەکاربهێنین، هەروەها دژایەتییەکان لەپاڵ کاری رۆژنامەوانی خزمەت بە مەبەستەکانمان بکات، بەو شێوەیە خەڵکی باوەڕدەکەن ئازادی قسەکردن بەردەوامە، هەروەها دەرفەت بە نوێنەرانمان(Agents) دەدات، بتوانن بڕوا بەخەڵك بهێنن، کە نەیارەکانمان بەبێ بنەما تاوانبارمان دەکەن، هاوکات نەیارەکانمان ناتوانن بنەمایەکی هەقیقی بۆ ئەو تاوانانە بدۆزنەوە کە لەدژمان هەڵیانبەستاوە، تاکو پشتی پێببەستن بۆ رەخنەگرتن لە سیاسەتەکانمان و تێکشکاندنیان.

١٥- ئەو ڕێکارانە تێبینییەکانی سەر ئاگایی خەڵك دەسڕێتەوە، هەروەها سەرکەوتووترین ئامراز و ڕێگایە بۆ سەرکردایەتی کردنی ئەقڵیی خەڵك، هەروەها بۆ زیندو کردنەوەی بڕوا و متمانەی خەڵك بە حکومەتەکەمان.

بەهۆی ئەو ڕێکارانە دەتوانین ئەقڵیی گەل بوروژێنین و لە پرسە سیاسییەکان ئارامی بکەینەوە، بە تایبەتی ئەو کاتە پێویستە لەسەرمان ئەو کارە بکەین، کە دەتوانین لە ڕێگەی ڕۆژنامەکانمان ڕازیان بکەین یان بیانخەینە کێشە، بە چاپکردنی هەواڵی ڕاست یان هەڵبەستراوی درۆ، واتە لە ڕێگای بڵاوکردنەوەی هەواڵی هەقیقەت یان دژی هەقیقەت بەپێی گونجاویان لەگەڵ مەبەستەکانمان.

کەواتە ئەو هەواڵەی بڵاویدەکەینەوە پشت دەبەستێت بە شێوازی گەل، بەو شێوەیە گەل هەواڵەکان پەسند دەکات، ئاگامان لە خۆمان دەبێت، وەڵێ زۆر بەئاگایانە ((زەوی ئاقیدەکەینەوە پێش ئەوەی لەسەری بڕۆین)).

ئەو کۆت و بەندانەی دەیسەپێنینە سەر بڵاوکراوە تایبەتەکان، وەك بینیمان، یارمەتیمان دەدات لە سەرکەوتن بەسەر دوژمنەکانمان دڵنیابین، چونکە هیچ ئامراز و هۆکارێکی ڕۆژنامەگەری لە ژێر دەستیاندا نییە، تاکو بتوانن بە هەقیقی دید و بۆچوونەکانیان دەربڕن، ئێمە ناچارنین ئامرازی ڕۆژنامەگەری بخەینە بەردەستیان، ئەگەر بۆ کاری جێبەجێکردنی هەموو پرسەکانیشیان بێت.

١٦- لەو وتارە بێ واتایانەی(Ballon dessai) لە ڕۆژنامەکانی ڕیزی سێیەم بڵاویاندەکەینەوە، کۆتایی بە لێبوردنەکان دەهێنین، لە کاتی پێویست بە نیمچە فەرمی سزاکان جێبەجێی دەکەین(_ Semi officall).

١٧- ئێستا ڕۆژنامەکانی فەرەنسا لەسەر بەرنامەی تێکەیشتنی ماسۆنی بەڕێوەدەچێت، بۆ پێدانی ئاماژەی دڵنیابوون، هەموو ئەندامانێکی ڕۆژنامەکان لەسەر شێوازی کانزای کۆن(Ancient oreles)، بە نهێنی ئاڵوگۆڕی پیشەیی بەیەکەوە بەستراونەتەوە، هیچ یەکێك لە ئەندامەکان نهێنیەکانی دەیزانێت ئاشکرا ناکات، نموونەی ئەو نهێنیانە لەلایەن هیچ کەس پەخشناکرێت بەسەر ئەندامەکانی دیکە، هیچ ڕۆژنامەنووسێك بۆی نییە، بەتاك ئازایانە ئەو نهێنییانەی پەیمانی پاراستنی داوە ئاشکرا بکات، هۆکارەکەی ئەوەیە ڕێگە بە کەس نادرێت بێتە نێو جیهانی ئەدەب، ئەگەر لە ژیانی ڕابردوی هەڵگری هەندێك ئەدگاری((Marks)) ڕیسوایی یان شەرمەزاری (Shady) نەبێت. کەواتە پێویستناکات کەمترین هێمای ماسۆنیی بوونی خۆی دەربخات، تاکو کەسی بەرانبەری بە خێرایی ئەدگاری ڕیسوایی یان شەرمەزاری خۆی ئاشکرا دەکات، بەڵام ئەو ئەدگارە ناسراوانە، کە تایبەتمەندی ژمارەیەکی کەمە بە نهێنی دەمێنێتەوە، بە پێچەوانە ڕۆژنامەوانە ماسۆنییە گەورەکان بە شکۆی ڕۆژنامەوانی ڕای گشتی لە هەموو وڵات بۆ خۆی ڕادەکێشێت، خەڵکی ڕەخنەی لێدەگرن و سەرسامی دەبن.

١٨- پێویستە لەسەرمان بە تایبەتی پلانەکەمان بۆ ناو هەرێمەکان (Previnces) درێژبکەینەوە، هەروەها پێویستە ئایدیا بخوڵقێنین، هەڵبەتە جۆرەها بۆچون و ئایدیا ئامادەبە، دەتوانین لە هەر کاتێك بمانەوێت ئەو بۆچوون و ئایدیایانە دابەزێنین بۆ پایتەخت، هاوکات وەکو بۆچوون و ئایدیای جیاواز لە هەرێمەکانی دیکە پێشکەشی بەرپرسانی پایتەختی وڵاتی بکەین.

بێگومان سەرچاوە و رەسەنایەتی ئایداکەمان ناگۆڕێت: مەبەستم ئەوەیە سەرچاوەی ئایدیاکانمان خۆمانین، ئەرکە لەسەرمان پێش ئەوەی دەسەڵات بسەپێنین، هەندێکجار شارەکان لەژێر بۆچوونی هەرێمەکاندابێت، واتە هەرێمەکان هەڵگری بۆچوونی زۆرینە بێت، ئەو پلانەی لە پێشدا ئێمە دامانڕشتبوو، پێویستە بۆ ئێمە لەو ماوەیەدا پایتەخت بەو بۆچوونەی هەرێمەکان نەزانێت، بۆ ئەوەی کاتی نەبێت گفتوگۆی هەقیقەتی بۆچوونە جیاوازەکان بکات، بەڵکو بۆ ئەوەی بە ئاسانی سەرجەم بۆچوونە جیاوازەکان پەسند بکات، لەبەر ئەوەی زۆرینەی هەرێمەکان بۆچوونیان جیاوازە لەگەڵ پایتەخت.

بەو پێیە دەگەین بە سەردەمی مێتۆدی نوێی، یان لەو ماوەیە دەچینەوە بۆ وڵاتی خۆمان، پێویستە رێگە بە رۆژنامەکان نەدەین، شرۆڤەی رووداوە تاوانکارییەکان نەکەن، بەڵام پێویستە گەل باوەڕبکات مێتۆدی نوێی بە ئاستێك سەرکەوتووە کە تاوانکاری زیادی کردووە، هەروەها

پێویستە ئەو ڕووداوە تاوانکاریانەی ڕوودەدەن، تەنها قوربانییەکان ئەوانەی ڕێکەوتووین لەسەری بە زانینی تاوانەکان ئازار دەکێشن بزانن.

پرۆتۆکۆلی سێزده:

سەرقاڵکردن:

:(Distractions)

١- پێویستە ڕۆژانە لە ڕۆژنامەکاندا هەواڵی ڕقلێبوونەوە لەلایەن نەتەوەییەکان (Goyim) بۆ خەڵك هەبێت، بەبەردەوامی ڕقلێبوونەوە لە دەستەڵات و یەکدی وێردی سەرزمانیان بێت، تاکو ئەو نەفرەتیانە لە خزمەتماندا بمێننەوە، ئەو نەتەوییانەی لە ڕۆژنامەکانماندا کاردەکەن و بەکاریاندەهێنین، بە ویستی ئێمە گفتوگۆ لەسەر هەندێك پرس دەکەن، ئەو پرسانە لەلای خەڵك ویستراو نینە، تاکو لە ڕۆژنامەکانماندا ئامارەیان پێبکەین، بە تایبەتی لە ڕۆژنامە (Gazette) فەرمییەکانمان ئامارەیان پێبکەین، بەڵام هەموو دەستوێژ و هۆکارێکی گفتوگۆ و دانووستان بەکاردەهێنن، لەکاتی گفتوگۆ و دانووستانەکاناندا ئەو یاسایانە جێبەجێ دەکەین کە پێویستمان پێیانە، یاساکان دەخەینە بەردەمی خەڵك، بەو واتایەی یاساکان هەقیقەتی بەرجەستە و جێبەجێکراون.

دوای ئەوەی یاساکان دەخەینە بواری جێبەجێکردن، کەس ناوێرێت داوای پێداچوونە و هەموارکردنەوە بە یاساکاندا بکات، بە تایبەتی کاتێك دەردەکەوێت جەخت لەسەر پێشخستنی یاساکان دەکەین، هاوکات ڕۆژنامەکانمان تێڕوانینی خەڵك لەسەر کێشە نوێیەکان دووردەخەنەوە،

هەڵبەتە(ئێوە بەخودی خۆتان دەزانن، ئێمە بە بەردەوامی گەل فێردەكەین، لەدوای كێشەی نوێ بگەڕێت)، هاوكات سەركێشە سیاسیە گەمژەكان پەلەدەكەن، بۆ گفتووگۆكردن لەسەر كێشە نوێیەكان، هەروەها ئەو هاوڵاتیانەی لە ئەمڕۆدا تێناگەن، هاوشێوەی سیاسییە گەمژە سەركێشەكان چەلەحانێ لەسەر كێشەكان دەكەن. مەبەستمان ئەو كێشە سیاسیانەیە، كە خەڵكی ئاسایی لێی تێدەگەن، هەروەها مەبەستمان لەو كێشە سیاسیانەیە كە خەڵكی ئاسایی ناتوانن دركی هەقیقەتەكەی بكەن و لێیان تێبگەن، واتە خەڵك بەبێ ئەوەی هەقیقەتی پرسە سیاسییەكان بزانن گفتووگۆیان لەسەر دەكەن، بەڵكو تەنها ئەو فەرمانڕەوایانە دەتوانن لێیان تێبگەن كە خۆمان بە دەستەڵاتمان گەیاندوون.

٢- فەرمانڕەواكان ئەوانەن لە سەردەمانێكی زۆر زووەوە ئەزموونی تێپەڕاندنی دۆخەكانیان كردووە، تێكەڵی سیاسەت بوونە، بۆ ئەوەی لە هەموو ئەو پرسانە تەواوبین، كاتێك رایگشتی بەدەستدەهێنین، بەو ئاراستەیە كاردەكەین، بۆ ئەوەی كاری دەزاگاكانمان (Machinary) ئاسانتر بكەین، تێبینی بكەن: ئێمە داوای رەزامەندی لەسەر هەموو پرسەكان دەكەین، بەڵام بە قسە، نەك بە پراكتیكی، واتە رەزامەندی تیۆریمان لەسەر پرسەكان گەرەكە. ئێمە لەسەر هەموو رێكارەكانمان جەخت لەسەر پەیوەستبوون بە هیوا و بەقین دەكەین، بۆ بەرژەوەندی گشتی.

٣- بۆ ئەوەی خەڵکی ئاژاوەچی بە گفتووگۆی پرسە سیاسییەکان سەرگەردان بکەین، بەرەو کێشەی نوێیان ببەین، یان بەرەو کێشەی "پیشەسازی و بازرگانیان" ببەین، دوای ئەوەی دەکەونە ناو جەڵەحانێ لەسەر ئەو کێشە نوێیانە، لێیاندەگەڕێن وەکو خۆیان پێیان خۆشە بە گفتووگۆ و دانووستان جەخت لەسەر ئەو پرسانە بکەن.

لەگەڵ خەڵکی گشتی هاوڕادەبین، لە چالاکی سیاسی دوورکەنەوە و وازبهێنن، ئەگەر رابواردن یان کات بەسەربردنێکی نوێمان پێدا، یان بازرگانیمان پێدا، بەو شێوەیە هەوڵدەدەین خەڵك باوەڕبکەن بازرگانیش پرسێکی سیاسییە، ئێمە بە خودی خۆمان هانی خەڵکی گشتیماندا‌وە بەشداری لە سیاسەتدا بکەن، بۆ ئەوەی پشتیوانیان لە شەڕکردنمان دژی حکومەتە نەتەوەییەکان مسۆگەر بکەین.

بۆئەوەی گەل دوور بخەینەوە لەوەی بتوانێت هەر هێڵێکی کاری نوێ بە خودی خۆی بدۆزێتەوە، بە جۆرەها رابواردن و یاری وکایەکانی کات بەسەربردن و کۆڕ و کۆبوونەوەی گشتی فرویان دەدەین.

بە خێرایی لە رۆژنامەکان دەستدەکەین بە راگەیاندن، بانگی خەڵك دەکەین بۆ چوونە نێو پێشبڕکێ و هەموو جۆرە پرۆژەیەکی دیکە: وەکو"هونەر، وەرزش، ..."، ئەو شادی و خۆشیانە لە پێشبڕکێ و پرۆژە هونەرییەکانی دەیبینن، بەبێگومان هزری گەل لەو پرسانەی لەسەری جیاوازین لەگەڵمان دوور دەخاتەوە، کاتێك گەل هەنگاو هەنگاو لە رێگای شادی و خۆشیبینین بیرکردنەوەی سەربەخۆی خودی لەدەست دەدات،

هەموو گەل لەگەڵ ئێمە لەبەر یەك هۆکار دەنگیان بەرز دەکەنەوە: دەڵێن ئەوە ئێمەین ئەندامی یەك کۆمەڵگەین، بەو شێوەیە ئامادەن بۆ پێشکەش کردنی هێڵی بیرکردنەوەی نوێ. ئەو هێڵەی دەیخەینە روو بە دەستەبەرکردنی ئەو میکانیزمەی پێیی گەیشتووین.

٤- لەگەڵ نموونەی ئەو پارتە ئازادیخوازانەی ناتوانین گومان لە هاوپەیمانێتیان بکەین. رۆڵی کەسە ئازادە باڵاکان کۆتایی دێت، کاتێك حکومەتەکەمان دەناسن، ئەو کەسانە تاکو ئەو کاتەی حکومەتەکەمان دەناسن خزمەتێکی باشمان پێدەکەن.

لەبەر ئەو هۆکارە هەوڵدەدەین ئەقڵیی گشتی ئاراستەی هەموو جۆرە تیۆرێکی فەنتازی (Fantastic) بکەین، بەو شێوەیە خەڵك واتێدەگات بووە بە کەسێکی پێشکەوتوو یان ئازادییخواز، ئێمە بە تیۆرەکەمان سەرکەوتنی تەواو و مسۆگەرمان لە رێگەی گۆڕینی ئاراستەی سەر خاڵی لە ئەقڵیی نەتەوەییەکان رووەو ئاراستەی سۆسیالیسی بەدەستهێناوە، چونکە لە نێو نەتەوەییەکاندا یەك ئەقڵ نییە، بتوانێت تێبینی بکات، لەپشتی چەمك و وشە بریقەدارەکان، سەرگەردانی و لادان لە هەقیقەت خۆی مەلاسداوە، تەنها ئەو حاڵەتانە نەبێت، کە چەمك و وشە ئاماژە بە دۆزینەوە ماددیەکان یان زانستییەکان بکەن، لەبەر ئەوەی لەنێو ئەم حاڵەتەی دووەم فێربوونی یەك هەقیقەت هەیە، کە داهێنانە لە پێناوی پێشکەوتن، دەرفەتێکی دیکە نییە، ئەگەرچی پێشکەوتنی ماددی نەتەوەیەکان بیرۆکەیەکی بێکەڵکە و کاردەکات لەسەر پەردەپۆشکردنی

هەقیقەت، بۆ ئەوەی کەس لە هەقیقەت تێنەگات، تەنها ئێمە نەبێن – ئێمە گەلی هەڵبژێردراوی خوداین، خودا ئێمەی پاڵاوتووە، تاکو نەتەوەیەکی لەسەر هەق بین، بە ماددە هەڵناخەڵەتێین و خۆمان لەیاد ناکەین.

٥– کاتێك دەستدەگرین بەسەر دەستەڵاتدا، گوتاربێژەکانمان گفتوگۆ لەسەر کێشە و پرسە گەورەکان دەکەن، ئەو کێشە و پرسانەی مرۆڤایەتی سەرسام دەکەن، بۆ ئەوەی لە کۆتاییدا جۆری مرۆڤ (بەشەر)، بکەوێتە ژێر فەرمانڕەوایی پیرۆزی ئێمە.

٦– کێ گومان دەکات ئێمە ئەو کێشانەمان بەپێی پلانی(Scheme) سیاسی وروژاندوە، چونکە((مرۆڤایەتی بۆ ماوەی چەندین سەدە تێناگات، ئەوەی روویداوە بەپێی پلانی دارێژراوی ئێمە بووە)).

پرۆتۆکۆلی چواردە:

هێرشکردنە سەر ئایین:

(<u>Assault on Religion</u>):

١- کاتێك بە خودی خۆمان پێدەگەین، دەبین بە گەورەی زەوی، ڕێگە نادەین هیچ ئایینێك دابمەزرێت، تەنها ئایینی خۆمان نەبێت، ئەو ئایینەی دانیناوە بە یەکایەتی خودا و چانسی ئێمەی بە هەڵبژاردنی خۆی بەستووەتەوە، هەروەها چارەنووسی جیهان بە ئایینەکەمان بەستراوەتەوە.

لەبەر ئەو هۆکارە پێویستە لەسەرمان هەموو بڕوایەکی ئایینی تێکبشکێنین، ئەگەر ئەنجامی تێکشکاندنی بڕوا ئایینیەکانی دیکە کاتیش بێت، گرنگ نییە، لەبەر ئەوەی بڕوا ئایینەکانی دیکە بەرهەمی گومڕاکانە و ناکەونە چوارچێوەی بابەتەکانی ئێمە، بەڵام نموونەیەك بۆ نەوەکانی داهاتوو دەخەمەڕوو، ئەو نەوانەی گوێ لە وانەکانمان لەسەر ئایینی (موسا) دەگرن، هەڵبەتە (موسا) ئێمەی کردووە بە نوێنەری بڕوا ئایینیە یەکلاکەرەوەکەی خۆی، کەواتە ئەرکە هەموو نەتەوەیەك ملکەچی ژێر پێمان بێت.

ئەگەر ئەو ئامانجەمان هاتەدی، ئەوە خۆمان بۆ هەقیقەتی ناخەکی (Mystic truths) بڕوای پەروەردەیی موسا تەرخان دەکەین،

ئەو هەقیقەتە ناخەکیانەی بڕوای موسایی لەسەر دامەزراوە، هاوکات دەڵێین: بڕوای ئایینی موسا هەموو هێزەکەی پەروەردەییە.

دوای ئەوەی فێری بڕواکانی موسا دەبین، لە هەموو دەرفەتێکی گونجاو، وتاری بەراوردکاری لە نێوان فەرمانڕەوایی سودبەخشمان و ئەو فەرمانڕەواییانەی پێش خۆمان بڵاودەکەینەوە، ئەو کاتە دۆخی راستی و ئاشتی و ئارامی باڵدەکێشێت، ئەگەرچی ئەو دۆخە نوێیە لەدایکبووی ئاژاوە و ناکۆکی چەندیدن سەدەیە، هاوکات چاکەکانی فەرمانڕەوایی نوێی ئێمە دەردەکەوێت، وێنای ئەو هەڵانە دەکەین، نەتەوەییە (نا جووەکەکان) بە ویستی خۆیان بە خراپترین رەنگ ئەنجامیان دابوو.

بەو شێوە دەستدەکەین بە وروژاندنی هەستی بێزاری بە ئاراستەی مێتۆدی فەرمانڕەوایی پێشو، تاکو گەل حکومەتی "ئاشتی و ئارامی" بەرزتر لە کەشی کۆیلایەتی بۆ ئازادی بنرخێنێت، ئەو ئازادییەی بە بەردەوامی شانازی پێوەدەکات، ئەو ئازاردییەی ئازاری زۆریان لەسەری چەشتووە، هاوکات لەپێناوی پرسی ئازادی سەرچاوەی بوونی مرۆڤایەتییان لەدەستداوە، دەپرسین کێ پاڵینان بۆ بەدەستهێنانی ئازادی؟ تەنها کۆمەڵێك لەو سەرکێشانەی کە بەخودی خۆیان نازانن چی دەکەن!

گۆڕانکاریکردن لەو حکومەتە بێکەڵکانەی نەتەوەییەکانمان پێ فریودابوو، بەردەوامدەبین لە بچووکردنەوە دەوڵەتەکانیان، ئەوە لە کاتێکدا دەبێت گەلان بە تەواوی بێزار و بێ هیوا و بێ ئومێدن، بە

ئاستێك گەلان ئامادەن هەموو ئازارێك بچێژن، لەبەر ئەوەی دەترسن دووبارە بگەڕێنەوە بۆ ئەو کوێرەوەری و بێهیوایەی لە رابردوودا پێیداتێپەڕیون، چونکە دەترسن دووبارە فەرمانڕەوایی پێشویان بۆ بگەڕێتەوە.

٢- چاودێری تایبەت ئاراستەی ئەو هەڵە مێژووییانەی حکومەتە نەتەوەییەکان دەکەین، کە مرۆڤایەتییان بۆ ماوەی چەندین سەدە زۆر ئازار داوە، بەهۆی ناتەواوی تێگەیشتنیان بۆ هەموو شتێك، کە لەگەڵ بەختەوەری هەقیقی بۆ ژیانی مرۆڤایەتی بگونجێت، نەتەوەییەکان بەدوای پلانێکی جوان بۆ بەختەوەری کۆمەڵایەتی دەگەڕان، بەڵام نەتەوەییەکان تێبینیان نەکرد، پلانەکەیان لەبری ئەوەی پەیوەندی نێوان مرۆڤەکان چاکتر بکات، بە پێچەوانە پەیوەندی نێوان مرۆڤەکانیان خراپتر و خراپتر کرد، لە هەقیقەتدا پەیوەندی نێوان مرۆڤەکان بنەمای سەرەکی بوونی خودی مرۆڤایەتییە.

٣- لەسەر بنەمای ئەو تێگەیشتنە هەموو هێزی پرانسیپ و رێکارەکانمان، بە پەنهانی لە نێو ئەو هەقیقەتەدایە بۆ مرۆڤایەتی رامانگەیاندووە، لەگەڵ ئەوەی بە تەواوی دژی مێتۆدی هەڵوەشاندنەوە و لەناوبردنی حالەتە کۆمەڵایەتییەکانی پێشوە.

٤- فەیلەسوفانمان یەکسانی هەموو ئایینە نەتەوییەکانی دیکەی (نا جوو) دەهێچێنن و ریسوادەکەن، بەڵام بە ئەبەدی هیچ کەس لە دیدگایەکی هەقیقی بڕیاری لەسەر ئایینەکەمان نەداوە، کەواتە بە ئەبەدی

هیچ کەس نەیتوانیوە، بە سەرجەمی لە بنەماوە ئایینەکەمان بناسێت، تەنها گەلە تایبەتەکەی خۆمان نەبێت، بنەمای ئایینەکەمان دەناسن، بەڵام گەلە تایبەتەکەی خۆمان ئامادە نییە، نهێنی ئایینەکەمان ئاشکرا بکات.

٥- لە هەموو وڵاتێکی گەورەی خاوەن سەروەری، ئەدەبی (Literature) نەخۆشی قێزەونمان بۆ لاوازکردنی پێگەی جەماوەریان بڵاوکردەوەتەوە، دوای ئەوەی دان بە دەستەڵاتمان دادەنێن، بۆ ماوەیەکی کورت بەردەوام دەبین، لەسەر پاڵپشتنی سەروەر بوونی نموونەی ئەو ئەدەبە نەخۆش و قێزەونە، هاوکات بۆ ئەوەی جەماوەر بە روونی ئاماژە بە جیاوازی ئەو بڕوایانەی ئێمە بکات، لە هەڵوێستی ستایشکراومان سەرچاوە دەگرێت، هاوکات زانایانمان ئەوانەی بۆ مەبەستی سەرکزدایەتی کردنی نەتەوەییەکان پەروەردەکراون، هەڵدەستن بە پێشکەشکردنی وتار و داڕشتنی پلان و نووسینی راپۆرت، بەو شێوەیە بەردەوام دەبین تاکو کاردەکەینە سەر ئەقڵیی پیاوەکانیان و سەرنجیان بۆ ئەو مەعریفە و ئایدیایانە رادەکێشین، گونجاوە لەگەڵ مەبەستەکانی ئێمە.

پرۆتۆکۆلی پازدە:

چەوساندنەوەی بێبەزەییانە:

:(Ruthless Suppression)

١- کاتێك لە کۆتاییدا دەگەین بە دەسەڵات، بە هەموو هێز و توانای لەبەردەستماندایە کاردەکەین بۆ ڕێگریکردن لەو پیلانگێڕیانەی لە دژمان ڕێکدەخرێن، بە ژمارەیەك کودەتای سیاسی(coups detat) چاوەڕواننەکراو بەردەوام دەبین، کودەتاکان ڕێکدەخەین بۆ ئەوەی لە یەك کاتدا لە هەموو وڵاتان ڕووبدات، کاتێك کودەتاچییەکان حکومەت ڕاگەیەنن، ناتوانن فەرمانڕەوایی گەل بکەن، ئاژاوە سەرهەڵدەدات، ئەوکاتە ڕاستەوخۆ زۆر بەخێرایی دەستدەگرین بەسەر دەسەڵاتدا، بەڵام ماوەیەکی درێژ لە کات تێدەپەڕێت، پێش ئەوەی لە کۆتاییدا بگەین بەو دەسەڵاتەی مەبەستمان و پلانمان بۆ داناوە، لەوانە ئەو ماوەیەی پێویستە تاکو بگەین بە کۆتا دەسەڵات، سەدەیەکی بێبەزەیی بێت بۆ هەموو ئەو گەلانەی دەست بۆ چەك دەبن لەدژی جێگیری و ئارامی دەسەڵاتمان.

پێکهێنانی هەر کۆمەڵەیەکی نهێنی نوێی سزاکەی مردنە، بەڵام ئەو کۆمەڵە نهێنیانەی لە ئێستادا پێکدەهێنرێن و ئێمە دەیانناسین، خزمەت دەکەن و خزمەتی مەبەستەکانمانیان کردووە، هەڵیاندەوەشێنینەوە و ئەندامەکانیان دوور دەخەینەوە بۆ ناوچەیەکی دابڕاوی جیهان، هەروەها

لەگەڵ هەموو یەکێك لە ماسۆنییە ئازادەکانی نتەوەبیەکانی دیکەی (نا جوو) هەمان هەڵوێست دەگەرینەبەر، لەگەڵ ئەوەی دەزانین زیاد لەپێویست گونجاون بۆ ئاسایش و ئارامی ئێمە، هەروەها ئەو ماسۆنییانەی لەوانەیە لەبەر هۆکارێك یان لەبەر هەر هۆکارێکی دیکە لێیان ببورین، لە مەترسیی بەردەوامی دوورخستنەوە دەیانهێڵینەوە، یاسایەك دەردەکەین بۆ گرتنی ئەندامە ماسۆنییەکانی پێشومان کە لە ریکخراوە نهێنییەکانی ئەورووپا کاریان کردووە، هەموویان لە ئەورووپا دوور دەخەینەوە، لەبەر ئەوەی ((ئەورووپا دەکەین بە ناوەندی حکومەتەکەمان)).

٢- بڕیاری حکومەتەکەمان کۆتا بڕیارە، یەك کەس مافی دژایەتی کردنی بڕیارەکانی ئێمەی نییە.

٣- بۆ ئەوەی وەڵامی هەموو کۆمەڵە و گروپە نەتەوەییەکان لەسەر یاخیبوونیان بدەینەوە، بە خراپ بیانگۆڕین، ئەو کۆمەڵە و گروپانەی بە قوڵی ئاکۆکی و پرنسیپی رەوتی ئۆپۆزسیۆنی پرۆتستانتمان (Protestant) بۆ ئیۆزسیۆنبوون خستبووە نێویان، بێبەزییانە سزایان دەدەین، ئەو شێوە سزادانانە وادەکات گەلان تێبگەن، ناکرێت دەستدرێژی بکرێتە سەر دەستەڵاتمان، پێویستە بۆ لەناو بردنیان قوربانی زۆر نەدەین، چونکە بۆ گەیشتن بە سەرکەوتن لە داهاتوودا دەیانکەین بە قوربانی.

گەیشتن بە سەرکەوتن، ئەگەرچی بە قوربانی زۆر پێی گەیشتووین، بەڵام ئەرکی هەموو حکومەتێکە بەدەستی بێهێنێت، مەرجەکانی سەرکەوتنی حکومەت لە نێو دەستکەوتەکاندا پەنهان و شاراوە نییە، کە شانازی پێوەدەکات، بەڵکو لە نێو جێبەجێکردنی ئەرکەکانیدایە.

بەوپێیە مەرجی سەرەکی بەردەوامی و ئارامی حکومەت، لە بەهێزکردنی شکۆی دەستەڵاتەکەی بەرجەستە دەبێت، ئەو شکۆیەی بەردەوامی و ئارامی حکومەت بەرجەستە دەکات، ناتوانین پێی بگەین، تەنها بە هێزێکی گەورە نەبێت، بە پێچەوانە بە هێزێکی ترسنۆک و لەرزۆک (Unshakable) نابێت، ئەو هێزە خاوەنی شکۆ و پیرۆزییە، هەرگیز شکۆی پێشێلْ ناکرێت، هاوکات هێزەکەمان دەورەدراوە بە هێزی ناخەکی(Mystic)، بۆ ئەوەی نموونەی دادوەری و توانای خودا بێت.

بەو شێوەیە لە زووەوە تاکو ئێستا ((ئۆتۆکراسی روسیاییەکان(Russian Autoxiacy) دوژمنی یەکمانە))، ئەگەر کەنیسەی پاپایانی پیرۆز(Holysee) بەدوور بگرین، بیرکەوە کاتێک ئیتالیا بەخوێن سور ببوو، بەڵام دەستیان بۆ یەك تاڵە موی سەری سیلا(Sulla)[1] نەبرد، هاوکات ئەو پیاوە هۆکاری رژانی خوێن بوو،

---

[1]– سیلا: نموونەیەکی دەگمەنە بۆ هەر کەسێك کە دەگاتە دەستەڵاتی رەها، لە رێگای کودەتا و توندوتیژی، یەکەم رۆژی دەرکەوتنی حکومەتی کۆماری لە رۆما، ئەو کاتەبوو کە سەرکردەی رۆمانی ماریۆس؛ لە ساڵی (١٠٧. پ. ن) کاتێك سیلای نارد بۆ گفتوگۆ کردن لەگەڵ پاشای مەغریب لە باکوری

ئەگەرچی لەئەنجامی خۆبەزلزانی کەسایەتی سیلا شەڕ و ئاژاوە دروست ببوو، بەڵام سیلا مایەی چاوتێبڕین و خۆشەویستی گەل بوو، ئەو چاوتێبڕینەی گەل وایکرد سیلا بەبێ ترس بە پیرۆزی بگەڕێتەوە بۆ ئیتالیا و شکۆی نەشکێنرا، گەل زیانی بەو کەسایەتییە نەگەیاند، کە بەئازایەتی و هێزی ئەقڵیی خۆی جادوی (huphoneses) لە گەل کرد.

٤- بێگومان ئەو ڕۆژە دێت کە دەستەڵات دەگرینە دەست، هەوڵدەدەین شانەی ماسۆنییە ئازادەکان لە هەموو لایەکی جیهان گەشە پێدەین و زیاد بکەین، سەرنجی هەموو ئەو کەسانە رادەکێشین دەتوانن ببن بە کەسایەتی یان ناسراون و خاوەنی ڕۆحی گشتین(Pubicspirit)، واتە کارلێزمان، ئەو شانەیەی ماسۆنییەکان شوێنێکی سەرەکی دەبێت،

ئەفریقیا، سیلا سەرکەوتوو بوو لە ڕۆڵەکەی، کاتێك ماریۆس بووە سەرۆکی حکومەتی رۆما لە ساڵی (١٠٤ پ. ن)، سیلا سەرکردەی سوپاکەی رۆما بوو، هاوکات فرمانی لە ماریۆس وەردەگرت، تاکو لە ساڵی (٨٧ پ. ن) سیلا بە سوپاکەی ڕوویکردە ڕۆمای پایتەخت، ئەنجوومەنی پیران رقیان لێی دە بووەوە بێتە سەر دەستەڵات، هەروەها ماریۆس و هەندێك لە شوێنکەوتەکانی ڕەتیان دەکردەوە دەستەڵات بۆ سیلا جێبهێڵن، بەڵام سیلا توانی بگات بە دەستەڵات، لە سەرەتادا خەڵك رقیان لێی دەبووەوە، لەبەر ئەوەی خوێنی زۆری رشت، بەڵام دوای ئەوەی دۆخەکەی ئارامکردەوە، یاسای بەرقرار کرد، خەڵکی بە سەرۆکی حکومەتیان دەزانی و ڕێزیان لێی دەگرت.

بەرپرسیارێتی ئەو هەواڵانەی پێدەدەین کە دەمانەوێت، هاوکات چاکترین ناوەندی ڕاگەیاندن و ریکلام کردنی ئێمە دەبێت.

هەموو ئەو شانانەی ماسۆنییەت دەخەینە ژێر یەك سەرکردایەتی ناسراو، ئەو سەرکردایەتییە تەنها بەخۆمان دەیکەن، ئەو سەرکردایەتییە لە زاناکانمان پێکدەهێنین، هەروەها شانەکان نوێنەری تایبەتیان هەیە، کە لەدەرەوەی سەرکردە ماسۆنییەکانن، بۆ ئەوەی شوێنی نیشتەجێبوونی سەرکردە هەقیقییەکانمان بشارینەوە، تەنها ئەو سەرکردایەتییە مافی دانانی وتەبێژ و وێنەکێشانی سیستەمی ئەمڕۆی هەیە، هەروەها پەتا و بەڵا دەخەینە نێو هەموو شانە سۆسیالیستییەکان و چینی کۆمەڵگەی شۆڕشگێڕان، هاوکات زۆربەی پلانە سیاسیە نهێنییەکانیان لەلای ئێمە زانراون، کاتێك پلانەکان تەواودەبن یارمەتی جێبەجێکردنیان دەدەین.

هەموو نوێنەرەکان(Agents) بە ناوی پۆلیسی نێودەوڵەتی بە نهێنی کاردەکەن، زۆربەیان ئەندامن لە شانەکانی ماسۆنی. خزمەتی پۆلیسی گرنگی زۆری بۆ ئێمە هەیە، لەبەر ئەوەی دەتوانن ببن بە پەرژینێك بۆ پرۆژەکەمان(Enterprises)، چونکە دەتوانن لێکدانەوەی ئەقڵانی بۆ بێزاری و تووڕەیی نێوان گروپ و خێڵەکان هەڵبهێنجن، هەروەها سزای ئەو کەسانە دەدەن، ڕەتیدەکەنەوە ملکەچی ئێمە بن.

٥- زۆربەی ئەوە خەڵکانەی دێنە ناو ڕێکخراوە نهێنییەکان، کەسانی سەرکێشن و ئارەزوو دەکەن هەر چۆنێك بێت کاروانی ژیان تەواو بکەن، مەیلیان لە هەوڵ و تێکۆشان و ماندووبوون نییە، نموونەی ئەو جۆرە

خەڵکانە، لەسەر ڕێنمایی ئێمەن و شوێنی مەبەستەکانمان دەکەون، وایانلێدەکەین جوولێنەر یان بزوێنەری دەزگاکەمان بن.

کاتێك هەموو جیهان بەدەستی ئاژاوە و شلەژان دەناڵێنێت، دۆخی شلەژانی گشتی تەنها ئامارەیە، بۆ ئەوەی پێویستە ئاوا بیانشلەژێنین، تاکو یەکێتی و تۆکمەیی نێوانیان تێکبدەین و لەناو ببەین. کاتێك پیلانەکانمان دەستپێدکەن، واتە یەکێك لە بەهێزترین نوێنەرە دڵسۆزەکانمان سەرکردەی ئەو پیلانە دەکات، سروشتی نییە ئێمە تاکە گەل بین، پرۆژەی ماسۆنیی ئاراستەبکەین، بەڵام ئێمە تاکە گەلین دەزانین چۆن ئەو پرۆژەیە ئاراستە دەکەین، هەروەها ئێمە ئامانجی کۆتایی هەموو کارێك دەزانین، بەڵام نەتەوەییەکانی دیکەی (نا جوو) نەزانن سەبارەت بە زۆربەی پرسە تایبەتییەکانی ماسۆنییەت، هاوکات ناتوانن ڕوخساری ئەو ئەنجامە خێرایانە ببینن کە خودی خۆیان ئەنجامیدەدەن، بە گشتی نەتەوییەکان تەنها بیر لە سودی کاتی ئەو شتانە دەکەنەوە کە پشتی پێدەبەستن، کاتێك لوتبەرزیان تێردەبێت، دەگەن بە مەبەستەکەیان چیتر بیرناکەنەوە، تێناگەن ئایدیای ڕەسەن ئایدیای ئەوان نییە، بەڵکو ئێمە بە خودی خۆمان پێمان ڕاگەیاندوون.

٦- نەتەوەییەکان ڕاڕان لەسەر بێکەڵکی شانەکانی ماسۆنیی یان ڕاڕان لەسەر هیوای بەدەستهێنانی پشك لەو شتە باشانەی لە نێو ڕێکخراوە ماسۆنییەکاندا بەئەنجام دەگات، هەروەها نەتەوەییەکان لەدوای سۆزی سەرکەوتن و شادی و خۆشی چاك دەگەڕێن، ئێمە سۆز و شادی و خۆشی

به ڕێکەوت و بە خێرایی و بێسنور دابەش دەکەین، لەبەر ئەوە ئازادیان دەکەین، لەناو سۆز و شادی و خۆشییەکانیان باڵەفڕێنکەن، بۆ ئەوەی بە هەموو هەستی لەخۆباییبوونیان ڕووبەڕووی خزمەتکردنی بەرژەوەندییەکانیان ببنەوە، ئەوانەی لە بێئاگایی و ساتی گەمژەیی ئایدیا و بیرۆکەکانمان دەنۆشن یان دەخۆنەوە، متمانەیان بە ڕاستی بێ هەڵە و بێ تاوانی کەساياتی خۆيان هەيە، واتێدەگەن هەرگیز هەڵە ناکەن و تەنها خۆيان خاوەنی دید و بۆچوونی هەقيقين، هەروەها وادەبينن يان واتێدەگەن لە ژێر کاريگەری کەسانی ديکەدا نەبوونە و نابن.

ئێوە ناتوانن وێنای ئەوە بکەن چۆن بەئاسانی لێهاتووترينی نەتەوەييەکان بۆ حاڵەتی پێکەنينی سادە و بێئاگايانە پاڵدەنێين(Naivite)، لە ڕێگای وروژاندنی خۆبەگەورەزانين و سەرسام بوونی بە خودی خۆی، لە ڕوويێکی ديکە چۆن بەئاسانی ئازايەتی و توانای خۆی زۆر بە سادەيی و بێ هيوايی جێگير دەکات، ئەگەر بە سادەيی لە ڕێگای بێدەنگبوون لە ئاستی ڕووداوەکان بۆ چاکترکردن ئاستی شادی و خۆشييەکانەيەتی، بەو شێوەيە پاڵی دەنێين بۆ حاڵەتی ملکەچبوونی ريسوايی، وەکو ئەو کۆيلە داماوەی هيوای سەرکەوتنی نوێی لەدەستداوە، بە ڕێژەی ڕقبوونەوە لە گەڵ ئێمە ڕقيان لە سەرکەوتنە، هەروەها کەم سەيری پلانە بەرجەستەبووەکەيان دەکەن، نەتەوەييەکان حەزيان لە سەرکەوتنە، ئامادەن بە هەموو پلانەکانيان قوربانی بدەن لە پێناوی سەرکەوتن.

ئەو دیاردەیەی(Feature) لە ئەخلاقی نەتەوەییەکانی دیکەدا هەیە، وادەکات لە کارەکانمان حەزنەکەین کاریان لەگەڵ بکەین، لەبەر ئەوەی نەتەوەییەکان خۆیان وادەردەخەن کەسانی رۆشنبیرین، بەلام وەکو مەڕ گێژن، کەلەی سەریان پڕە لە گەمژەیی.

لێیاندەگەڕێین لە خەونەکانیان بەردەوام بن و سواری ئەسپی هیوا نەزۆك و بێبنەماکانیان بن، بۆ تێکشکاندنی تاکایەتی مرۆڤ، بەدانانی ئایدیای هێمای بۆ پرنسیپە کۆمەلایەتییەکان(Collectivism)، واتە وادەکەین خەلك بە یەکسانی خاوەنی هەموو شتێك بێت، بەلام کەس بە کردار پسپۆری تایبەتی نەبێت، نەتەوەییەکان هێشتا تێنەگەیشتوون – تێناگەن، خەونی وشتر ئاسایان، دژی بنەمای یاسای سروشتییە، چونکە کاتێك خودا دەستی بە بەدیهێنان کرد، هەموو بوونەوەرێکی جیاواز لە هەموو بوونەوەرێکی دیکە ئافراند، بۆ ئەوەی هەر بوونەوەرێك رەهەندی تایبەت بە خۆی هەبێت، لەسەر ئەو بنەمایە هەربوونەوەرێك لە بەراورد بە جۆری خۆی و جۆرەکانی دیکە تاکێکی سەربەخۆیە و رەهەندی تایبەت بەخۆی هەیە.

٧– لە هەقیقەتدا ئێمە دەتوانین نەتەوەییەکان پالبنێین بۆ تەبەنی کردنی نموونەی ئەو ئایدیا هەڵەیەی مرۆڤەکان یەکسانن، واتە بۆ تەبەنی کردنی ئایدیای یەکسانی نێوان مرۆڤەکان، لەبەر ئەوەی بە روونی هێزی وێنا و بۆچوونی بەرتەسکی خۆیان بۆ ژیانی مرۆڤایەتی دەبەلگێنن، ئەگەر بە

وێنا و بۆچوونی خۆمانیان بەراورد بکەین! لەسەر بنەمای ئەو تێگەیشتنە هیوای گەورە بۆ سەرکەوتنمان بەرجەستە دەبێت.

٨- ئێمە تێڕوانین و دیدگای فەرمانڕەوا پێشینەکانمان بەدوور ناگرین، کاتێك پێیان ڕاگەیاندین، بۆ گەیشتن بە مەبەستی گەورە و مەزن، بەڕاستی پێویستە بۆ یەکسات لەبەردەم ئامرازەکانی گەیشتن بە مەبەستەکانمان نەوەستن، هەروەها گرنگی نەدان بە ژمارەی ئەو قوربانیانەی پێویستە بیانکەن بە قوربانی، بۆ گەیشتن بە مەبەستەکانیان، ئێمە هەرگیز پشتنابەستین بەو قوربانیانەی لە نەوەی ئاژەڵانن، واتە نەوەی نەتەوییەکانی دیکەی (ناجوورەکەن)، لەگەڵ ئەوەی ئێمە قوربانی زۆرمان بە خودی گەلەکەمان داوە، بەهۆی ئەو قوربانیانەی لە خودی گەلەکەمان پێشکەشمان کردووە، ئێستا پێگەیەکمان لە جیهاندا هەیە، کە پێشتر خەونمان بەو پێگەیە دەبینی پێی بگەین، هەڵبەتە قوربانییەکانی لە نەوەکانی خودی گەلەکەمان داومانە بە ڕێژەیی کەمە، قوربانییەکان گەلەکەمانیان لە وێرانبوون و لەناوچوون پاراستووە.

٩- بێگومان هەموو مرۆڤێك کۆتای بە مردن دێت، بۆیە چاکترە پەلەبکەین لە کۆتاییهێنان بەو مرۆڤانەی ڕێگری ئاستەنگ بۆ مەبەستەکانمان دروست دەکەن، نەك بەو مرۆڤانەی مەبەستەکانمان پێشدەخەن.

ئێمە ماسۆنییە ئازادەکان بە شێوازێك بەرەو مردن دەبەین، یەك کەس ناتوانێت بەو شێوەیە بەرەو مردنیان ببات، تەنها برا - کەمترین گومان

لە هەقیقەتی کارەکە دەکات، بەڵام قوربانیەکان پێشکات بە خودی خۆیان گومان لە کۆتایی خۆیان ناکەن، ئەوانە هەموویان دەمرن - کاتێك پێویستە، لە ڕووی دیاردەیی مردنێکی سروشتییە، تەنانەت براکانیش ئەو هەقیقەتەی مردن دەزانن، ناوێرن پاسا و لەسەر مردن بهێننەوە.

بە نموونەی ئەو ئامرازە رەسەنایەتی ڕیشەی خودی بەلگەکەمان لە دژی فرمانەکانمان لە بواری ماسۆنییە ئازادەکان گرنگی پێدەدەین یەکلا دەکەینەوە، ئێمە لەلای نەتەوەییەکانی دیکەی نا جوو ڕێبازی ئازادیخوازی رادەگەیەنین، لە ڕوویێکی دیکە گەلەکەمان لە ملکەچبوونی تەواو یان کامیل دەپارێزین.

١٠- بە کاریگەری ئێمە یاسای نەتەوەییەکان بە کەمترین شیمانە شیاوەی پەیڕەوکردنە، لەسەر ئەو تێگەیشتنە شکۆی یاسای نەتەوەییەکانمان بە ئایدیای ئازادی شێواندوە، چەندین دەقی یاسا شێواومان ئاخنیوەتە نێوان یاسا دانراوەکانی نەتەوەییەکان، گرنترین دەقی یاسایی ترسناك، پرسی دەقە سیاسی یان ئەخلاقییەکانە، دەقی ئەو پرسانە بڕیار دەدەن لەسەر ڕۆڵی دادوەر، بەو ڕێگایەی ئێمە ڕوونی دەکەینەوە کاربکات، ئەو دادوەرە نەتەوەییەی کاری دادوەری دەکات، لەسەر بنەمای دەقەکانی ئێمە دامانناوە، دەروانێتە دۆخەکان و ماددەکان هەڵدەبژێرێت، ئەو تێگەیشتنەمان لە بەردەوامبوونی نوێنەرەکانمان بەرجەستەکردووە، هەروەها لە بەردەوامبوونمان لەگەڵ کەسانێك کە هیچ پەیوەندیان بە ئێمەوە نەبووە، وەکو لە ڕێگای وتاری

ڕۆژنامەکان و ئامرازەکانی دیکە، بەڵام ئەندامانی ئەنجوومەنی پیران(Senators) و. گەورە فەرمانبەرەکان کوێرانە شوێنی ئامۆژگارییەکانمان دەکەون.

ئەقڵیی نەتەوەییەکان لە بنەماوە سروشتێکی ئاژەڵی پەتی هەیە، ناتوانێت شیکاری و تێبینی هیچ شتێك بکات، تەنها بۆچوون و پشێبینی، لەسەر درێژبوونەوەی دۆخێك لە دۆخەکان دەبێت، ئەگەر لەژێر ڕۆشناییەکی دیاریکراودا دۆخەکە ڕوون بووەوە.

١١- وەڵێ ئەو جیاوازیە ڕەهاییەی لە نێوان ئەقڵیی ئێمە و نەتەوەییەکاندایە، بە ئاسانی پرسی هەڵبژاردنمان لەلایەن خودی خوداوە بۆ ئاوەڵا دەکات، ئێمە خاوەنی سروشتێکی جیاوازین، سروشتی ئێمە لە سەرووی سروشتی مرۆڤە(Superhuman natury)، کاتێك ئەقڵیی خۆمان بەراورد دەکەین بە ئەقڵیی زگماکی ئاژەڵی نەتەوەییەکان، ئەوان گرفتی تێگەیشتن لە هەقیقەتیان هەیە، پەی بە هەقیقەت نابەن، ناتوانن هیچ داهێنانێك بکەن، بەڵکو لە شتە ماددییەکان شتی دووبارە دروست دەکەنەوە، لەسەر بنەمای هەموو ئەو تێگەیشتنانە سروشت توانای پێداوین بۆ سەرکردایەتی کردنی جیهان و فەرمانڕەواییکردنی نەتەوەییەکان، وەڵێ کاتێك - ئەو کاتە دێت فەرمانڕەوایی جیهان بکەین، ئەو ساتە سودی فەرمانڕواییکردنمان ڕوون دەبێتەوە، هەموو یاساکانی ڕابردوو هەڵدەگرین، هەموو یاساکانی ئێمە "کورت و ڕوون و پوختن"، پێویستیان بە تەفسیر کردن نییە، بە شێوەیەك هەموو مرۆڤێك دەتوانێت

له لایەنی ناخەکی و دیاردەییان تێبگات، خاسیەتێکی(Future) سەرەکی یاساکانمان بریتییە لە ملکەچبوونی ڕەها بۆ دەسەڵات، ئەو بایەخەی بە دەسەڵات دەدرێت، بەرزدەبێتەوە بۆ لوتکەیەکی زۆر باڵا، هاوکات هەموو شێوازەکانی بەخراپ بەکارهێنانی دەسەڵات دەوەستێت، لەبەر ئەوەی هەموو مرۆڤێك بەرپرسە لەبەردەم یەك دەسەڵاتی باڵا، یان لەبەردەم دەسەڵاتی فەرمانڕەوای باڵادا، بەکارهێنانی دەسەڵات بەخراپ لەلایەن خەڵك، بێجگە لە فەرمانڕەوا، سزاکەی بە ئاستێکی زۆر دژوارە دەبێت، لەبەر ئەوە هەموو خەڵك ئارەزووی ئەزموون کردنی دەسەڵات لە دەزگاکانی دەوڵەت لەدەستدەدەن.

١٢- بە وردی چاودێری هەموو ئەو هەنگاوانە دەکەین، دەزگا کاگێڕییەکانمان پەیڕەوەیان دەکەن، هاوکات ئەو ئامێرانەی دەوڵەت لە کارکردن پشتیان پێدەبەستێت، لەبەر ئەوەی کاتێك یەکە کارگێڕییەکان بە سستی بەڕێوەدەچن، ئاژاوە لە هەموو شوێنێك بڵاودەبێتەوە، بەڵام هیچ کارێکی نا یاسایی بەبێ سزا تێناپەڕێت، هەروەها هەموو خراپ بەکارهێنانێکی دەسەڵات بەبێ سزا تێناپەڕێت.

هەموو کارێکی نەشاو و ناتەواوی بە مەبەست لەلای فەرمانبەران لە بەڕێوەبردندا نامێنێت، دوای ئەوەی یەکەم نموونەی سزادان دەبینن، مەزنی دەسەڵاتمان لەوەدایە، پابەندە بە واژۆکردنی سزای گونجاو، یان پابەندە بە واژۆکردنی ئەو سزا دژوارانە(Harsh) لە کاتی هەبوونی کەمترین سەرپێچی لە دەستدرێژی کردنە سەر شکۆی دەسەڵاتمان لە

پێناوی بەژەوەندی خودی خۆی بۆ دەستدرێژکەر یان هەر کەسێکی دیکەی سەرپێچیکار.

ئەو پیاوەی لەبەر هەڵەکەی بە دژوارییەکی باڵا سزادەدرێت، ئەو سزادراوە سەربازێکە لە گۆڕەپانی(Battlefield) کارگێڕی لە پێناوی دەستەڵات و پرنسیپ و یاسا دەمرێت، هەرچەندە رێگا بە هیچ لادانێك نادەین، لە رێگای راستی جیهان(Public path) لە پێناوی بەرژەوەندی خودی خۆی لابدات، ئەگەر لادان لەو کەسانە روویدا کە هەڵگر و سەرکردەی گەل (Public chariot) بن، بۆ نموونە، دادوەرەکانمان بە یاسا لێبوردن دەردەکەن، ئەوە دەستدرێژی دەکەنە سەر یاسای دادوەری، ئەو دادوەرە دانراوە بۆ واژۆکردنی سزا بەسەر ئەو پیاوانەی شایەنی سزادانن لەسەر تاوانەکەی کردوویەتی، دادوەر بۆ ئەوە دانەنراوە تاکو بتوانێت خەونی خۆی بخاتەڕوو، کەواتە یاسا بڕیاردەدات نەك دادوەر، ئەرکی دادوەر واژۆکردنی جۆری سزایە بەپێی دەقی یاسا دانراوەکان. تایبەتمەندی لێبوردەیی یەکێکە لە سیما چاکەکانی مرۆڤ، لێبوردەیی تەنها دەبێت لە ژیانی تایبەتی مرۆڤ هەبێت، کەواتە لە توانای دادوەری فەرمیدا نییە لە تاوانبار ببورێت، کە کاردەکاتە سەر هەموو بنەمایەکی پەروەردەیی و کاریگەری لەسەر جۆری مرۆڤایەتی دەبێت.

١٤- ئەندامانی یاسایی دوای تەمەنی (٥٥) ساڵی لە دادگاکان خزمەت ناکەن، لەبەر ئەم دوو هۆکارە:

یەکەم: پیرەکان زۆر پێداگر و ڕەقن لە پەیوەست بوون بە و ئایدیایانەی کە پێشتر درکیان کردووە، کەمترین توانایان بۆ پەیڕەو کردنی سیستەمی نویٚ هەیە.

دووەم: هاوشێوەی ئەو ڕێکارانە یارمەتیمان دەدات بۆ گۆڕانکاریکردن لە چەند دەستەیەک (Staff)، لەبەر ئەوەی کەوتوونەتە ژێر هەر گوشارێك لەلایەن ئێمەوە، کەواتە هەر مرۆڤێك ئارەزوو دەکات پۆستەکەی خۆی بپارێزێت، پێویستە لەسەری دەستەبەری ملکەچبوونی کوێرانە بۆ ئێمە بکات.

بە گشتی دادوەرەکانمان لە نێوان ئەو پیاوانە هەڵدەبژێرین، تێدەگەن ئەرکیان سزادان و جێبەجێکردنی یاسایە، بە پێچەوانە ئەوانەی نقوم بوون لە خەون ئەندێشەی ئازادیخوازی، سیستەمی پەروەردە بۆ حکومەت بەڵاڕێدەبەن، وەکو چۆن دادوەرە نەتەوەییەکانی ئێستا پەیڕەوەی دادەوەری دەکەن.

هەروەها سیستەمی گۆڕینی فەرمانبەران یارمەتیمان دەدات لە تێکشکاندن و لەناوبردنی هەر جۆرە یەکگرتنێك، کە فەرمانبەرەکان دەتوانن لە نێوان خۆیان پێکیبهێنن، بۆ ئەوەی تەنها لە بەرژەوەندی حکومەت کاربکەن، کە چانس و چارەنووسیان لەسەر کارەکانیانە، لە ڕێگای فێرکردن نەوەیەکی پێگەیشتوو لە دادوەران پێدەگەن، ئەو نەوەیە ڕێگری لە هەموو کارێکی خراپ دەکەن، کە زیان بە پەیوەندی نێوان هاوڵاتیانمان لەگەڵ یەکدی بگەیەنێت.

١٥- بەڵام دادوەرانی نەتەوییەکان لە سەردەمی ئێستادا کارئاسانی لەگەڵ هەموو جۆرە تاوانبارێك دەکەن، بە شێوەیەك لە ئەرکەکانیاندا خاوەنی ئایدیایەکی راست و دروست نینە، لەبەر هۆکارێکی سادە: فەرمانڕەوایان کاتێك دادوەرەکان دادەمەزرێنن، جەختیان لەسەر ناکەن، تاکو لەو ئایدیایە تێبگەن کە لەسەریان ئەرکە و پێویستە جێبەجێی بکەن.

فەرمانڕەوای نەتەوییەکان، کاتێك یەکێك لە هاوڵاتییەکانیان بۆ پرسێکی هەستیار کاندید دەکەن، خۆیان زۆر ماندوو ناکەن، بۆ ئەوەی هەستیاری ئەو پۆستەیان بۆ روون بکەنەوە، تاکو بزانێت ئەو پۆستە بۆ چی دروستکراوە، نەتەوەییەکان وەکو ئاژەڵ کاردەکەن، کاتێك بوێرییە سادەکانیان دەبزوێت، بەهۆی حەزی ئاژەڵی و دڕندانەیان ئەوە دەکەن کە ئارەزوویان لێیەتی، بەو شێوەیە حکومەتی نەتەوەییەکان لەسەر دەستی ئەو کەسانە دەکەون و کۆتاییاندێت، کە دۆخەکان بەڕێوەدەبەن.

١٦- ئێمە یەك رێبازی ئەدەبی گەورە وەردەگرین، لە ئەنجامی ئەو سیستەمە هەڵهێنجرابێت نەتەوەییەکان بیناسن، ئەو رێبازە ئەدەبییە بەکاردەهێنین بۆ چاکسازیکردنی حکومەتەکەمان.

١٧- ئارەزووە ئازادیخوازییەکان دەکەینە بنەمای سەرەکی لە هەموو دەزگا باڵاکانی حکومەتەکەمان، بۆ بانگەشەکردنی ئەو پرس و پرۆگرامانەی پەروەردە پشتی پێدەبەستێت، بۆ پەروەردەکردنی ئەوانەی

هاولاتی ئێمەن، هاوکات پۆستە بالاکان بەبێ جیاوازی بۆ ئەو کەسانەیە کە پەروەردەییەکی تایبەتی کارگێڕمان کردوون.

تێبینی ئەگەر فەرمانبەرەکانمان پێش کاتی خانەنشینی لە لیستی خانەنشینان دەربکەین، ئەوە حکومەتەکەمان پەستانێکی زۆری بیمەی دەکەوێتە سەر، وەلامی من بۆ ئەو پرسە: پێش هەموو شتێك هەولدەدەین کاری تایبەت بۆ ئەو فەرمانبەرانەی خانەنشینیان دەکەین بدۆزینەوە، بۆ ئەوەی لەبری پۆستە حکومییەکانیان بە کاری دیکە قەرەبوویان بکەینەوە.

بە شێوەیە دەستدەگرین بەسەر هەموو سەروەتی جیهان: ((هەرگیز لە پێناوی بیمە پاشگەز نابینەوە)).

١٨- حکومەتە (ئۆتۆکراتییەکەمان) توانای هەموو کارێکی هەیە، لەبەر ئەوە هەموو بڕیارێکی وەریدەگرین فرمانی ئێستامانە، بەرانبەر شکۆ و ملکەچبوونی بێ مەرج، هەموو جۆرێکی رق و بێزاری رەتدەکەینەوە، لەسەر هەموو ئاماژەیك هێمابێت بۆ لەخۆباییبوون سزایی زۆر توندی کەسی لەخۆبایی دەدەین، تاکو بۆ کەسانی دیکە ببێتە وانەیەکی بەهێز، مافی پێداچوونەوە بە یاساکان هەڵدەوەشێنینەوە.

١٩- تەنها جەخت دەکەینە سەر بەرژەوەندییەکانمان، هۆکاری هەڵوەشاندنەوەی یاساکان هەڵەی دادوەرانە لە بڕیاردان، لەبەر ئەوە پێویستە لەسەرمان رێگەنەدەین لە نێو خەڵك ئەو بیرۆکەیە یان

تێگەیشتنە گەشەبکات و بڵاوبێتەوە، کە دادوەرەکانمان لەوانەیە لە بڕیاردان هەڵەبکەن.

ئەگەر دادوەرێك بڕیارێکی دەرکرد، پێویستبوو پێیدابچینەوە، دبێت ئەو دادوەرەی بڕیارەکەی دەرکردووە، ڕاستەوخۆ دووریبخەینەوە، هەروەها بە ئاشکرا سزای بدەین، بۆ ئەوەی لە داهاتوودا هەڵەی ئاوا دووبارە نەبێتەوە.

ئەوەی گووتم دووبارەی دەکەمەوە، یەکێك لە پرنسیپە سەرەکییەکانمان چاودێری کردنی فەرمانبەرە کارگێڕییەکانە، بە تایبەتی بۆ ئەوەی گەل لەخۆمان ڕازی بکەین، چونکە گەل ئێمە مافی تەواوی هەیە، پێداگری بکات لەسەر ئەوەی پێویستە حکومەت فەرمانبەری کارگێڕی چاك و دەستپاکی هەبێت.

٢٠- حکومەتەکەمان بە سیما و ڕوخساری متمانە پێکراوی باوکانە(Patriarchal)ی لە کەسایەتی پاشا دەردەکەوێت، گەلەکەمان و هاوڵاتیانمان لە سەرووی باوك پشتی پێدەبەستن، چونکە حکومەتەکەمان هەموو پێداویستییەکانیان دابین دەکات، بە گرنگی هەموو کارەکانیا رادەپەڕێنێت، هەروەها هەموو کاروبارەکانی ڕۆژانەی هاوڵاتییەکانی لەگەڵ یەکدی ڕێکدەخات، هەروەها کاروبارەکانی ڕۆژانەیان لەگەڵ حکومەت ڕێکدەخات، بەو پێیە هەستکردن بە کەسایەتی و جوامێری پاشا بە قوڵی لەلای گەل دەچەسپێت، بە شێوەیەك گەل هەستدەکات ناتوانێت بەبێ چاودێری و ئاراستەکردنی

پاشا بەرەوپێش بچێت، بەوپێیە گەل بەبێ پاشا ناتوانێت لە ئارامی و ئاشتیدا بژی، لە کۆتاییدا دەگەن بەو هەقیقەتەی پاشا فەرمانڕەوای (ئۆتۆکراتی) رەهایە.

ئەو هەستە قوڵەی بەرانبەر پاشا لەلای خەڵك دەچەسپێت، نزیك دەبێتەوە لە پەرستنی پاشا، بە تایبەتی کاتێك باوەڕدەکەن فەرمانبەرەکانی حکومەت، فەرمانەکانی پاشا کوێرانە جێبەجێ دەکەن، بەو واتایەی تەنها پاشا دەسەڵاتی بەسەر هەموو فەرمانبەرەکانی حکومەتدا هەیە، خەڵکی دەبینن پاشا ژیانیان(our lives) رێکدەخات، وەکو چۆن باوکان سوورن لەسەر پەروەردە کردنی منداڵەکانیان بە هەستێکی ناسك و جووان، هاوکات وەکو چۆن باوکان پەروەردەکردنی منداڵەکانیان بە ئەرك و ملکەچبوونی تەواو جێبەجێ دەکەن. لە دیدیگای سیاسەتی نهێنی ئێمەدا ((هەموو گەلێك منداڵە، هەروەها حکومەتی گەلان منداڵن)).

٢١- ئێوە دەتوانن ببینن ستەمکردن لەسەر راستی هەقیقەتە، هەروەها ستەمکردن لەسەر ئەرك دادەمەزرێنم، چونکە مافی حکومەتە پێداگری بکات لەسەر ئەوەی خەڵك ئەرکەکانیان جێبەجێ بکەن، پێداگری کردنی ئەرکە لەسەر فەرمانڕەوا، چونکە فەرمانڕەوا باوکی هاوڵاتییەکانەیەتی، مافی دەسەڵات، بە پاشا دراوە، لەبەر ئەوەی پاشا مرۆڤایەتی بەو ئاراستەیە بەرێوەدەبات کە مافی سروشتی دیاری کردووە، یان بە ئاراستەی ملکەچبوون.

هەموو بوونەوەرێك لەم جیهانەدا ملکەچی دەستەڵاتە، وەلێ دەستەڵاتی مرۆڤ دەستەڵاتی بارودۆخ نییە، یان دەستەڵاتی سروشتی تایبەتی خودی مرۆڤ نییە، ئەگەر بارودۆخەکە یان زەمینەکە هەر چۆنێك بێت، دەستەڵات پرسێکی مەزنە.

٢٢- بەڵام هێز لە دەستەڵات مەزنترە، کەواتە ئێمە دەبێت شتێك بین، گەورەترین هێزمان هەبێت، لە پێناوی کێشە گشتییەکەمان. هەروەها پێویستە بەبێ پەشیمان بوونەوە قوربانی بە نموونەی ئەو تاکانە بدەین، کە دەستدرێژی دەکەنە سەر سیستەمی فەرمانڕەواییمان، لە تۆڵەی دەستدرێژیکردنیان سزایان بدەین، چونکە چارەسەر کردنی کێشەی گەورەی پەروەردە لە سزادانی راست و نموونەییدایە.

٢٣- ئەو رۆژەی پاشای ئیسرائیل ئەو تاجە دەخاتە سەر - سەرە پیرۆزەکەی، ئەو تاجەی کۆی ئەورووپاییەکان پێیان بەخشیوە، دەبێت بە گەورە پاپا یان پەتریارکی(Patriarch)ی هەموو جیهان، ژمارەی ئەو قوربانیانەی پاشاکەمان بۆ چەسپاندنی یاساکانمان ناچارە بیانکات بە قوربانی، لە ژمارەی ئەو قوربانییانە زیاتر نییە، کە پاشایانی نەتەوەییەکان لە کێبڕکێیان لەگەڵ یەکدی کردویانن بە قوربانی گەورەبوونیان بەسەر یەکدیدا، واتە پاشای نەتەوەییەکانی ناجوو بۆ گەورەبوون و سەروەربوونیان بەسەر یەکدی خەڵکانێکی زۆر زیاتریان لە پاشاکەی ئێمە کردووە بە قوربانی.

٢٤- پاشاکەمان پەیوەندی بەهێز و تۆکمەی لەگەڵ خەڵك هەیە، لەسەر مینبەرەکان (Tribunes) وتار پێشکەش دەکات، هەموو وتارەکانی ڕاستەوخۆ و بەخێرایی بە جیهاندا بڵاودەکرێتەوە.

پرۆتۆکۆلی شازدە:

شوشتنەوەی مێشك:

:(Brainwashing)

١- ئارەزووی لەناوبردنی هەموو جۆرە پرۆژەیەکی رێکخراو، تەنها پرۆژەکانی خۆمان نەبێت، لە قۆناغی دەستپێکدا کاری رێکخراوەکان دەگۆڕین[1]، یان زانکۆکان دەگۆڕین، دووبارە بەپێی پلانی تایبەتی خۆمان بونیادیان دەنێینەوە.

هەروەها سەرۆکی زانکۆکان و مامۆستا دیاریکراوەکان، لە رێگای ئامراز و پرۆگرامی کاری نهێنی بڕواپێکراو، بەپێی مەبەستەکانمان بە تایبەتی ئامادە دەکەین و رێکیاندەخەین، هیچ مامۆستایەك بەبێ سزا ناتوانێت لە پرۆگرامەکانمان لابدات، بەوشێوەیە لە پێگەیەکی بالای چاودێریدا دەیانپالێوین، سەرۆك و مامۆستا پالێوراوە ئامادەکراوەکان بە هەموو شێوەیەك پشت بە حکومەت دەبەستن.

٢- لە پرۆگرامی کارمان(Syllabus) خوێندنی هەموو یاسایەکی شارستانی و هاوشێوەکانی هەڵدەگرین، هەروەها هەموو بابەتێکی

---

[1]- واتە لە بری ئەوەی واز لە فێرخوازان بهێنین لە پەیمانگا و زانکۆکان دەربچن و هەلگری ئایدیا و بیرۆکەیەك بن، گونجاو نەبێت لەگەڵ مەبەستەکانی ئێمە، بەلکو پرۆگرامێك دادەنێین، تاکو بەو شێوەیە پەیمانگا و زانکۆ تەواو بکەن، وەکو ئێمە مەبەستمانە یان گەرەکمانە.

سیاسی دیکە لە خوێندنی زانکۆکان هەڵدەگرین، بۆ فێربوونی ئەو زانستانە تەنها ژمارەیەکی کەم لە نێوان راهێنراوەکان هەڵدەبژێرین، لەبەر ئەوەی راهێنراوەکان بلیمەتی و کارامەییان جیاوازە، بۆیە ((رێگە بە زانکۆکان نادەین گەنجانێك لە بەهاری تەمەنی بۆ جیهان پێبگەیەنن، کە خاوەنی ئایدیا یان بیرۆکەی چاکسازی دەستوری نوێ بن، تاکو چاکسازییەکان بە"کۆمیدیا(comedies) و تراژیدیا (Tragedies) بمێننە، رێگەنادەین بە زانکۆکان، گەنجانێك پێبگەیەنن بە خودی خۆیان گرنگی بە پرسی سیاسی بدەن، لەکاتێکدا ئەو گەنجانە ناتوانن لە سیاسەت تێبگەن، ئەگەر باوکیان تێیاننەگەیەنن)).

٣- تێگەیشتن لە سیاسەت بە هەڵە، سەرچاوەی ئایدیای یۆتۆپیایە(Utopian ideas)، ئەمە وادەکات ژمارەیەك لە هاوڵاتیان خراپ و بەدڕەوشت بن، ئێوە دەتوانن بە هەڵەتێگەیشن و خراپی و بەدڕەوشتی خەڵك و هاوڵاتیان بە خودی خۆتان لە سیستەمی پەروەردەی نەتەوەییەکانی دیکەی (نا جوو) ببینن، لەبەر ئەوە پێویستە لەسەرمان هەموو ئەو پرنسیپانە بخەینە ناو سیستەمی پەروەردە، بۆ ئەوەی بتوانین بە سەرکەوتوویی بونیادی کۆمەڵایەتیان هەڵبوەشێنینەوە و لەناو ببەین، وەکو چۆن لەناومان بردووە و تێکمانشکاندوون، کاتێك دەستدەگرین بەسەر دەسەڵات، هەموو ئەو بابەتانە لە پرۆگرامی پەروەردە دوور دەخەینەوە، کە دەتوانێت ئەقڵیی گەنجان

هەڵبگێڕێتەوە(upset)، بەو پرۆگرامانە گەنجانێکی گوێڕایەڵ پێدەگەیەنین، فەرمانڕەواکانیان خۆش بوێت، لە کەسایەتی ئەو گەنجانە پاڵشتی سەرەکی بۆ ئاشتی و بەرژەوەندی گشتی دیاردەدات.

٤- ڕوودەکەینە لێکۆڵینەوەی کێشەکانی داهاتوو لەبری کێشە کلاسیکیەکان(Classics)، هەروەها گرنگی بە لێکۆڵینەوەی مێژووی کۆن دەدەین، لێکۆڵینەوە لە مێژووی کۆن زیاتر ئەزموونە خراپەکان لەخۆ دەگرێت، لەبری ئەزموونە چاکەکان، هاوکات ئەو تێگەیشتنەی ئاخنرایە یادەوەری مرۆڤی سەدەکانی ڕابردوو، کە سەردەمانێکی خراپ و نەفرەتی بوو، هیچ تەوەرێك جێناهێلین، تەنها ئەو ڕاستیانە نەبێت، کە هەڵەی حکومەتەکان بە ڕەنگێکی قێزەون و بێزراو دەخەنەڕوو.

لە پێشەکی پرۆگرامی پەروەردەییمان، بابەت گەلێك هەیە، پەیوەستە بە کێشەی ژیانی پراکتیکی و ڕێکخستنی کۆمەڵایەتی و ڕەفتاری هەموو مرۆڤێك لەگەڵ ئەوانی دیکە، هەروەها لە پێشەکی پرۆگرامی پەروەردەییمان وتار گەلێك هەیە، هێرش دەکەنە سەر نموونەکانی خۆپەرستی خراپ، کە دستدرێژی و هۆکاری شەڕانگێزی دەخەنەوە، هەروەها وتارەکانی هێرش دەکەنە سەر هەموو ئەو پرسانەی هاوشێوەی پرسە شەڕانگێزییەکانن، هاوکات پرسی زگماکین لە مرۆڤدا.

٥- ئەو پرۆگرامەی پەروەردە بە تایبەتی پەیوەستە بە چین و گروپە جیاوازەکان، فێر کردنی چین و گروپەکان بە دابڕاوی لە یەکدی

دەمێنەوە، واتە هەموو "چین و دەستە و گروپێك" بە جیاواز لە یەكدی لە ڕێگای پرۆگرامی پەروەردەیی جیاواز فێردەكرێن.

فێركردنی "چین و دەستە و گروپەكان" بە ڕێگای پرۆگرامی جیاوازی پەروەردەیی، گەورەترین مەترسییە بۆ پێداگریكردن لەسەر پێشنەكەوتنی خودی سیستەمی پەروەردەی نەتەوەییەكان، ئەو شێوازەی پەروەردەكردن بەسەر هەموو "چین و گروپەكان"دا دەسەپێنین، بە دابڕاوی و بەپێی پێگە و كاری تایبەتی خۆیان فێریان دەكەین، وەلێ بلیمەتەكانیان بەرێكەوت(chance) پێگەیشتوون، بە بەردەوامی دەزانن چۆن بۆ چینێكی بالاتر بپەڕێنەوە، لەبەر ئەو بلیمەتانەی بە ڕێكەوت یان چانس پێگەیشتوون، بە ڕەهایی نەگونجاوە چینە جیاوازەكان تێكەڵ یەكدی بكرێن، هەروەها ڕێگە نادەین ئەو بلیمەتانە بۆ پلەیەكی بالا بپەڕنەوە، نەك لەبەر ئەوەی دەتوانن پێگەیەك داگیر بكەن، كە بۆ ئەوە لەدایكبوون تاكو ئەو پێگەیە پڕبكەنەوە، بەڵكو لەبەر ئەوەی ئێوە بە خودی خۆتان دەزانن، چۆن ئەو پرسە لەسەر نەتەوەییەكانە شومە یان نەفرەتە، ئەگەر ڕوویان كردە ئایدیایەكی قوڵ و ڕەهای یەكلاكەرەوە، بەبێ ئەوەی جیاوازی لە نێوان چینە كۆمەڵایەتییەكان بكەن.

٦- بۆ ئەوەی پاشاكەمان لە دڵی هاوڵاتییان بە پێگەی جێگیری خۆی بكات، لە ماوەی فەرمانڕەواییكردنیدا ئەوەی گەل لە خوێندنگا یان شوێنە گشتییەكان فێریان بووە لە ناویان دەبات، هەروەها گرنگی

چالاکییەکانی فێربوون و سودی پرۆژەکانیان لەناودەبات و تێکدەشکێنێت.

٧- ئێمە هەموو جۆرێکی فێرکردنی تایبەت دەسڕینەوە، لە ڕۆژانی پشودا فێرخوازان و باوکان مافی ئامادەبوونیان لە کۆبوونەوەکانی کۆلێژەکاندا هەیە، ئەگەر کۆلێژەکە بە خۆرایی یان بێبەرانبەر بوو، لە کۆبوونەووەکاندا مامۆستاکان باسی چەندین پرس دەکەن، وەکو ئەوەی وتاری ئازاد پێشکەش بکەن، لەسەر پرسەکانی ڕەفتار کردنی خەڵك لەگەڵ یەکدی، هەروەها لەسەر یاسا و هەڵەتێگەیشتن، بە گشتی لە ئەنجامی بۆچوونی هەڵە و ناڕاست بۆ پێگەی کۆمەڵایەتی مرۆڤ وتار پێشکەش دەکەن.

لە کۆتاییدا چەند وانەیەك لە تیۆری فەلسەفەی نوێ پێشکەش دەکرێت، کە هێشتا لە جیهان بڵاونەکراوەتەوە، ئەو تیۆرانە دەبن بە بڕوای ئایینی، نەتەوەییەکان وەکو کۆڵەگەی بڕوا لەسەر ڕاستی بڕوا و ئاییندمان وەریدەگرن.

کاتێك ماوەی گەشتکردنتان بە نێو هەموو پرۆگرامەکانمان تەواو دەبێت، بەو گەشتە لە گفتوگۆکردنی هەموو پلانی ڕابردوو و داهاتوومان تەواو دەبین، ئەو کاتە پلانی تیۆرە فەلسەفییە نوێیەکەمان دەخەمە بەردەستتان.

٨- ئێمە لە ئەزموونی سەدە زۆرەکانی رابردووەوە دەزانین پیاوان دەژین و بە ئایدیا و بیرۆکە رێگەی راست دەگرنەبەر، هەروەها گەل ئەو ئایدیایانە لە رێگای پەروەردە وەردەگرێت، کە پیاوان لە هەموو سەردەمێك بە ئەزموون و ئەنجامی خودی خۆیان پێی گەیشتوون، بەلاّم بە ئامرازی جیاواز و پێویست، هەروەها ئێمە بە پەروەردەی سیستەماتیکی چاودێری سەربەخۆی فیکری ماوەی رابردوو دەکەین، ئەو فیکرە یان ئایدیایەی لە سەردەمانی رابردوو ماوەتەوە، بە تەواوی بەکاردەهێنین بۆ مەبەستە تایبەتەکەمان.

ئێمە لە رابردوو سیستەمێکمان دانا بۆ دەستگرتن بەسەر ئەقڵیی خەلك، بەناوی بەلگەی سیستەمی پەروەردەیی (Demonstrative education)[1]، یان سیستەمی (فێرکردنی تیۆری)، لەو سیستەمە سەپاندوومانە ئەو نەتەوەییانەی ناتوانن بە سەربەخۆیی بیربکەنەوە، ئەوە لە رێگای پەروەردەی بەلگاندن یان تیۆری وەکو ئاژەڵی رامکراو بەلگەیان لەسەر هەموو ئایدیایەك یان بیرۆکەیەك دەوێت، پێش ئەوەی لەو ئایدیایە یان بیرۆکەیە تێبگەن، یەکێك لە چاکترین نوێنەرەکانمان لە فەرەنسا بەناوی (بۆرۆی) سیستەمێکی نوێی بۆ پەروەردەی بەلگەیی یانی تیۆری دانا.

---

[1]- پەروەردەی بەلگەیی یان تیۆری: واتە فێرخوازان فێری زانستەکان دەکرێن لە رێگای بەلگەی تیۆری یان گفتوگۆی هزری، گرنگی بە لایەنی پراکتیکی نادرێت.

پرۆتۆکۆلی حەڤدە:

خراپ بەکارهێنانی دەستەڵات:

:(<u>Abuse of Authority</u>)

١- دانپێدانان و ڕەوایەتیدان بە یاساکان لەلایەن دەستەڵات، وادەکات خەڵك دڵڕەق و خوێنسارد و بێبەزەیی و پێداگرین لەسەر لەناوبردنی دەستەڵات، هەروەها خەڵك لە هەموو پرنسیپێك دادەماڵێت، بەو شێوەیە خەڵك واڵێدەکات بە شێوەیەکی نامرۆڤانە بۆ ژیان بڕوانن، لە بەرانبەردا بە شێوەیەکی یاسایی ئەبستراکت دەڕواننە کایەکانی ژیان، ئەو خەڵکانە لەسەر بینینی دیاردەی ڕووداوەکان کاردەکەن، لەو ڕووەی بتوانن بە یاسا پارێزگاری لە خۆیان بکەن، بە پێچەوانە یاساکان بۆ پارێزگاریکردن لە بەختەوەری گشتی نییە.

کاتێك یاسا دانراوەکان دەبێت بە بنەماکانی کار و کایە جیاوازەکانی ژیان، پارێزەرەکان بەرگری لە هەموو پرسێك دەکەن، واتە پارێزەرەکان هیچ پرسێك ڕەتناکەنەوە، بەڵکو ئامادەن بەرگری لە هەموو پرسێك یان کەیسێك بکەن، لە کاتی گرتنەدەستی پرسێك یان کەیسێك پارێزەر بە هەموو تواناى خۆی هەوڵدەدات لە ڕێگای پەیوەست بوون بە یاسا دانراوەکان خاڵێك فریوبدەن (Tricky)، لە ڕێگای بچووکی یاسا (Jurisprudence) یاساوەکانی بۆ دادگا دەخاتەڕوو، تاکو بەر گری لە پرسەکە یان کەیسەکە بکات.

لەسەر بنەمای ئەو تێگەیشتنە سنور و چوارچێوەی کاری ئەو پیشەیە دەبینینەوە، پارێزەرەکان یەکسان دەکەین لەگەڵ فەرمانبەرانی جێبەجێکار و پارێزەرانی هاوشێوەی خۆیان و دادوەرەکان، لەبەر ئەوەی پارێزەران مافی چاوپێکەوتنیان لەگەڵ بریکارەکانیان(clints) نییە، هەروەها مافی وەرگرتنی یاداشتیان لە بریاکارەکانیان نییە، تاکو لەلایەن دادگای یاسایی وەکو پارێزەر دیاری دەکرێن، بەو شێوەیە دوای ئەوەی دادگا لێکۆڵینەوە دەکات، پارێزەران لێکۆڵینەوە لە یاداشتی بریکارەکانیان دەکەن، بەرگریی پارێزەران لە بریکارەکان دوای ئەنجامی لێکۆڵینەوەی دادگا دەبێت، ئەو برە پارەیەی پارێزەران لە کاری پارێزەری وەریدەگرن دیاریکراوە، بە لەبەرچاو گرتنی سەرکەوتنی یان سەرنەکەوتنی لە بەرگریکردندا، بەو واتایەی پارێزەران بڕیاردەری سادەن لە بەرژەوەندی دادپەروەری کاردەکەن، هاوتان لەگەڵ ئەو دادوەرانەی لە بەرژەوەندی دادگا بڕیاردەدەن.

٢- ئێمە جیاواز لە نەتەوەییەکان رێکارە یاساییەکان بەو شێوەیە پوخت دەکەین، تاکو لەلایەن خەڵك شایەستەی گرنگپێدان بێت، لەسەر ئەو بنەمایە یان ئەو رێکارانە دەگەین بە بەرگریکردنێکی دوور لە لایەنگریکردن، هەروەها لە بەرگریکردن گرنگی بە لایەنی مادی نادەن، بەڵکو لەسەر کەسەکە پێویستە بڕوا بە پارێزەر بهێنێت یان پارێزەر بە برێك پارەی کەم رازی بکات، تاکو ببێتە بریکاری، هاوکات بەو رێکارانە دەتوانین سنورێك بۆ وەرگرتنی بەرتیل یان گەندەڵی لە دادگاکان دابنێین،

کە لەسەردەمی ئێستادا لە دادگا یاساییەکانی هەندێك دەوڵەتدا هەیە، هەموو ئەو ڕێکارانەی دەیگرینەبەر بۆ بەرزکردنەوەی پێگە و شکۆی دادگایە.

ئێمە لەبەرچاوی خەڵك گرنگی زۆر بە چاودێریکردنی پیاوانی ئایینی(clergy) نەتەوەییەکانی دیکەی (نا جوو) دەدەین، بەو شێوەیە سەرکەوتوو بووینە لە زیانگەیاندن بە پەیامی پیاوانی ئایینی نەتەوەییەکان، وەلێ پیاوانی ئایینی نەتەوەکانی دیکە ئاستەنگ و ڕێگری گەورەنە لە ڕێگەی گەیشتنمان بە مەبەستەکانمان، بەڵام لە ڕێگای چالاکییەکانی ئێمە ڕۆژ لەدوای ڕۆژ لایەنگرانیان کەمدەکاتەوە و پێگەیان لەناو خەڵك لەدەستدەدەن.

٣- لەمڕۆدا ئازادی بیروبڕوای ئایینی لە هەموو شوێنێك پەیڕەودەکرێت، ئازادی بیروبڕوای ئایینی درێژەناکێشێت، تەنها چەند ساڵێکی کەم بەردەوام دەبێت، تاکو مەسیحییەت بە تەواوی هەرەسدەهێنێت، دوای ئەوەی مەسیحیەت هەرەسدەهێنێت، پێویستە لەسەرمان بەپێی پێویست لەگەڵ ئایینەکانی دیکە ڕەفتار بکەین، بۆیە لە ئێستادا دانووستان لەسەر ڕەفتار و هەڵسوکەوتکردن لەگەڵ ئایینەکانی دیکە ناکەین.

پیاوانی ئایینی توانا مەعریفەکانیان لەسەر یەك لایەنی زۆر بچووکی ژیان کورتدەکەنەوە، کاریگەری خراپ دەکەن سەر خەڵك، بە شێوەیەك ئەو زانست و مەعریفەیەی فێری خەڵکی دەکەن، کاریگەری خراپ و دژی کردووەتە سەر نەریتی خەڵك.

٤- ((ئەو کاتەی – کاتی تێکدانی عەرشی پاپا (the papal court) دێت، بە تەواوی عەرشی پاپا تێکیدەشکێنین و لەناوی دەبەین، بەدەستێکی نادیار ئاماژە بۆ ڤاتیکان(the vatican) دەکەین، کە ئاماژەن بۆ هێرشکردن، ئەو کاتە خەڵك بە خودی خۆیان لەکاتی هەیەجانی هێرش بردن دەچنە ناو ڤاتیکان، هاوکات ئێمە وەکو پارێزەری ڤاتیکان دەردەکەوین، بۆ ئەوەی قەسابخانەی ناو ڤاتیکان رابگرین، بەو شێوەیە دەگەینە دڵی عەرشی ڤاتیکان، ئەوکاتەی دەگەینە ناو دڵی ڤاتیکان، هیچ هێزێك لەسەر زەوی ناتوانێت دەرمان بکات، تاکو بەتەواوی دەستەلاتی پاپا تێکنەشکێنین.

٥- دوای ئەوەی دەستەلاتی پاپا هەڵدەوەشێنینەوە، پاشای ئیسرائیل دەبێت بە پاپای هەقیقی جیهان، واتە دەبێت بە پاتریرکی(Patrich) کەنیسەی نێودەوڵەتی)).

٦- بەڵام هێرش ناکەینە سەر کەنیسەکان، تاکو لە رێگای کەنیسەکان گەنجان فێری بڕوای ئایینی کاتی نوێ بکەین، لە رێگای بڕوای ئایینی تایبەتی خۆمان کە لەنێو گەنجان بڵاوی دەکەینەوە و دەیچەسپێنین، رەخنە لە پاشماوەکانی بڕوای مەسیحی دەگرین، بەو شێوەیە ناکۆکی دەخەینە نێوان بڕوا نوێیە مەسیحییەکەی خۆمان بڵاومان کردووەتەوە، لەگەڵ ئەو بڕوا ئایینیە کۆنەی کە هەبووە.

٧- رۆژنامەکانمان بە کۆی گشتی دەزگا و ناوەندە ئایینیەکانی نەتەوەییەکان ناشرین و ڤیزەون دەکەن، بەو شێوەیە لە رێگای وتاری

قێزەون و بێزراو دەزگا و ناوەندە ئایینیەکان ئەوەندە ناشرین و قێزەون دەکەین، تاکو ماوەیەکی درێژ تواناکانیان پەکدەخەین، تەنها گەلی جووی دانا یان گەلە دانا کەمان رۆڵی دەبێت.

٨- ((حکومەتەکەمان هاوشێوەی خواوەند ڤیشنو(Vishnu) خواوەندی (هیندی) هەزاران دەستی هەیە، بە هەر دەستێك لە دەستەکانی دەستدەگرێت بەسەر (لەولەبێك)ی دەزگا یان بونیادە کۆمەڵایەتییەکانی دەوڵەت)).

ئێمە بەبێ یارمەتی پۆلیسی فەرمی هەمووشتێك سەبارەت بە گەبشتنی دەزگا و ناوەندە نەتەوەییەکان دەزانین، تاکو چ ئاستێك رووبەڕووی فەسادی و خراپەکاری بووینەوە، هاوکات بە روونی دەزانین ئەوەی هەیە حکومەت نییە، بەڵکو تەنها سەرسامە بە بینینی ئەو هەقیقەتانەی روودەدەن، هاوکات گروپی سێیەم لە گەل ئارەزووی پرۆگرامەکەمان دەکەن، پێویستە ئەو گروپەی گەل بە تایبەتی هەست بە بەرپرسیارێتی و پرنسیپەکانی خزمەتکردنی حکومەتی هەڵبژێردراو بکەن.

ئەو کاتە کاری جاسوسیکردنی نوێنەرەکانمان وەکو کارێکی نابەجێ یان نا جوامێرانە لێی ناڕواندرێت، بەڵکو بە پێچەوانە کاری جاسوسیکردنی نوێنەرەکانمان وەکو کارێکی شایەستە و جوامێرانە لێی دەڕواندرێت، لە رووێکی دیکە سزای توندی ئەو نوێنەرانە یان جاسوسانە دەدەین، راپۆرتی هەڵەمان بۆ دەهێنن، تاکو راپۆرت نووس و هەواڵهێنەکان پێگەی خۆیان بەخراپ بەکارنەهێنن.

٩- نوێنەرەکانمان بە یەکسانی لە چینی باڵا و چینی ئاست نزمی کۆمەڵگە هەڵدەبژێرین، هەروەها لە خەڵکانی فەرمانبەر و کارگێڕی ئازاد و ملکەچ و کتێب فرۆش و نووسەر و کرێکار و سواڵکەر و خزمەتکار و هاوشێوەکانیان هەڵدەبژێرین، هەروەها لەو هێزە پۆلیسییەی دەستەڵاتی جێبەجێکردنی سەربەخۆی نییە، هەروەها مافی سزادانی بە ئارەزووی تایبەتی خۆی نییە، کەواتە ئەرکی ئەو پۆلیسەی پێگەی گەورە و بەهێزی نییە، ئەرکی تەنها بریتییە لە کاری شاهیدیدان، هەروەها پێشکەش کردنی راپۆرت و پشکنین و گەیاندنی ئاگادارکردنەوەکان و رێکخستن و ئامادەکردنی داواکراوان لەسەر دەستی پۆلیسی بەرگری و پۆلیسی شارستانی، ئەگەر کەمتەرخەمبوون لە گەیاندنی راپۆرتەکان و ئاگادارکردنەوەکان یان سەرپێچییەکی پەیوەست بە بارودۆخی سیاسی ئەنجامدا، هاوکات کەسێك بتوانێت سەرپێچییە سیاسییەکەی بسەلمێنێت، ئەو پۆلیسە وەکو تاوانکار دادەنرێت لەسەر تاوانەکەی سزا دەدرێت، لەسەر بنەمای ئەو تێگەیشتنە یان ئەو رێگایە ئێستا پێویستە برایانمان بەو شێوەیە رەفتار بکەن، بە خودی خۆیان یاسا دابنێن و دەستەڵاتی تایبەتمەند ئاگادار بکەنەوە، لە هەموو ئەو کەسانەی بڕوای ئاینی رەتدەکەنەوە، هەروەها دەستەڵات لەو کارانە ئاگادار بکەنەوە کە پێچەوانەی یاسایە، بەو شێوەیە ئەرکی هاوڵاتیانمان لە حکومەتە جیهانییەکەمان بریتییە لە خزمەتکردنی فەرمانڕەوایان لەسەر ئەو شێوازەی لە پێشدا خستمانە روو.

١٠- ڕێکخستنێکی جەماوەر بەو شێوەیە هەموو پرس و کارێکی خراپ بە دەستەڵات دەگەیەنێت، هەروەها هەموو جۆرە جیاوازەکانی بەرتیل و گەندەڵی و خراپەکاری بە دەستەڵات دەگەیەنێت، کەواتە هەموو ئەو ئایدیا و بیرۆکانە دادەماڵین، لە ڕێگای تیۆرەکانمان مافی مرۆڤی شارستانی و ژیانی نەتەوەییەکانمان پیَ پیس و خراپ کرد.

چۆن توانیمان ئامانجەکانمان لە ڕێگای خولقاندنی ئاژاوە لە دەزگا و یەکە کارگێڕییەکانی نەتەوەییەکان بەرجەستە بکەین، تەنها بە بەکارهێنانی نموونەی هەندێك لەو ئامرازانە؟ هاوکات ئامرازی مەزنتر و مەترسیدارترمان بۆ تێکدان و بەلاڕێدابردنی دەزگاکان هەیە، ئەوە نوێنەرانمان کە پێگەیەکی بەرزیان هەیە، سەرپشك دەکەین لە ماوەی چالاکی تێکدەرانەیان کەسانی دیکە لە ناو دەزگاکان گەندەڵ و بەدرەوشت بکەن، بە واتایەکی دیکە بێئەخلاقیان بکەن، نوێنەرە چالاکەکانمان لە ڕێگای ئاوەلاکردن و گەشەپێدانی ئارەزووی تایبەتیان بۆ فەسادی و گەندەلی، وەکو ئارەزووکردن بۆ خراپ بەکارهێنانی دەستەڵات و رووکردنە بەکارهێنانی رەشوە، کەسانی دیکەی نزیکیان پیس و خراپ دەکەن.

پرۆتۆكۆلی هەژدە:

گرستگیرکردنی نەیارەکان:

(Arrest of Opponents):

١- کاتێك دەرفەتمان دەبێت یان کاتێك لەلایەن حکومەتی نەتەوەییەکان دەرفەتمان پێدەدرێت رێکاری پۆلیسی تایبەت ئەنجام بدەین یان جێبەجێی بکەین، بۆ ئەوەی تورەیی دەستەلاتی نەتەوەییەکان بەسەر خەڵکدا بسەپێنین، وەکو تورەیی ئێستای دەستەلاتی روسیا، تورەیی دەستەلات توندوتیژترینە، هاوکات مەترسیدارترین ژەهرە لەسەر شکۆی دەوڵەت، ئەو کاتەی ئاژاوە و شلەژان و پێکداپرژان لە نێوان خەڵك دەوروژێنین و بەرێوەدەبەین، یان نارەزایەتی بێکاری بە یارمەتی وتاربێژە بە تواناکانمان دەوروژێنین، ئەو وتاربێژانە شوێنکەوتە و لایەنگر بۆ نارەزایەتییەکان زیادەکەن، بەو شێوەیە پاساو و بەڵگەی پێویستمان بەدەستەوەدەدەن بۆ ئەوەی ماڵی خەڵك بپشکنین، بارودۆخی ژیانیان بخەینە ژێر کۆنتی تایبەت، لە رێگای ئەو کەسانەی کارمان بۆدەکەن لە نێو پۆلیسە نەتەوەییەکاندا.

٢- ئەگەر پیلانگێران پاڵنەری خۆشەویستیان بۆ هونەری پلانگێڕی هەبێت، لە هونەری پیلانگێڕی خۆشەویستییان بۆ سەرکێشی دەبێت، ئێمە پلانگێڕە سەرکێشەکان ناوەستێنین، تاکو دەبینین لە کارەکانیان سەرکەوتوو بوونە، تەنها لە نێوانیاندا چەند ئەندامێکی هەوالگری تایبەت

بەخۆمان دادەنێن، تاکو قسەکانیان بۆمان بگوازنەوە، پێویستە ئەو ڕاستییە بزانین دەستەڵات هەموو جارێك کە پیلانگێڕی گەلەکەی لە دژی ئاشکرا دەبێت، شکۆی خۆی لەدەست دەدات، هاوشێوەی ئاشکرابوونەکان بە گوێی خەڵك دەچرپێنن، خەڵك پەیی بەبێمتمانەیی دەستەڵات دەبەن، بەڵام لەو حاڵەتە ترسناکتر ئەوەیە، دەستەڵات دان بە هەڵەکانی خۆیدا بنێت، پێویستە ئەو ڕاستییە بزانین ئێمە شکۆی فەرمانڕەوا نەتەوەییەکانمان لەناوبردوە، لە ڕێگای ئەو ژمارە تیرۆرکردنە تاك تاکانەی نوێنەرەکانمان ئەنجامیانداوە، ئەو نوێنەرانە بەرخی مێگەلە کوێرەکەمانن، کە دەتوانین بە سوك و ئاسانی بۆ هەموو تاوانێك فریویان بدەین، تاکو تاوانەکان سروشتێکی سیاسیان هەبێت.

٣- ئێمە ڕقمان لەو فەرمانڕەوایانە دەبێتەوە، دان بە لاوازی خۆیاندادەنێن، لەبەر ئەوەی شێوەیەکی ڕاگەیەندراو وەردەگرێت، لە ڕێگای ڕێکاری پۆلیسی تایبەت بە پشکنین و سزادانی ئەوانەی سەرکێشن و دژی دەستەڵاتن، شکۆی تایبەتی دەستەڵات دەخەینە نائارامی.

بەڵام پاشاکەمان بە پاسەوانی زۆر نهێنی پارێزراوە، بەو شێوەیە ڕێگە بە هیچ مرۆڤێك نادەین، لە دژی پاشاکەمان یان فەرمانڕەواکەمان ڕابوەستێتەوە، هەڵبەتە فەرمانڕەواکەمان بە خودی خۆی ناتوانێت پیلانێك بەڕێوەببات، چونکە دەترسێت خودی خۆی لەو پیلانە تیابچێت.

٤- ئەگەر بیستمان فەرمانڕەوا یان پاشاکەمان بە بیرۆکەی پیلانگێڕی هەڵساوە، وەکو لە نێو فەرمانڕەوایانی نەتەوەییەکان باوە، ئەوە ئێمە بە

خودی خۆمان کارتی مردنی پاشاکەمان یان فەرمانڕەواکەمان واژودەکەین، چونکە ئەو جۆرە مردنە تەنها مردنی خودی پاشا نییە، بەڵکو مردنی دەوڵەتەکەیە (Dynasty).

٥- تێبینی ورد لەسەر دیاردەی فەرمانڕەوایی پاشاکەمان(پاشای جوو): دەستەڵاتی خۆی لە بەرژەوەندی گەلی جوو بەکاردەهێنێت، واتە نە بۆ بەرژەوەندی خودی خۆی و نە بۆ بەژەوەندی دەوڵەت بەکارناهێنێت.

لەبەر ئەوەی پاشا پابەندە بەو ئەدەبە یان ئەتەکێتە باڵایە، هاوڵاتیانی ڕێزی دەگرن و بەگەورەی خۆیانی دزانن و گیانی خۆیانی لە پێناودا بەخت دەکەن.

٦- دەستەڵاتی پاشا(Sovereign) بە پیرۆز دادەنێن، چونکە دەزانن بەختەوەری گەل بەستراوەتەوە بەو دەستەڵاتە، چونکە دەستەڵاتی پاشا کۆڵەگەی سیستەمی گشتییە.

دەزگای پاسەوانیکردنی پاشا یەکسانە بە دانپێدان بە لاوازیی هێزی پاشا،

٧- بەڵام فەرمانڕەوای ئێمە بەردەوام لە نێو گەلە، واتە فەرمانڕەواکەمان وادەردەکەوێت بە پیاوان و ژنان دەورەدراوە و پارێزراوە، ئەو کەسانە بە ڕێکەوت و بە بەردەوامی لە رووی دیاردەیی لە نزیکی پاشاکەمان کاردەکەن و نزیکن لێی، ئەوانە بە پۆشاك و رووخساری پاسەوانی فەرمانڕەوا دەرناکەون، بەڵکو بە پۆشاکی کارکردن و ئاسایی

دەردەکەون، ئەو پاسەوانە نهێنیانە هاوڵاتییانیان لە پاشا دوور خستووەتەوە، بە پاساوی پاراستنی سیستەم لە پێناوی سیستەم.

هەوڵی دانبەخۆداگرتن، ئەم نموونەیە هەموویان دەیزانن، ئەگەر بینیان کەسێك لە نێو ئاپۆرای خەڵك دەیەوێت نووسراوێکی هەستیار بە پاشا بدات، لە ماوەی نێو ئاپۆرای خەڵك پاڵدەنرێت و ناگات بە پاشا، ئەو کەسانەی لە ریزی یەکەمی نزیکی پاشان نووسراوەکە وەردەگرن، بە ئامادەبوونی خاوەن نووسراوەکە پێشکەشی پاشای دەکەن، بۆ ئەوەی هەموو کەسێك یان هەموو هاوڵاتییەك بزانێت نووسراوە هەستیارەکانی دەگاتە دەستی پاشا، ئەو کاتە مرۆڤەکان وامەست دەکەن کە بەخودی خۆیان هەموو کاروبارەکان بەرێوەدەبەن، بۆ ئەوەی شکۆ و پێگەی دەسەڵات بمێنێتەوە، پێویستە پێگەی دەسەڵات لە رووی متمانە بگات بە ئاستێك، خەڵکی لە نێوان خۆیاندا بڵێن: "ئەگەر پاشا دەیزانی" یان "کاتێك پاشا دەزانێت"[1].

٨- ئەو سۆفییانەی(Myticism) دەوری پاشایان داوە، تەنها بە بینینی پاسەوانی پۆلیس لە دەوری پاشا، خۆیان لە پاشا بەدوور دەگرن

---

[1]- واتە خەڵك دەڵێن: ئەگەر پاشا ئەو زیانەی کە بەسکاڵا بەرزکراوەتەوە دەیزانی ئەو رەزامەند نەدەبوو لەسەری یان سزای ئەو کەسانەی دەدا هۆکاری زیانەکەن، هەروەها هەوڵیدەدا کاریگەرییەکانی زیانەکە لابەرێت، کاتێك پاشا ئەو پرسانە دەزانێت، ئەو کارە دەکات لە دیدی کەسەکە چاکە و بەرژەوەندی ئەوی تیادایە.

یان دەکشێنەدواوە، نموونەی ئەو پاسەوانانە بۆ پاراستنی پاشا لە هیچ جۆرە تیرۆریێك(assassin) نییە، بەڵکو ئەزموونکردنی برێکی دیاریکراوە لە خراپەکانیان، بۆ ئەوەی ئاوا خۆیان پیشان بدەن لە پاسەوانان بەهێزترن، هەروەها تواناى خۆیان بەرجەستە دەکەن، لە دوای ئەوەی وەکو پاسەوانی پاشا دەناسرێن و تواناى خۆیان بەرجەستە دەکەن، چاوەڕێی ئەو ساتە دەکەن، تاکو بتوانن هەڵسن بە هێرشکردنە سەر ئەو هێزەی پۆلیس کە پاسەوانی پاشان.

ئێمە نەتەوەییەکانی دیکەی لە جوو لەسەر ئەو رێبازە ئامۆژگاری ناکەین، ئێوە دەتوانن بە خودی خۆتان ئەنجامەکان ببینن، کە دانانی پاسەوانی ئاشکرا و دیار چ ئەنجامێکی هەبووە.

٩- حکومەتەکەمان ئەو کەسانە دەستگیر دەکات، دەتوانرێت بەچاکی گومانی ئەنجامدانی تاوانی سیاسی زۆر یان کەمیان لێبکرێت، پێدانی دەرفەتی راکردن بە هاوشێوەی ئەو کەسانە پرسێکی ویستراو نییە، لەبەر ئەوەی مەترسی هەڵەکردن لە فەرمانڕەواییان لەسەرە.

ئێمە بە کردەوە سۆز بۆ ئەو جۆرە تاوانکارانە پیشان نادەین، لە هەندێك حالەت یان بارودۆخی دیاریکراودا ئەو کارانە کردەییە، بە تایبەتی کاتێك رووبەڕووی حالەت و دۆخێکی شەڵەژاو دەبینەوە، لەگەڵ تاوانی ئاسایی بە ئارامی هەڵسوکەوت دەکەین، بەڵام دەرفەت بە تاوانی سیاسی نادەین و لەگەڵیاندا ئارام و لەسەرخۆنابین و ئاسنکاریان بۆ ناکەین، واتە لەگەڵ ئەو کەسانە ئارام نابین و دەرفەتیان پێنادەین، کە رۆچوونەتە نێو

سیاسەت، تەنها پاشا ئەو سیاسەتە دەزانێت، لە مەقیقەتدا نابێت هەموو دادوەرێك توانای تێگەیشتنی سیاسەتی ڕاستییان هەبێت، بەڵکو پێویستە تەنها کەسایەتی پاشا توانای تێگەیشتنی سیاسەتی هەبێت.

